# چرنیشفسکی

## رەخنەگر و هزرڤانی گەورەی رووس

**نووسینی : حەمەکەریم عارف**
**دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد**
**دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی**
**تیراژ: ٥٠٠ دانە**
**چاپی یەکەم: چاپخانەی سەردەم ساڵی ٢٠١٦ کوردستان- سلێمانی**
**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە (١٢٣٩)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە**
**مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

## پێڕست

* - وتەیەك
* - پێشەکییەکی کورت
* - پاژی یەکەم
* - پاژی دووەم
* - پاژی سێیەم
* - ژینامەی چرنیشفسکی
* - سەرچاوەکان
* - فەرهەنگۆك
* - ژینامەی نووسەر

## وتەیەك

لە پاش مردنی بیلینسکی (١٨٤٨) بزاڤی رەخنەوانی روسی جۆرە بۆشاییەکی تێکەوت، لێ لە ناوەڕاستی دەیەی ١٨٥٠دا یەکێك لە موریدان و پەیڕەوانی ئەمەکداری وی بە نێوی نیکۆلای چرنیشفسکی (١٨٢٨-١٨٨٩)، لە مەیدانی تیۆری و رەخنەی جوانیناسیدا چەند بەرهەمێکی بلاوکردەوە. چالاکی و چەلەنگی وی لەم مەیدانەدا لە چەند ساڵێك پتری نەخایاند، چونکە زیاتر رووی کردە وارێن ئابووری و سیاسەت . لە ساڵی ١٨٦٢دا دەستگیر کراو بۆ سیبریایان دوورخستەوە. یەکێك لە موریدە گەنجەکانی وی بە نێوی دابرالیوبۆف لە ساڵی ١٨٥٧دا کەوتە رەخنە نووسی. بەلام دوای چوار ساڵێك بە نەخۆشی دەردەباریکە (سیل) کۆچی دوایی کرد. بەلام لەسەروبەندی کۆتایی چالاکی چرنیشفسکی و دابرلیوبۆفدا، دیمیتری پیسارۆف دەستی بە قۆناغی کورتخایەنی نووسەریی خۆی کرد، کە هەر لەو سەرو بەندەدا چوار ساڵێك لە قەلایەکدا زندانی بوو و،لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا خۆی کوشت. بەردەوامی و پەیوەندی نێوان هزر و هزرینی ئەمانەو بیلینسکیی مامۆستایان ئاشکرایە . هەرچەندە راستگۆیانە وایان وێنا دەکرد کە بیرو بۆچوونی دوا قۆناغی هزریی بیلینسکی پراکتیزە دەکەن، بەلام جیاوازییان لە بیلینسکی زۆرە..لە پاش مەرگی بیلینسکی بە ماوەیەکی کورت هاماج و فەزای فیکری وگۆڕانی گەورەی بەسەردا هات. بیلینسکی لە کەش و هەوای ئایدیالیزمی ئەلمانیدا چەکەرەو گەشەی کرد و رێنماییە سەرەکییەکانی ئایدیالیزمی ئەلمانی لەمەڕ هونەرو مێژوو، هەرگیز وەلا نەنابوو. چرنیشفسکی و دابرلیوبۆف و پیسارۆف بۆچوونێن رۆمانتیکی ئالمانییان دەرك نەدەکرد. چونکە جیهانبینی و نۆڕینی فەلسەفی ئەوان، رێی ئەمجۆرە کارەی نەدەدان...

## پێشەکییەکی کورت

نیکولای گاڤریلوڤیچ چرنیشفسکی (١٨٢٨- ١٨٨٩) لە دوای بیلینسکی مەزنترین رەخنەگری روسییە، جگە لەمەی رۆمان نووس بووە لە فەلسەفەو ئابوریشدا دەستی هەبووە، لە سۆنگەی هزرو بیرە شۆڕشگێڕیەکانیەوە نازناوی (رۆبسپیری روسی)یان دابوویە. ئەو پیاوە کوڕی کەشیشێك بوو ولە سەرەتاوە فێرگەی ئاینی (ساراتوف)ی بڕیو پاش ئەوە لە کۆلیجی مێژوو و زمانەوانی زانستگەی پوتروسبۆرگدا خوێندنی خۆی تەواو کرد. یەکەمین کاری ئەمە بوو کە لە ساڵی ١٨٥١ەوە تا١٨٥٣ بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەی ئامادەیی ساراتوفو پاش ئەوە بۆ پوتروسبۆرگ نەقڵ بوو، لە ساڵی دووەمی فێرگەی سوپایی دا سەرگەرمی دەرس گوتنەوە بوو.

لەم سەروبەندەدا، چرنیشفسکی هەوەڵجار لە گۆڤاری "یاداشتێن وەلات" و پاشان لە گۆڤاری "سەردەم"دا زنجیرەیەك وتاری ئابووری و مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبی بلاوکردەوەو دوای ماوەیەکی کەم لە ساڵی ١٨٥٤دا بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری سەردەمی لە ئەستۆ گرت، لەو سەروبەندەدا پیاوانی نوێخوازو پێشڕەوانی هزری روسی لەم گۆڤارەدا بەشدارییان دەکردو وێڕای ئەوەی کە دەوڵەتی تزاری زۆر بە توندی نێوەرۆك و بابەتەکانی گۆڤاری ناڤبری چاودێری و سانسۆر دەکرد، وتاری توندی تێدا بلاو دەبووەوەو هەندێ لە نووسەرانی گۆڤارەکە بانگەوازیان بۆ رێبازی سوسیالیزم دەکردو داوای ئازادی گوندییانی زەرخرِی-یان دەکرد.

لە ساڵی ١٨٤٨دا شۆڕشی فەرەنسا رووی داو تۆزێك دواتر گوندییانی روسیا پێش ریفۆرمەکانی ساڵی ١٨٦٠ را پەڕینێکیان کردو ئەم رووداوانە بە جۆرێ کاریان لە رۆحی چرنیشفسکی کرد کە لە یادداشتە نهێنییەکانی خۆیدا کە بەر دەستی مامورو کاربە دەستانی سانسۆر نەکەوتووە، نووسیویەتی: "گرفت لە شێوەی سیاسیی رواڵەتی حکومەتدا نیە، بەڵکو لە وەزعو حاڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندایە تا چینێك زوڵم لە چینێکی دی نەکات".

لە ساڵی ١٨٦٠دا یەکسەری هەموو بیروباوەڕی خۆی ئاشکرا کردو پشتیوانی بێ چەندو چوونی خۆی لە سوسیالیزم دەربڕی. ریفۆرمەکانی ئەم ساڵە گۆڕانێکی ئەوتۆی لە حاڵی گوندییاندا چێنەکردو چرنیشفسکی لە ساڵی دواتردا بەیاننامەیەکی بەبێ ناو بلاوکردەوەو ئەوەی نیشاندا کە چۆن لەم کارەدا جووتیارانیان خاپاندووە. شۆفارێك شایەتی دابوو کە چرنیشفسکی نووسەری ئەو بەیاننامەیە بووە، بۆیە رایانکێشایە دادگاو جا چونکە هیچ بەڵگەنامەیەك لە دەست دا نەبوو، کۆمەڵێك بەڵگەنامەی ساختەیان دروست کردو چەند شایەتێکی درۆینەیان داتاشیو لە ساڵی ١٨٦٤دا حوکمی حەوت ساڵ دوورخستنەوەو کاری دژواریان لە سەیبریادا بۆ بڕییەوە.

چرنیشفسکی، پاش ئەوەی قۆناغی دوور خستنەوەو مەحکومیەتەکەی تەواو کرد، ئەوجاش تا ساڵی ١٨٨٣ رێگەی گەڕانەوەیان نەداو دوای گەڕانەوە لە سیبریا تا ماوەیەك لە حاجی تەرخان و پاشان لە ساراتوف مایەوە، ولەوێش درێژەی بە پاشماوەی کارە هزرییەکانی خۆی داو لە ساڵی ١٨٨٩دا مەرگ رفاندنی.

شاکارەکانی چرنیشفسکی بریتیین لە : "بنەماکانی بەشەر ناسی لە فەلسەفەدا"، "دەربارەی سەردەمی گۆگول"، "لسینگ"، "ململانێی حزبە فەرەنسیەکان لە زەمانی لویسی هەژدەیەم و شارلی دەیەم"دا، "دەربارەی هۆکارەکانی نەمانی ئیمپراتۆریەتی روم"و "پاشایەتی ژویە" کە مەبەستی حکومەتی لویس فیلیپە لە فەرەنسا.

یەکەمین بەرهەمی رەخنەیی بەرچاوی چرنیشفسکی کتێبێکە بە ناونیشانی "پەیوەندییە ئەستاتێکییەکانی هونەرو حەقیقەت"وچرنیشفسکی لەم کتێبەدا لە هەوەڵەوە بنەماکانی هونەری باسکردووەو پاشان لەو بیروباوەڕە کۆنانە کۆڵیوەتەوە کە لەو زەمانەدا باو بووە، وهەر بە باس و لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا وازی نەهێناوە بەڵکو بنەماکانی مەتریالیزمی لەم باسانەدا بە کار بردووەو دەڵێت: "رەگ و ریشەی تێگەیشتن ودەرکی ئەستاتیکا لە واقیعی ژیاندایە" دەربارەی ئەستاتیکاش پەنای وەبەر هەمان پرەنسیپ و رێباز بردووەو دەڵێت: "ئەوەی جوانە ژیانە".

لەواری رەخنەی ئەدەبیدا، هەمان رێبازی ریالیزمی بیلینسکی گرتە بەرو درێژەی پێ داو بەرەو کەماڵی برد. چونکە سانسۆری تزاری رێگەی بلاوبوونەوەی بەرهەمە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوی نەدەدا، نامیلکەی بچووکی لە جنێف ولە ڤیڤی، لە سویسرا بڵاودەکردەوەو لەم نامیلکانەدا خوازیاری نەمانی موڵکایەتی شەخسی و لە نێوبردنی ئیمتیازاتی ئەرستۆکراتی و هەڵوەشاندنەوەی دەزگا سوپاییەکان بوو. دەربارەی رژێمی پاشایەتی باوەڕی وابوو کە دەتوانرێ بە شێوەیەکی کاتی بهێڵرێتەوە، بەڵام دەبێ کاروباران بە رێکخراوو دەزگاێن دیموکراسی بسپێردرێن. هەمان ئەم نامیلکانە بوونە مایەی دوورخستنەوەی بۆ سیبریا.

لە تاراوگەدا رۆمانێکی بە ناونیشانی "دەبێ چ بکرێ؟" نووسی. ئەم کتێبە بۆ ماوەیەکی زۆر سەرمەشقی لاوانی شۆڕشگێڕ بووە. ئەم کتێبە لەلایەنە ئەدەبیەکەیەوە زۆر بە هێز نیە، بەڵام ئەو بیروباوەڕانەی کە لەوێدا دەری بڕیوە ئەگەر لایەنی پراتیکیشی نەبێت ئەوا بەلای کەمەوە زۆر توندو بوێرانەیە. لەم کتێبەدا بیروباوەڕی سوسیالیستی و یەکسا نخوازی نووسەرانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی راڤەو شرۆڤە کردووەو جۆرە ریالیزمێکی پەنهان و پایەداری تێدایە کە لەوە بە دواوە لە نێو زانایانی روسیدا زۆر دەبینرێ، بۆیە ئەگەر چرنیشفسکی بە دامەزرێنەری حاڵەتی روحی هزرڤانانی روسیای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم نەزانین، ئەوا دەتوانین بە یەکێك لە بلاوکەرەوانی ئەم بیروباوەڕی بژمێرین.

ئەم نووسەرە بوێرە، پاش ئەوەی بیست دانە ساڵ لە سیبریا مایەوەو هەوت ساڵی خشتی بە کارێن دژوارو سەخت لە کانەکاندا بەسەربردو باقیەکەی بە گۆشەگیری و تەنیایی لە یەکێك لە دوورترین ئاواییانی نزیکی جەمسەری باکور رابوارد، کە لە ساڵی ١٨٨٣دا ئازاد بوو ئیدی هیچ شنگ و هێزێکی تیا نەما بوو. دوا هەناسەکانی ژیانی لە پاچڤەی "مێژووی جیهان"ی "وبر"ی نووسەری ئاڵمانیدا بەسەر برد.

رۆمانێکی دیکەی نووسیوە بە ناونیشانی "پێشەکی" بریتییە لە چەند رووداوێك کە بەر لە ریفورمانی ساڵی ١٨٦٠دا هاتوونەتە پێشێ. هەستی بەشەردۆستی لە چیرۆکەکانیدا دیارو خویایەو قارەمانەکانی نموونەی بەرچاووبەرجەستەی ئاشقانی ئازادی و نیشتمانپەروەری و وەفاداری و خەسڵەتێن بەرزی بەشەرین. یەکجار زۆر لە فەلسەفەی مەتریالیزمدا قوڵ بوو بووەوەو شارەزا بوو، زۆر دژی قوتا بخانەو رێبازی "هونەر لە ڕای هونەر" بوو. ئەدەبیاتی بە تەواوەتی بە هاوتای ژیان دەزانی و باوەڕی وابوو کە نووسەر

دەبێ مامۆستاو فێرکارو ڕێنوێنی کۆمەڵگە بێ، پێی وابوو کتێب گاڤێ سوودمەندە کە کتێبی وانەی ژیان بێ. بە شێوەیەکی گشتی چرنیشفسکی لەساڵی ١٨٥٠ بە دواوە، نەك هەر تەنیا ڕێنوێنی هزریی ژینگەی خۆی بووە، بەڵکو گەلێك لەو هزرڤانە روسیانەی کە لە قۆناغانی دواتردا هاتوونە دنیاو بەرهەمێکیان لە پاش بە جێماوە، پەروەردەی هزرو هەستی ئەو بوونە...

## پاژی یەکەم

چرنیشفسکی یەکێکە لە ناوە هەرە پرشنگدارەکانی پە نجا و شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەمی روسیا و کەسێتییەکی فرە بەهرەو پڕ توانا بوو. لە بوارە جیاوازەکانی رەخنەی ئەدەبی، تیۆری جوانیناسی واقیعی، چیرۆکڤانی و رۆماننووسی، فەلسەفە و هزر، شۆڕش و شۆڕشگێڕیدا چالاکی یەجگار دیارو بەرچاوی هەبووەو شۆرەت و نێوبانگی جیهانی دەرکردووە.

چرنیشفسکی لە ١٨٢٨/٧/١٢دا لە ساراتۆف لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە دایك بووە. بابی قەشە بووە ، بەلاّم لە زۆربەی پیاوانی ئاینی ئەرسەدۆکس جیاواز بووە، پیاوێکی منەوەرو کراوە بووەو لە مەیدانی ئاین و لاهوتدا زیاتر بەلای رێبازی لیبرالیزمدا دایکێشاوە. کتێبخانەکەی پڕبووە لە سەرچاوەو کتێبانی نا ئاینی. ئیدی چرنیشفسکی، لەو کەش و هەوایەدا و هەر لە منداڵییەوە
ئاشنای بەرهەمەکانی پوشکین، جۆکۆفسکی و گۆگۆل و کارە رەخنەییەکانی رەخنەگری دیموکرات-شۆڕشگێڕی روسیا، بیلینیسکی وناوازەترین بەرهەمێن ئەدەبی جیهانی بووە. ئیدی هەر لە منداڵییەوە خووی بە خوێندنەوەوە گرتووەو زۆر کتێبانی لە بوارێن مێژوو و، جوگرافیا و زانستەکانی دیدا خوێندووەتەوە.

چرنیشفسکی بە تەبیعەت حەز و وازی لە زمان بوو. لەو بوارەدا بەهرەمەندێکی دەگمەن بوو، بۆیە هەر لە گە نجیڕا زمانانی لاتینی، یۆنانی، فەرەنسی، ئەڵمانی ،و ئینگلزی فێر بووە، هەر وەهاشارەزایی لە زمانانی تەتەری، پۆلۆنی، و عەرەبی و فارسیش بووە. ئیدی خۆی گوتەنی لە گە نجییەوە بووبوو بە بیبلیۆگرافیایەکی گەڕۆکی کتێبان. بەلاّم خوێندنەوەو سەرکردنە کتێبان گۆشەگیرو تەریکی نەکردبوو. کەسێکی گەشبین و ژیاندۆست بوو. خۆشەویستی ناو کۆڕو کۆمەڵ بوو. هاوڕێ و دۆستی منداڵی مسکێنانی بندەست و کۆیلەی فیودالاّن بوو. بەوجۆرە هەر لە منداڵییەوە تێکەلاّوی ژیانی پڕ ئازارو چەوسانەوەی مسکێنانی فیودالاّن بوو و لە نزیکەوە ئاشنای دەرد و ئازارەکانیان بوو. خۆی گوتەنی هەر لە منداڵێڕا ژیانی تێکەڵ بە ژیانی گەلەکەی بوو. لە ڤۆڵگادا وەختێکی زۆری بە گوێگرتن لە سەربهوورد و بەسەرهاتی جووتیار و مسکێنانی هەلاّتوو لە زوڵم و زۆری موڵکدارانی ستەمکار بەسەر دەبرد. گوێی لە ستران و لاوژەی میللی دەگرت، گوێی لە ئەفسانە و نەقڵ و نەزیلەی جووتیاران دەگرت. هاوسۆزی دەگەڵ جووتیاران دەکرد و لە کێشەو گرفتەکانیان دەگەیی.

هەڵبەتە کەسوکاری چرنیشفسکی دەیانویست لەسەر خوێندنی ئاینی بەردەوام بێت، بەلاّم بە خۆی حەزی لەوە نەبوو و پتر دڵبەندی کارو بەرهەمەکانی بیلینسکی و گیرتسن و بەرهەمە فەلسەفی و مێژوویی و ئەدەبییەکان بوو. بۆیە لە ساڵی ١٨٤٦دا، بێئەوەی ڤۆناغی بالاّی خوێندنی ئاینی تەواوبکات، رووی کردە پترسبۆرگی پایتەخت تا بچێتە زانکۆ و خوێندنی زانکۆیی تەواو بکات.. پاش ئەوەی سەرکەوتووانە لە تاقیکرنەوە بەراییەکان دەرچوو، لە زانکۆ وەرگیرا، بەلاّم هەر زوو ئەو خەیاڵ پلاّوەی کەڕووی هەڵێنا کە وای تەسەور و وێنا دەکرد کە زانکۆ مینبەرر و میحرابی زانستە. زانکۆ بەشێك بوو لە سیستەمێکی رۆشنبیریی تزاریانەی کۆنە پەرست، ئیش و کاری ئەوە بوو نەیەڵێت پەتای هزرو فیکری شۆڕشگێڕانەی ئەوروپایی کە لە نێو چین و توێژە کۆمەلاّیەتییە زەحمەتکێشەکاندا بلاّو بووبووەوە، گە نجانی زانکۆش بگرێتەوە.

چرنیشفسکی هەرچەندە کەسێکی بەهرەدار و زانست دۆست بوو، بەڵام زۆر لە خەمی خۆ رۆشنبیرکردندا بوو. ماوەیەك ئاشقو دڵبەندی فەلسەفەی ئایدیالی هیگل بوو. بەلاَ زۆر زوو پەی بە لایەنە لاوازەکانی فەلسەفەی ناڤبری برد و لێی تەکییەوەو رووی کردە فەلسەفەی مەتریالیستی فیورباخ. کتێبەکەی فیورباخ ( جەوهەری ئەسرانییەت ) کارێکی یەجگار گەورەی کردە سەر چرنیشفسکی.

چرنیشفسکی لە ساڵی ١٨٥٠دا خوێندنی زانکۆیی تەواوکرد و بۆ ساراتۆف گەڕایەوەو بوو بە مامۆستای ئامادەیی. مامۆستایەکی سەرکەوتوو بوو. لە دەرسوتنەوەدا زۆر کراوەو دیمکرات بوو، قوتابییان بە دڵو گیان خۆشیان دەویست و متمانەیان پێی هەبوو، ئەو رێبازە فێرکارییەی ئەو گرتبوویە بەر، رێك پێچەوانەی میتۆدی فێرکاری کۆنە پەرستانەی تزاری بوو کە زۆر دەگەڵ قوتابییاندا توند و سەختگیر بوو، چ قورەت بوو قوتابییەك بچووکترین سەرپێچی لێ سادربێت، بە گوێرەی سەرپێچییەکەی سزا دەدرا، ئیدی لە لێدانی تووند و فەسڵکردنەوە بیگرە تا دەگەییشتە رادەستکردنی بە پۆلیس و حەپسکردن، بە تایبەتی کە ئەگەر سەرپێچییەکە بۆنی خەبتینی سیاسی و فیکری ئازاد یخوازیی لێهاتبا.

قوتابییەکان یەکسەر هەستیان بەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان میتۆدی فێرکاریی پۆلیسیانەی تزاری و میتۆدی دیمۆکراتیانەی مامۆستا تازەکەیان کردبوو کە بە بەردەوامی باسی چیرۆکی خەبات و داهێنانی نووسەرانی قاچاغی وەکو گۆگۆل و بیلینسکی بۆ دەکردن و، سیستەمی قەنانەو کۆیلانی زەوی ریسوا دەکرد. هەڵبەتە بە خۆیشی هەستی بە ترسناکی کارو هەڵوێستەکانی خۆی دەکرد، ئەوەتا لە نامەیکیدا بۆ ( ئۆلگاسوکراتۆفنا فاسیلیفا ) ی دەزگیرانی کە کیژی یەکێك لە دکتۆرە دیارو بە ناوبانگەکانی ساراتۆف بوو، دەڵێت: " من لێرەدا، ئەو کارو شتانە دەکەم کە بۆنی حەپس وبێگارییان لێدێت. لە پۆلا قسەی شۆرشگێرانە دەکەم، نازانم تا چەندی دی ئەمەم بۆ دەچێتە سەر، چونکە ئەوەی من دەیکەم و دەیلێم، بە تایبەتی لەم سەردەمە تاریکەدا، بیانووی ئەوەیان دەداتە دەست کە رۆژێ بیانەوێ بمگرن، بتوانن بمگرن! ئیدی هەنگێ نەجات بوونم زۆر ئەستەمە."بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ص ١٧٦/ دراسات ادبیە / الدکتور جلیل کمال الدین/ بغداد ١٩٨٥/ الموسسە العربیە للدراسات والنشر/ المکتبە العالمیە/ العراق. بغداد/ شارع السعدون.

چرنیشفسکی دڵنیا بوو کە شۆرشی جووتیاری بەرێوەیەو بەو زووانە بەرپا دەبێت. بۆیە بە گوێرەی توانای خۆی و، بە پێی شێوازی تایبەتی خۆی، بە تایبەتی لە رووی ئامادەسازی هزریی و دەروونییەوە، بەشداری تێدا دەکرد و زەمینەی بۆ خۆش دەکرد. چرنیشفسکی لە ساڵی ١٨٥٣دا چوو بۆ پترسبۆرگ، ماوەیەکی کەم لە قوتابخانەیەکی سوپاییدا بە مامۆستایەتی کاری کرد، هەر لەو سەروبەندەدا کاری لە گۆڤاری ( یاداشتی نیشتمان )دا دەکرد. ئەم گۆڤارە پتر مینبەر و بڵندگۆی رەخنەگرە دیموکرات- شۆرشگێرەکانی روس بوو، کە بیلینسکی ماوەیەکی باش کاری تیاکرد.

لە ساڵی ١٨٥٣دا، لە کاری ماستەرنامەکەی بووەوە کە بە ناونیشانی " پەیوەندییە ئەستاتیکییەکانی هونەر بە واقیعەوە" بوو. هەڵبەتە سەرۆکایەتی کۆنە پەرستی زانکۆ و دەسەلاتی تزاری هەوڵێکی زۆریان دا کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم موناقەشەی تێزی ناڤبری، لێ جەماوەری گەل، بە تایبەتی لاوانی شۆرشگێر زۆر بە تاسەوە بوون، ئامادەی کۆری موناقەشەی نامەکە بن، چونکە بەڵگەنامەیەکی بەرنامەداری فەلسەفەی زانستی سەردەمی خۆی بوو. ئەنجام لە ١٨٥٥/٥/١٠دا موناقەشەی نامەکە کرا،

سەرۆکی زانکۆ کە ئەو کاتە ب. ئا. بلیتینۆف بوو ، بـە خـۆی سـەرۆکایەتی لیژنـەی موناقەشـەکەی دەکـرد. هـۆڵی موناقشـەکە لـە خەڵکیـدا جمـەی دەهـات، تەنانـەت هەنـدێ کـەس لەسـەر قـەراخی پە نجـەرەکان دانیشتبوون. چرنیشفسکی زۆر خاکیانە و بەوپـەڕی متمانـەوە داکـۆکی لـە بـیرو بۆچـوونەکانی خـۆی کـرد. بلیتینۆف، لە پاش موناقەشەکە بە تەوسەوە بە چرنیشفسکی گوت: " هەست ناکەم من لـە محازەرەکا نمـدا هیچ شتێکم لەمانە گوتبێت". دیارە زۆربەی ئەوانەی لە کۆڕی موناقەشەکەدا ئامادە بووبوون، پێیان وابـوو تێزەکە شتێکی تـازەو نـا ئـاساییە، بۆ نموونە ن.شیلگونوفی دۆستی چرنیشفسکی کـە پاشـان لـە تـاراوگـەی سیبیریاشدا یەك دەگرنەوەو دەبـن بەهاوتـاراوگـە دەڵێت : " ...هـەموو شـتێکی نامەکـە تـازە بـوو، مایـەی سەرنج بوو: بیری تـازە، موناقەشەی گەرم و گوڕ، روونـی و ڕەوانـی بابـەت. بـەلآم تـەنیا ئامـادەبووان بـەو چـاوە سـەیری تێزەکـەیان دەکـرد. بلیتینـۆف، دوای ئـەو سـەرنج و کۆمێنتـە، تەنانـەت دەستخۆشـی و پیرۆزباییشی لێنەکرد و، هەر زوو نامەکە خرایە سە ڕەفان و تەواو."

هەرچەندە رۆژنامەوانی تزاریستی وەخت، بە ئانقەست خۆی لە باسی نامەکە بـوارد، بـەلآم نـە بـەری رۆژ بـە بێـژنگ دەگیرێـت و نـە بێـدەنگی هـەتا سـەر بـەردەوام دەبێـت، بۆیـە گۆڤـارو بلآڤۆکـە کۆنـە پارێز و کۆنە پەرستەکان لە ناکاو کەوتنە هێرش بۆ سەرنامەکەو خاوەنی نامەکە و بـەوە تـاوانبـار دەکـرا کـە هـیچ شتێکی تازەی تیا نییەو لە کۆمەڵێك ئە نجامگیری گەوجانەی بێ مانا و نەزۆك پتر نییە. بەلآم لە هەنبـەر ئەمەدا، لە لایەن جەماوەری خەڵکی و رۆشنبیران و نووسەرانی دیموکراتەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکـرا. بۆ نموونە دۆبرۆلیوبۆف لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: " ماستەرنامەکەی چرنیشفسکیم زۆر بـە دڵـە و کارێکی یەجگار جوانە."

ئیدی چرنیشفسکی لە پە نجایەکانی سەدەی نۆزدەیەمـدا چ لـە واری زانسـتیدا و چ لـە واری رۆژنامـەوانی ئەدەبی و رۆشنبیریدا ئەستێرەی کەوتە بەرزی و کەوتە هاوکاری لەگەڵ گۆڤـاری ( هاوچەرخ )دا کـە شـاعیری روسیی دیموکرا تخوازی بە نێوبانگی روسی، نیکراسـۆف دەری دەکـرد و، زۆری پێنەچـوو بـوو بـە نووسـەر لـە گۆڤـاری نـاڤبری و نیکراسـۆف سەرپەرشـتی هـەردوو بەشـی رامیـاری و رەخنـە و رەخنـەوانی بـەو سـپارد. گۆڤارەکە بـە هـۆی نیکراسـۆف و چرنیشفسـکی و دۆبرۆلیوبۆفـەوە بـوو بـە مینبـەری بلآوکردنـەوەی هـزرێن دیموکراسی شۆڕشگێڕانە...ئیدی چرنیشفسکی وەکو رەخنەگر و نووسەر هەموو توانایەکی خـۆی بـۆ گۆڤـاری نـاڤبری تـەرخانکرد و باشـترین بەرهـەمی خـۆی لـەو گۆڤـارەدا بلآوکـردەوە لەوانـە : ( دەربـارەی قۆنـاغی گۆگۆلیزم لە ئەدەبی روسیدا، لیسینگ و سـەردەمی وی ) لـە گـەڵ کۆمـەڵێك بـاس و لێکۆڵینـەوەی رەخنـەیی دەربارەی پوشکین، تۆلستۆی، شچـدرین و ئۆستڕۆفسـکی و کەسـانی دی.. ) هـەروەها کۆمـەڵێك لێکۆڵینـەوەی فەلسەفی و مێژوویی زۆر سەرنجڕاکێش و بە پێزی بلآوکردەوە، کە مایە پووچی ئـابووری سیاسـی بـورژوازی دەسەلمێنێت.

چرنیشفسکی هەمیشە لەبەرەی گەلدا بووە، داکۆکی لە بەرژەوەندی گەل کردووەو هێزە شۆڕشگێڕەکانی بـۆ یەکێتیی و خەبتینی هاوبەش دژی حوکمی ڕەهای تزاری هانداوە. لە هەموو بوارە ئەدەبی و هـزری و سیاسـی و ئابوورییەکاندا ڕیا و ڕیابازی و ریاکاری و بێهوودەیی و مایە پووچی هزرو هزرینی ئەو لیبرالآنەی لـە قـاو داوە کە کاریان بۆ چەسپاندنی کۆڵەکەکانی سیستەمی نارەواو پڕستەمی قەنانەو کۆلەداری دەکرد.

چرنیشفسکی یەکێك بووە لەوانەی بە هەموو هێز  توانای خۆیەوە پشتیوانی لە شۆڕشی جووتیـاری دەکـرد و کاری ئەدەبی و ڕەخنەیی و ڕۆژنامەوانی خۆی بە خەبـاتی شۆڕشگێڕانەی نهێنییەوە گرێ دابوو و بە سـەمتی گوێزانەوە بەرەو سۆسیـالیزمی تۆبـاوی ئـاراستەی دەکرد.

لە سەرەتـاکانی ساڵی ١٨٦٢دا  پەشێوی بـارودۆخی روسیا گەییە لوتکە، ڕا پەڕین و سەرهەڵدانی جووتیـاریی لە سەرانسەری روسیادا بڵاو بـووەوە. سـەرهەڵدانی شۆڕشـگێڕی لـە زانکـۆ و زانسـتگەکاندا دەسـتی پێکـرد، سەدان خوێنکـار دەسـتگیرکران و لـە ڕەشچـاڵان توندکران، لـە زنـدانـان پەسـتران، مامۆسـتایانی پێشـەنگی بەشـە زانسـتییەکان دەرکـران، حکومـەتی تـزاری ڕاسـتەوخۆ کەوتـە سـەرکوتکردنی خـەڵکانی شۆڕشـگێڕ. دەسەڵات لە حوزەیرانی/ ١٨٦٢دا بۆ ماوەی هەشت هـەیڤان هـەردوو گۆڤـاری ( هاوچـەرخ و پـەیڤی روسـی ) داخست. زۆری پێنەچوو چرنیشفسکی لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی ئازادا دەسـتگیر کـراو لە قەڵاو گرتووخانەی پترۆپافلسکایادا خرایە سالۆل و زندانی ئینفرادییەوە. ئیدی ڕەخنـەگر و هزرڤـانی پێشرەو، چرنیشفسـکی( ٦٧٨ ) ڕۆژ بـە بـێ هـیچ تـاوان و تۆمـەتێکی دیـاریکراو لـە گرتووخانـە و قـەڵای ناڤبری بردەسەر. دیارە لە زندانیشدا کەسێکی بـە هەڵوێسـت و خـۆراگر بـووەو نـەك هـەر وەرەی بەرنـەداوە، بگـرە  لەسـەر خـەبات و داوا ڕەواکـەی خـۆی سـوورتر و مکـوڕتر بـووەو دەسبەرداری کـار و چـالاکی هـزری و ڕۆشـنبیریی خـۆی نـەبووە. چـەندین بەرهـەمی نـاوازەی پـاچڤە کـردووە، زۆر بەرهـەمی ئـەدەبی و هونـەری نووسیوە کە دیارترینیان ڕۆمانی ( دەبێ چ بکرێت؟ ) بوو. ئیدی چرنیشفسکی بـۆ مـاوەی دە ڕۆژان مـانی لـە نـا نخواردن گرت و بەمەش یەکەمین بەردی بنـاغەی ئـەو جـۆرە مانگرتنـەی لـە سەرانسـەری مێـژووی بزاڤـی شۆڕشگێڕیی روسیا دانا. بۆیە ئەمەی کرد تـا ڕێگەی دیداری ژنەکەی بـدەن کـە بـە درێـژایی حـەوت مـانگ و نیوی ڕەبەق ڕێگەی دیداری ماڵبات و کەسوکارەکەیان نەداو  دوای مانگرتنەکـە ئەوسـا ڕێگـەی دیـداریان دا. بەڵام دەسەڵاتی تزاری وەکو هەر دەسەڵاتێکی دکتـاتۆری کۆنە پەرست، کەوتە بوختـان هەڵبەسـتن بـۆی و بـە پارە چەندین شایەد و گەواهیدەری درۆزن و بێویژدانی لێگرت،هەر بۆ ئەوەی ئەو بوختـانانەی لەسەر بکـات بە ماڵ و حوکمی بدات. هەرچەندە هەموو تۆمەتەکانی بە درۆخستەوە، بەڵام لەسەر داوای خودی تزار و بـە ڕەزامەندی ئە نجوومەنی پیرانی ئەڵقە لـە گـوێ و ملکـەچ و گوێڕایـەڵی تـزار، بریـار درا چرنیشفسـکی لـە هەموو مافە مەدەنییەکانی مەحرووم بکرێت،بە چواردە ساڵ حە پس و بێگـاریی بـۆ سـیبریا دوور بخرێتـەوەو پاشان ناچار بکرێت لە سیبریادا ئاکنجی ببێت.

بەهـەرحاڵ پاشـان بـە زەبـری گوشـاری جـەماوەری خـەڵکی شۆڕشـگێڕ، بـە تـایبـەتی لاوانـی شۆڕشـگێڕ حوکمەکەیان بۆ کرد بە نیوە، واتە حەوت ساڵ حە پس و بێگاریی ( ئەعمال شاقە ). بەڵام دەسەڵاتی تـزاری سوور بوو لەسەر ئەوەی نەیەڵێت ئەم ڕەخنەگر و هزرڤـانە شۆڕشگێڕە بۆ ساتێکیش ئاسوودە بێت. دەسـەڵاتی تزاری دەترسا چرنیشفسکی هەڵێت و بۆ هەندەران بڕوات. وێـڕای هـەموو ئەمـەش چرنیشفسـکی هـەر کـۆڵی نەدا و چەندین بەرهەمی هونەریی و لێکۆڵینەوەو وتـارانی لە تـاراوگەدا نووسـی.هەرچـەندە سـوور دەیزانـی کە دەسەڵاتی ستەمکار ڕێگەی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکـانی نـادات. ئـەم ڕەخنـەگرە- هزرڤـانە مەزنـە بـەبێ کاری نووسین هەڵی نەدەکرد و لەزگ بوو شێت و دین ببێت.. بلیخـانۆفی گـەورە هزرڤـانی ڕوس شـایەتیەکی جوان دەربـارەی چرنیشقسکی و کـارە فلیڤانییـەکانی دەدات و دەڵێت : " هـیچ شـتێك لـە مێـژووی ئـەدەبی ئێمەدا ، لە قـەدەرو چارەنووسـی ن. گ. چرنیشفسـکی، تـراجیـدی تـر نییـە، وێنـاو تەسـەور ناکرێت ئـەم

پرۆمیسۆسە ئەدەبییە، لە سایەی زوڵم و زۆر و هۆڤیگەری پۆلیسیانەی تزاریدا بەو پەڕی ڕەندی و مەردی، بەو پەڕی خۆراگری و سەربەرزی مرۆڤانی، چ ئەشکە نجە و عەزابێکی تەحەموول کردووە."

هەڵبەتە شۆڕشگێڕانی روس چەند هەوڵێکی زۆر جددیان بۆ ڕفاندن و رزگارکردنی چرنیشفسکی دا، لێ مخابن سەری نەگرت. هەڵبەتە حکومەتی تزاری بە خۆیشی، بەو مەبەستەی تەنازولی پێبکات و لە بەرچاوی خۆی و خەڵکی بخات، چەند جارێك خەڵك و نوێنەری خۆی لێڕاسپارد ، کە پاڕانەوەنامەیەك بۆ تزار بنووسێت تا بیبەخشێت و ئازادی بکات. یەکێك لەو کەسانەی کە لە لایەن حکومەتەوە، لە ساڵی ١٨٧٤وە بۆ ئەم کارە راسپێردرابوو یاوەری فەرماندارى سوپایی گشتی سیبریای رۆژهەڵات ( فینیکۆف ) بوو کە بە خۆی لەمبارەیەوە دەڵێت:

" یەکسەر دەست بەکار بووم ! " نیکۆلای گافریلۆفیتش، من لە لایەن فەرمانداری سوپاییەوە، بە تایبەتی تەخویل کراوم کە بێم بۆ قەڵای فیلیوسك، تا تۆ بدینم. باشتر وا نییە بە خۆت ئەم تەخویل نامەیە بخوێنیتەوەو بە هەر شێوەیەك بووە وەڵامم بدەیتەوە؟ کاغەزەکەم دایە، بە بێدەنگی لێی وەرگرتم، بە وردی و وریایی خوێندییەوە، نزیکەی دەقیقەیەك یان تۆزێ پتر بە دەستەوەی گرت، ئەوجا دایەوە دەستم، هەستایە سەر پێیان و گوتی : " سوپاستان دەکەم.بەڵام لاتان وانییە...باشە بۆچی داوای بوردن و بەخشین بکەم؟ ئەوە جەوهەری مەسەلەکەیە. من پێموایە بۆیە نەفی کراوم چونکە سەری من و سەری ( شوفالۆف )ی سەرۆکی جەندرمە بە دوو شێوەی جیاواز دروستکراون! باشە ئەمە خەتای منی تیایە، یانی ئەمە ئەوە دەخوازێت من داوای بەخشین بکەم؟ زۆر سوپاس ئەزیەتتان کێشاوە. بەڵام من هەرگیز پارانەوەنامە نانووسم. " پیاو هەق بلێ من هۆپیکم لە خۆما. نزیکەی سێ دەقیقەیەك وەکو گێژو حۆلێکی راستەقینە بە حە پەساوی وەستام.." ئاوها، یانی نیکۆلا گافر یلۆفیتش ڕەفزی دەکەن؟ "- " بێگومان ڕەفزی دەکەم! " ئەوسا بە ئارامی نیگایەکی کردم. "

پاش ئەوەی ئەلکساندەری دووەمی تزاری روسیا تیرۆر کرا، ئیدی دەسەڵاتی کۆنە پەرستی تزاری هێندەی دی شێتگیر بوو و تا ساڵی ١٨٨٣ ڕێگەی چرنیشفسکی نەدرا لە یاقوتیاوە بۆ ئەستراخان ( تاراوگە تازەکەی ) بگوازرێتەوە. دەسەڵات بە خەیاڵی خاوی خۆی وای دانابوو کە بیست و یەك دانە ساڵ حە پس و بێگاری، دەبێ هۆش و گۆش و هەست و تەندروستی و نەترەی چرنیشفسکی، بە جاری دابڕوخێنێت!..هەڵبەتە لە ئەستراخانیشدا تەقریبەن هەمان گوشار و سانسۆر و چاودێری توندی پۆلیسی بەسەرەوە بوو، ژنەکەی لە نامەیەکیدا بۆ منداڵەکانیان دەڵێت : " ئێمە.. لێرە.. مردووی زندووین." بەڵام وێڕای هەموو ئەوەش چرنیشفسکی هەر کۆڵی نەداو، سەرباری ئەوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەم و نووسینەکانی لێقەدەغەکرابوو، بە هەمان تین و تاو و چەلەنگی و چالاکی ئەقڵی و هزریی جارانەوە، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ هەر خەریکی کاری نووسین بوو..یادگەیەکی( زاکیرە ) ئەوەندە ساغڵەم و بێ عەیبی هەبوو تەنانەت هەموو ئەو چیرۆك و رۆمان و وتارانەشی لە بیر مابوون کە لە زندانی فیلیوسکدا نووسیبوونی و فەوتاندبوونی. جا بۆ ئەوەی لە برسا نەمرێت و لە پێناوی دابینکردنی بژێوی ژیان ناچار بوو دەست بداتە پاچڤەی ئەو مێژووە چەند بەرگییەی کە ( فیبر )ی زانای ئەڵمانی دانابوو.

ئەم ژیانە سەخت و دژوارە، پتر لە شەش دانە ساڵی خایاند. ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٨٩دا ڕێگە بە چرنیشفسکی درا کە بگەڕێتەوە بۆ ساراتۆفی زێد و زاگەی خۆی. سەرباری ئەوەی نەخۆشی و ماندوویەتی

تەواو کەسیرەی کردبوو، هەر بە هیوای بەرهەمێن تازەوە دەژیا و بە ئاستەمیش وەرەی بەرنەدابوو. بەلاّم ئەنجام، سالاّنی دوورو درێژی نەفی و بێگاریی، کاری خۆی کرد و لە ١٧/ت ١٨٨٩/١دا کۆچی دوایی کرد. هەڵبەتە مردنی پاڵەوانانەی چرنیشفسکی، کارێکی زۆری لە جەماوەری خەڵکی کرد و لە زۆربەی شارەکانی روسیادا، خۆپیشاندانی گەورە بەو بۆنەیەوە بەرپاکرا و خەڵکەکە لە رێگەی خۆپیشاندانەوە، وەفاو خۆشەویستی خۆیان بۆ رەخنەگر و زانای مەزن و نیشتمانپەروەری ولاّتەکەی خۆیان نیشان دا..

***

سەرەتای کاری رەخنەوانی چرنیشفسکی لە واری ئەدەبدا دەگەرێتەوە بۆ سالّی ١٨٥٤، بە هۆی ئەو وتار و رانان و پێداچوونەوە رەخنەیی و رەخنانەی کە لە گۆڤاری ( هاوچەرخ )دا بلاّوی دەکردنەوە، بووە مایەی سەرنجی نووسەران و لە نێو رەخنەگراندا دەرکەوت. دیارە چرنیشفسکی یەکێکە لەو رەخنەگرانەی کە زۆر دڵبەندی رەخنەگری مەزن بیلینسکی بوو. خۆی بە قوتابی و موریدی ئەو دەزانی و بە تەواوکەری رێبازو بۆچوونە رەخنەییەکانی ئەو دادەنرێت، قەناعەتی بە هونەری پێشرەوی بارگاوی بە نێوەرۆکی فیکریی بەرز هەبوو، پێی وابوو هونەر دەبێت لە خزمەتی گەلدا بێت و پشتیوانی لە خەباتی گەل دژی حوکمی دکتاتۆری و سیستەمی قەنانەو کۆیلەداری فیودالیزم بێت. بەلاّم ئەمە بەو مانایە نەبوو کە ئاستی هونەر دابەزێت بۆ ئاستی دروشمبازی. چونکە وێرای هەڵوێستی شۆرشگێرانە باوەری تەواوی بە پێوەرە ئەستاتیکی و پرەنسیپە بەرزەکانی هونەر هەبوو. رۆشنبیرییەکی تەواوی دەربارەی تەبیعەتی هونەر و شارەزاییەکی قووڵی لە یاساو رێساکانی هونەردا هەبوو. لە سالّی ١٨٥٤دا نۆبەرەی کارە رەخنەییەکانی بە وتارێکی پێشەنگ لە ژێر سەرناڤی ( دڵسۆزی و راستگۆیی لە رەخنەدا ) دەست پێکرد. چرنیشفسکی لەو وتارەدا راوبۆچوونی خۆی لەمەر ئەرکەکانی رەخنە روونکردووەتەوەو بلاّوکردنەوەی هزرێن کۆمەلاّیەتی پێشرەو لە ناوەندی خوێنەراندا بە ئەرکی رەخنە دەزانێت.

چرنیشفسکی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمێن هونەری و ئەدەبیدا زیاتر جەختی لەسەر بیرۆکە و ناوەرۆك کردووەتەوە، هەرچەندە گرینگی بە شێوەو فۆرمی کاری ئەدەبی داوە، بەلاّم نەهاتووە وەکو رەخنەگرە جوانناسە ئایدیالیست و کۆنە پەرستەکانی هاوعەسری خۆی، فۆرم بە هەموو شتێك دابنێت، و شەقلێکی ئیمتیازی رەهای بداتێ. پرەنسیپە بنەرەتییەکانی رەخنە و جوانیناسی بەو شێوەیە بەکارهێناوە کە لە تێزەکەیدا ( پەیوەندییە ئەستاتیکییەکانی هونەر بە واقیعەوە ) باسی کردووە.

لە زنجیرە وتاری ( بەرهەمەکانی پوشکین )دا ( ١٨٥٥ ) بە جوانی مەسەلە ئەدەبییە باوەکانی وەکو : مەبەستی داهێنانی هونەری و پەیامی کۆمەلاّیەتی ئەدەبی، تاوتوێ کردووەو، گەییوەتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە پوشکین یەکەم کەس بووە دۆزی نەتەوەیی لە روسیادا گەیاندووەتە ئاستی شایستەی خۆی و، دەربارەی پوشکین دەڵێت : " یەکەم شاعیر بوو لە ویژدانی هەموو خەڵکی روسیادا گەییە ئەو ئاستە بەرزەی کە پێویستە هەر نووسەرێکی گەورە لە ولاّتی خۆیدا بیگاتێ "

لە ماوەی سالاّنی ( ١٨٥٥- ١٨٥٦ )دا کارە مێژووییە ئەدەبییە ناوازەکەی چرنیشفسکی ( دەربارەی قۆناغی گۆگۆلیزم لە ئەدەبی روسیدا ) لە گۆڤاری ( هاوچەرخ )دا بلاّو بووەوە.لەم کارەدا و لە روانگە و دید و گۆشەنیگای دیموکراسیزمی شۆرشگێرییەوە، و بۆ یەکە مجار مەسەلەێن مێژووی هزری کۆمەلاّیەتی روسی و رەخنەی بیست و چلەکانی سەدەی نۆزدەیەم خرایە روو، هەر لەو نووسینەدا بە شێوەیەکی تێرو تەسەل

گرینگی و بایەخی گەورەی داهێنانی گۆگۆل و هزرە ڕەخنەییە- ئەستاتیکییەکانی بیلینیسکی سەبارەت بە پەرەسەندنی ئەدەبی ریالیزمی ڕەخنەیی خرایە ڕوو وباسکرا.

نێوەرك و مەبەستی ئەم نووسینە پتر وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنەگرە بۆرژوا لیبرالانە بوو کە گاڵتەیان بە دید و بۆچوونە ڕەخنەییە-ئەستاتیکییەکانی بیلینسکی بۆ هونەر دەهات و، بە بۆچوون و دیدێن کۆن و سواو پاشڤەڕۆیان دەزانی و هەروەها زۆر بە توندی هێرشیان دەکردە سەر نووسەرانی سەر بە ڕێبازی گۆگۆلیزم..

چرنیشفسکی لەم کارەیدا پتر جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پەیامی مێژوویی هەر نووسەرێکی ڕوس، لە خزمەتی گەل و نیشتماندا بەرجەستە دەبێت و هەڤبەندی و پەیوەندییەکی لە دابڕان نەهاتوو، لە نێوان ئەدەبی پێشڕەوی ڕوسی و ژیانی گەل و تەڤگەری ئازادیخوازیدا هەیە. هەڵبەتە ڕەسم و نەریتی ڕێبازی ڕەخنەیی لە ئەدەبی ڕوسیدا دەگەڕێتەوە بۆ گۆگۆل. بۆیە گۆگۆل لەلای چرنیشفسکی پایەیەکی تایبەتی هەیە و ستایشێکی زۆری دەکات، بۆ نموونە لە وتەیەکیدا دەڵێت: " زۆر لە مێژە، لە دنیادا نووسەرێك هەڵنەکوتووە هەمان بایەخی بۆ گەلی خۆی هەبووبێت، کە گۆگۆل بۆ ڕوسیای هەبووە. " جا هەر لەو گۆشەنیگایەوە چرنیشفسکی داوای لە ئەدیبانی هاوعەسری خۆی کردووە درێژە بە ڕێبازی گۆگۆل لە بواری ئەدەبی ریالیزمی ڕەخنەیی بدەن و پشتیوانی لە ڕێبازی ناڤبری بکەن. ئەمەش زادەی قەناعەتی تەواوی ڕەخنەگر بووە بەوەی کە داهێنانەکانی گۆگۆل، لە داهێنانی ئەدیبەکانی دی پتر لە خزمەتی پێداویستییەکانی سەردەمدا بووە.

لە لایەکی دیکەوە چرنیشفسکی لە هەمان نووسیندا ( دەربارەی قۆناغی گۆگۆلیزم لە ئەدەبی ڕوسیدا ) یەکەم کەسە کە بە تێرو تەسەلی تیشك دەخاتە سەر بۆچوونە ڕەخنەییە ئەدەبییەکانی بیلینسکی و دەست لەسەر بایەخی نێوەڕۆکە ئایدۆلۆژی- کۆمەلایەتییەکانیان دادەگرێت و،گرینگی و پێگەیان لە مێژووی ئەدەبی ڕوسیدا بە هاوتەرازی هەمان پێگەی مەزنی بەرهەمەکانی گۆگۆل دادەنێت.

چرنیشفسکی وەکو بیلینسکی باوەڕی وابوو کە ئەدەبی ڕوسی لە دەسکەوتە هونەری وفلیڤانییەکانی خۆیدا، بەر لە هەر شتێك قەرزاربارى ئەو هەستە نیشتمانییە بەرزەیە کە بووە بە سەرۆ و ئیلهامبەخشی ئەو ئەدەبە. هەروەها ئەدەب بەو چالاکییە ڕوحییە دەزانێت کە تێکڕای چالاکی و چەلەنگی زەینی گەل، لە خۆیدا چڕدەکاتەوە. هەر لەو نووسینەدا ئاوڕێکی باش لە خوێنەرو دەوری خوێنەر لە پەرەسەندنی ئەدەبیاتدا، دراوەتەوە. چرنیشفسکی داوا لە خوێنەر دەکات نەك هەر هاوسۆزی دەگەڵ بیرو بۆچوونی کەڵە نووسەراندا بکەن، بەڵکو دژی کۆنە پەرستییەت و سانسۆریش بخەبتن. زۆرجار چ لە کارە ڕەخنەییەکانی و چ لە کارە تیۆری و پراکتیکییەکانیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئایندەو پەرەسەندن و گەشەکردنی بەردەوامی ئەدەبی ڕوسی، تا ڕادەیەکی زۆر وەستاوەتە سەر خوێنەری جددی و بە هەڵوێست.

هەڵبەتە بایەخدانی چرنیشفسکی بە ئەدەبی نوێنەرانی رابردوو، واتە بە ئەدەب و ئەدیبانی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، بەو مانایە نییە کە داوای دووبارەکردنەوەی ڕابردوو بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەکو کەسێکی ئایندەخواز بە ئومێدی پێشڤەچوون و تازەبوونەوەی بەردەوامی ڕێبازی گۆگۆلیزم بوو لە ئەدەبیاتدا، بۆیە چاوپۆشی لە لایەنی لاوازی داهێنانەکانی گۆگۆل نەدەکرد. چرنیشفسکی لە لێکۆلینەوەکەیدا ( دەربارەی قۆناغی گۆگۆلیزم... )دەیەوێت ئەوە بە خوێنەر بڵێت کە هەر

ڕێچکە و ڕێبازێکی هونەری خۆی لە خۆیدا هەڵگری جۆرە فیکرو ئایدۆلۆژیایەکە، بۆیە ئەوەی گرینگە ماهیەتی ئەو فیکرو ئایدۆلۆژیایەیە، ئەو فیکرو ئایدۆلۆژیایە خزمەتی کێ دەکات و لە بەرژەوەندی کێدایە، بۆیە ئەوەی پێی دەگوترێ هونەری خالیسەش هەر بارگاوییە بە جۆرە فیکرو ئایدۆلۆژیایەك، با لایەنگرانی ئەو جۆرە هونەرە هەر لافی بیلایەنی لێبدەن.

چالاکییە رەخنەوانییە ئەدەبییەکانی چرنیشفسکی لە پە نجاو شەستەکانی سەدەی نۆزدەدا یەجگار دەوڵەمەندو هەمەجۆرو گشتگیر بوو، بە دەگمەن ناوێکی ئەدەبی ڕەسەن لە ئەدەبی هاوچەرخی روسیدا دەبینرێت و رەخنەگری ناقیری ئاوڕی لێنەدابێتەوەو کەم و زۆر بەسەری نەکردبێتەوە.

یەکێك لەو نووسەرانەی کە زۆر جێگەی بایەخی چرنیشفسکی بووەو لەباری روحییەوە لێی نزیك بووە، نیکراسۆف بووە. شیعری نیکراسۆفی هەم لە رووی فیکری شۆرشگێڕییەوەو هەم لەو رووەوە کە بە گەرمی داکۆکی لە بەرژەوەندی خەڵکی چەوساوە کردووە، هەڵبەتە شیعرە لیریکییەکانی نیکراسۆفیشی، هەر بەدڵ بووە.

چرنیشفسکی وەکو رەخنەگرێکی چالاك و چەلەنگ و زۆر دیاری سەردەمی خۆی ، بە تایبەتی لە گۆڤاری ( هاوچەرخ )دا هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی رەخنەیی بۆ بەرهەمێن کەڵە نووسەرانی وەك تۆرگینێف، تۆلستۆی، ئۆستروٚفسکی، سالتیکۆف- شچدرین و ئاگاریۆف کردووە کە لەو رۆژگارەدا لە گەرمەی بەخششی فلیڤانی خۆیاندا بوون، هەڵبەتە وتارە رەخنەیەکانی دەربارەی بەرهەمێن ئەو کەڵە نووسەرانە، بە بەشێکی گرینگی گە نجینەی رەخنەی ریالیستی روسی دێتە ژماردن.

چرنیشفسکی سەبارەت بە تۆلستۆی و بەرهەمێن وی، لە ساڵی ١٨٥٦وە هەستی بە بلیمەتی وی کردبوو و پێشبینی ئەوەی کردبوو کە دەبێت بە یەکێك لە پێشەنگەکانی ئایندەی ئەدەبی روسی و توانی خەسڵەتە هونەرییەکانی داهێنانی تۆلستۆی و ڕازو ڕەمزی شێوازی وی کەشف بکات. بە بۆچوونی چرنیشفسکی گرینگترین سیمای جیاکەرەوەی بەهرەی تۆلستۆی ئەوەبوو کە توانایەکی گەورەی شیکردنەوەی دەروونی و کەشفی دیالیکتیکی رۆحی هەبوو، چرنیشفسکی لە میانەی پەیگیری چیرۆکەکانی تۆلستۆیەوەو تەنانەت پێش پەیدابوونی شاکارەکانی ( شەڕو ئاشتی، ئانا کارنینا،و ژیانەوەش ) توانی گرینگترین سیمای ئەفراندنەوانی ئەو هونەرمەندە بلیمەتە دیاری و دەست نیشان بکات.

خوێنەر لە خوێندنەوەی بەرهەمە فیکری- سیاسی و رەخنەیی- ئەستاتیکییەکانی چرنیشفسکییەوە، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ریشەکێشکردن و نەهێشتنی عەیب و نەرێنییە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە رێگەی گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی سیستەمی کۆمەڵایەتی روسیاوە مەیسەر نابێت. بۆیە دەبینین تەرکیزی لەسەر وەزع و حاڵ و ژیان و هوشیاریی و رۆڵی گەل لە بونیاتنانی ژیانی تازەدا کردووەو بۆ ئەو رۆژگارەو بۆ هەلومەرج و واقیعی شۆڕشگێڕانەی کۆتایی پە نجایەکانی سەدەی نۆزدە چ لە روسیا و چ لە ئەوروپا، زۆر بە پێویستی زانیوە گەل و جەماوەری خەڵك هەموو حەقیقەتێك لەمەڕ خۆی بزانێت، حەقیقەت وەکو خۆی، بەدەر لە هەر رەنگماڵی و ئارایشت و ڕتووشکاری و رازانەوەیەك ، بە دوور لە هەر مکیاجێك، بزانێت.. هەر لەو روانگەیەوە داوای لە ئەدەبی مۆدێرنی رۆژ و زەمانی خۆی کردووە کە بەدەر لە هەر سۆز و سۆزداریەك لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هێزین و هۆشمەندی جووتیار بەرجەستە بکات. چونکە دڵنیا بوو لەوەی کە ئەگەر حەقیقەت بۆ گەل بێتە کەشفکردن، خۆی دەناسێت و دۆست و دژمنی

خۆی لێك جیادەكاتەوە، خێرو شەڕی خۆی دەزانێت و بە گەرمی پێشوازی لە ژیـان دەكـات و كـار بـۆ گـۆڕینی ژیان بەرەو باشتر دەكات.

بە شێوەیەكی گشتی چرنیشفسكی، لە میانەی بابـەتی ئەدەبییـەوە كێشـە كۆمەلأیەتییـە- ڕامیارییـەكان دەخاتە ڕوو، بە بێ ئەوەی كەم و زۆر لایەنە هونەریی و ئەستاتیكییەكانی كـاری فلیڤـانی ( ابـداعی ) پشـت گوێ بخات. هەر ئەمەش بە خاڵی بەهێزو ریزپەڕی كارەكانی وی لە بـواری ڕەخنـەی ئـەدەبی- ئەسـتـاتیكی دێتە ژماردن. یانی بۆچوونە ئەستاتیكی- ئایدۆلۆژییەكانی چرنیشفسكی یەكێكە لە سەرچاوەكانی سەرۆ و ئیلهامی كارە تیـۆریی و پراكتیكییـەكانی ئـەم نووسـەرە ریالیسـتە مەزنـە ، لـە بـواری ڕەخنـەی ئـەدەبی و هونەریـدا. هەڵبەتـە تیـزی ( پەیوەندییـە ئەسـتـاتیكییەكانی هونـەر بـە واقیعـەوە ) لـە ڕووی تیۆرییـەوە یەكێكە لە شاكارەكانی ڕەخنەگری- هزرڤان چرنیشفسكی، كـە زۆر بـە تیـرو تەسـەلی لـە كێشـەو مەسـەلە ئەستاتیكییەكانی سـەردەم، لـە زانسـتی ئەسـتـاتیكای بـۆرژوازی و، چـۆنییەتی بونیاتنـان و دامەزرانـدنی تیۆرییەكی ئەستاتیكی ریالیستی دەكۆڵێتەوە.

ڕەخنەگر، لەو كارەیدا بنـەماكانی ئەسـتـاتیكای بـۆرژوازی ئایـدیالی، كـە لەسـەر بناخـەی ئەسـتـاتیكای ڕۆمانسـی كۆنە پەرسـتانەی روسـی ڕۆنرابـوون و بـە تـەواوەتی لـەژێر بانـدۆر وكاریگـەریی قوتـا بخانـەی ڕۆمانسـی كۆنە پەرسـتی جەرمانیـدا بـوو، ڕەتدەكاتـەوە.. جەوهـەرو كرۆكـی چـەمكە ئەسـتـاتیكا ئایدیالییەكانی سەردەمی چرنیشفسكی لە چەند خاڵێكدا چڕ دەبووەوە كە یەكـەمیان ئـەوەبوو: هونـەر لـە واقیع بالأترە و، ئەركی هونەرە كە كێماسییە ئەسـتـاتیكییەكانی ژیـان قـەرەبوو و پڕبكاتـەوە. دیـارە ئـەم چەمك و بۆچوونانە لە خزمەتی ( هونەری خالیسە )دا بـوون، كـە گـەورە ڕەخنـەگرو تیۆریسـێنی ریـالیزمی ڕەخنەیی، بیلینسكی بەر لە چرنیشفسكی، لە كاتی خۆیدا دژایەتییـەكی زۆری ئـەو جـۆرە دیـد و بۆچـوون و چەمكانەی دەكرد. هەردوو ڕەخنەگر، بیلینسـكی و چرنیشفسـكی بـە شـێوەیەكی قەناعەتبـەخش جـەختیان لەسەر ئەوە كردووەتەوە كە ئەو جۆرە چەمك و بۆچوونانە ئاسیوێكی گـەورە بـە خـودی هونـەر دەگەیـەنن و ئاسۆی هونەر تەنگ دەكەن و لە ڕووی ڕۆحییەوە كز و لاوازی دەكەن.

بەهەرحاڵ چرنیشفسكی، زۆر شتی دیكەی لە تێزەكەیدا خستووەتە بەر وردەبینی لێكۆڵینـەوەوەو بـە تیـرو تەسـەلی روونـی كردووەتـەوە كـە لێـرەدا دەرفـەتی باسـكردنی هـەموویمان نییـە. مەبەسـتی سـەرەكی ڕەخنەگری-هزرڤان ئەوەبوو كە پایەی واقیع لەبەرچاوی هاوچەرخانی خۆی بەرزبكاتەوەو ئەو پەیامـەیان پێبگەیەنێت كە ژیان جوانترین شتە بۆ مـرۆڤ و هەرچـی جوانییـەكی دیكـە هەیـە، ڕەگـی لـە ژیاندایـەو لـە دەرێـی ژیانـدا هـیچ جوانییـەك نییـە. جـوانی هونـەر لەوەدایـە راسـتگۆیانە و هونەریانـە ڕەنگدانـەوەو دەنگدانەوەی ژیان بێت و، هەر جوانییەكی هونەریی ڕەگی لە ژیاندا نـەبێت درەنـگ یـان زوو كاڵدەبێتـەوە و ڕەنگ دەبوێرێ و دەپوكێتەوەو هیچ ئاوەدانییەك بە ڕۆح نابەخشێت..

بەهەرحاڵ بـیر وبۆچـوون و هـزرە ئەسـتـاتیكییەكانی چرنیشفسـكی مشـت و مـڕ و گەنگەشـەیەكی زۆری لـە نێـوان لایـەنگران و نـەیارانی ئـەو هـزرو بۆچـوونانەی ناوەتـەوە، ئەستاتیكسـتە كۆنە پەرسـتەكان بـەوە تاوانباریان دەكرد كە گوایە وەكو پێویست ئاوڕی لە هونەر نەداوەتەوەو گرینگی و بایەخی هونـەری بەكـەم گرتـووە. هەڵەتـە نـاوەرۆكی تێزەكـە رێـك بـە پێچـەوانەی ئـەو تۆمەتبـاركردنانەیـە، ئـەو بەرنامـە ئەستاتیكییە ڕەخنەییە شۆڕشگێڕییەی چرنیشفسكی چ لە تێزەكەداو چ لە نووسـینەكانی دیكەیـدا، نـە لـە

دوور و نه له نزيك ئەوەى پێوە ديار نييە كە بايەخ و گرينگى هونەرى بەكەم گرتبێت يان پايەى ئەدەبى بەلاوە بچووك بووبێت، بەڵكو زۆر بە رێژەوە مامەڵەى لە تەك هونەردا كردووە بەو ئيحتوبارەى پەيوەندى راستەوخۆى بە ژيانەوە هەيە. جەخت لەسەر زەروورەتى ئيعتراف بە بەها بالاّكانى ژيان و واقيع دەكاتەوەو تەنيا واقيع بە سەرچاوەى راستەقينەى هونەر دەزانێت.. بۆيە يەكێك لە پسپۆڕانى بوارى چرنيشفسكى ناسى، تێزەكەى بە بانگەوازێكى مرۆڤدۆستى دەژمێرێت.

بەهەرحاڵ، چرنيشفسكى نەى گوتووە هەموو شتێك لە ژياندا جوانە، بەڵكو جوانى لە خودى ژياندايە و لەمبارەيەوە دەڵێت: " ئەوەى بەلاى مرۆڤەوە جوانە، ئەو شتەيە كە بە گوێرەى تێگەيیشتنى خۆى لە ژيان، ژيانى تێدا دەبينێت. "

چرنيشفسكى دەگاتە ئەو قەناعەتەى كە ڕەگى هونەر لە واقيعدايە و نووسەر لە سەرێتى، هۆكارى ئەو كۆسپ و تەگەرانە بخاتە بەر شيكردنەوە كە نايەڵن ژيان وەكو پێويست و بەڕاستى جوان بێت.. هەڵبەتە چرنيشفسكى لە هێرشى زاڵمانەى نەيارانى كۆنە پەرستە ئەستاتيكستە ئايدياليیەكانى نەخەلەسيوەو بەوە تۆمەتباريان كردووە كە هونەرى كردووە بە ئامرازێك تەنيا بۆ باسى كێشەو مەسەلە كۆمەلآيەتييەكان. لە كاتێكا كە داواى لە هونەرمەندان كردووە ژيانى واقيعى هونەريانە بەرجەستە بكەن، قەناعەتى وابووە كە ژيانى واقيعى تەنيا دنياى دياردە كۆمەلآيەتييەكان نييە، بەڵكو لە دياردە كۆمەلآيەتييە ڕواڵەتييەكان هێوەتر دەڕوات و ژيانى ناوەوەى مرۆڤيش دەگرێتەوەو مرۆڤ لە خەون و خەياڵ بەدەر نييە، بۆيە ژيانى ناوەوەى مرۆڤ، دنياى ناخ و دەروونى مرۆڤ بايەخێكى زۆر پەيدا دەكات و دەبێت بە تيمەو هەوێنى هونەرى رياليستى و مەيدانێكى بە پيتى چالاكى هونەرى رياليستى. بە گوتەيەكى دى هونەر كۆپييەكى موو بە مووى واقيع وەكو چۆن ديارە و هەيە نييە، بەڵكو وێنەگرتنى واقيعە وەكو چۆن هونەرمەند دەى بينێت..ديارە ئەو هزرو بيرانەى كە چرنيشفسكى لە تێزەكەى و وتارە رەخنەييەكانى ديكەيدا دەرى بڕيون، لە پە نجاكان و هەفتايەكانى سەدەى نۆزدەدا چ لە روسيا و چ لە ئەوروپادا، لە كارو بەرهەم و داهێنانى گەلێك لە ئەدىبانى سەر بە رێبازى رياليزمى رەخنەييدا رەنگى داوەتەوە.

لە كۆتايى ئەم پاژەدا دەبێ ئەوە بگوترێ كە چرنيشفسكى رەخنەگر، هزرڤان و ئەديبى مەزنى روسيايى، لە پاش بيلينسكى بە يەكێك لە تيۆريسێنە هەرە گەورەكانى رياليزمى- رەخنەيى دێتە ژماردن و ديارترين پێشەنگى ئەدەبى ديموكراسى- شۆرشگێڕى سەدەى نۆزدەيەمى رۆسياو ئەوروپا و هەموو دنيا بووە..

## پاژى دووەم

پیاو که به وردی سەرنجی تێزەکەی چرنیشفسکی ( پەیوەندییە ئەستاتیکییەکانی هونەر بە واقیعەوە ) دەدات یەکسەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە دانەر دژی کەلتووری ئەرسۆکراتانە.. لە رووی هزر و فیکرەوە بەرەڤانی و داکۆکی لە چینی چەوساوەی جووتیاران دەکات. کە ژیان دەخاتە سەرووی هونەرەوە، یانی ژیان بە بالاتر لە هونەر دەزانێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا دژایەتی ئەستاتیکای ئایدیالی چینی ئەرستۆکراتە. ئەوەی چرنیشفسکی لەم تێزەدا جەختی لەسەر دەکاتەوەو دەیەوێ ساغی بکاتەوەو بیسەلمێنێت، ئەوەیە کە ژیان ئەسڵەو ، هونەر زادەو هەڵقولاوی ژیانە. بۆیە چرنیشفسکی داوا لە هەموو ئەوانە دەکات کە گیرۆدەی سیستەمی کۆلەدارین پشتیوانی لە ژیان بکەن و لە پێناوی ژیاندا بخەبتن.

هەڵبەتە چرنیشفسکی لە روانگەی رێچکەو رێبازی مەتریالیستییەوە باوەڕێن فەلسەفی و رێڕەوی شۆڕشگێڕی خۆی رۆناوەو ئەمە ناشارێتەوەو مادەو تەبیعەت و دنیای دەرەکی بە یەکەم و هۆشمەندی مرۆڤانی بە دووەم دەزانێت. بەو چاوە دەروانێتە سەرلەبەری تیمە و نێوەرۆکی دنیای رۆحی مرۆڤ کە رەنگدانەوەی تایبەتی واقیعی بابەتییە. بۆیە تێکڕای گەنگەشەکانی چرنیشفسکی سەبارەت بە بەها رۆحی و کەلتورییەکانی تیرەی بەشەر، لەسەر بناغەی تێوری هوشیاریی مەتریالی رۆنراوەو تەنانەت ئەستاتیکا ریالیستییەکەشی لەسەر هەمان بنەما رۆناوە..

" ٢"

" ئەوەی جوانە، ژیانە "و "ژیانیش تەنیا لە میانەی بوونەوەرە ڕاستەقینەو زندووەکانەوە دەبینین، هزرێن گشتی و مجەرەد ناچێتە کایەی ژیانەوە ". جا چرنیشفسکی بە دەستەواژەی " ئەوەی جوانە، ژیانە" وەرچەرخانێکی لە بواری چەمکە ئەستاتیکییەکاندا چێکرد. پێشتر خەڵکی ،جوان و جوانییان زیاتر لە هونەردا دەبینی تا لە تەبیعەت و ژیاندا بیدینن، باوەڕیان وابوو تەنیا هونەر دەتوانێت گوزارشتێکی تەواو لە جوان و جوانی بکات، تەنیا لە هونەردا ئیمکاناتە ئەستاتیکییەکان دێنە دی و هەرگیز لە واقیعدا نایەنە دی. ئیدی ئەدیبان و هونەرمەندان لە گۆتیەو شیللەرەوە، پاش ئەوەی لەوە ئومێدبڕ بوون کە ئازادی لە دنیای واقیعدا بەرپا بکرێت، لە ژیانەوە پەنایان دەبردە بەر هونەر وەکو ئەوەی لە مەملەکەتی ئەسارەتەوە پەنا وەبەر مەملەکەتی ئازادی بەرن. چرنیشفسکی ئەم مەسەلەیەی بە شێوەیەکی دی خستە روو. مادامێکی دنیای رۆحی مرۆڤ، رەنگدانەوەیەکی تایبەتی واقیعی بابەتی بێت، ئەوا جوانی لە هونەردا، بە گوێرەی ئەو بۆچوونە، دەکاتە ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییەی کە مرۆڤ لە ژیاندا تووشی دەبێت. بەم پێودانگە جوانی حەقیقەتێکی بابەتییە، شتێکی واقیعییە. ئەرکی هونەر بریتییە لە خوڵقاندنەوەی جوانی، وجوان و جوانی لەوە بەرینتر و بەربلاوترە تەنیا لە چوارچێوەی هونەردا قەتیس بمێنێت و بەرجەستە بکرێت. بەم پێیە ڕەگی هونەر لە ژیاندایە و ژیان سەرچاوەی هەرە سەرەکی و گرینگی هونەرە، چرنیشفسکی گەرەکییەتی بەمە جەخت لەسەر زەرورەتی هونەرو زەرووەرەتی ئەستاتیکا وەکو داخوازییەکی مرۆڤانی بکات و پێمان بڵێت کە هونەر یەکێکە لە پێداویستییە زندووەکانی مرۆڤ، وەکو نان و ئاو زەرووریيە.

"٣"

دیارە بەم پێودانگە جوان و جوانی دەکاتە ئەو شتەی کە دەگەڵ جیهانبینی و نوێرینی دیالێکتیکیدا بۆ ژیان، بە شێوەیەکی گشتی تێکدەکاتەوەو جوانی لە ژیانی واقیعیدا شتێکی جێگیرو نەگۆڕ و نەمر

نییە،بۆیە بەدەم ژیانەوەو لە ناو پرۆسەی نەشونمای ژیاندا گۆڕانی بەسەر دێت و ئەهلی جوانی لە ناو خودی ژیاندا دەتوانن بۆی بگەڕێن و بیدۆزنەوە.یانی جوان و جوانی بەدەم نەشونمای ژیانەوە چەکەرەو گەشە دەکات و هونەر یارمەتی ئەم نەشونماو گەشەکردنە دەدات. دیارە دەست نیشانکردن و دیاریکردنی جوان و ئاقاری جوانی بەو شێوەیەی کە ئاماژەی بۆ کرا، دەکاتە نکوڵی کردن لە هەر هونەرێکی " خالیسە "و "ڕەها" و "دابڕاو" لە ژیان.. چونکە بیلینسکی کە سەرمەشقی چرنیشفسکی بوو، قەناعەتی وایە کە هونەرێك نییە لە ژیان دابڕابێت و لە هاماج و کەش و هەوای تایبەت بە خۆیدا بژیت و، هیچ پەیوەندی و هەڤبەندییەکی دەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ژیاندا نەبێت ولەمبارەیەوە دەڵێت : " کەمترین گومان لەوەدا نییە کە ژیان دابەش دەبێت بەسەر لایەنێن هەمەجۆردا و هەر لایەنە خۆییوونی تایبەتی خۆی هەیە، بەلاَم ئەم لایەنانە بە شێوەیەکی زندووی ئۆرگانیکی ئاوێتەی یەکدی دەبن و، سیمایەکی زەق نییە کە لێکدییان جیابکاتەوە. ئیدی چەندیش ژیان وردبکەنەوەو دابەشی بکەن، هەمیشە هەر یەك و یەکگرتووە."

جا چرنیشفسکی لەو پێودانگەوە، خوێندنەوەی خۆی بۆ هونەری رۆژگارو سەردەمی خۆی پتر لە دوو ئاراستەی هەڤبەندو هەڤپەیوەستدا ورد دەکاتەوە کە بریتین لە مرۆڤدۆستی و چاککردنی ژیانی بەشەری.. و لە میانەی ئەو دوو ئاراستە فیکرییەوە گوزارشت لە پێویستی و داخوازییەکانی سەردەم دەکرێت. ئیدی لە نێو هەموو چالاکییە بەشەرییەکاندا تەنیا ئەو چالاکیانە دەگەنە کەماڵ و جەماڵ کە ڕاستەو خۆ و بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی پەیوەندییان بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگەوە هەبێت. هەرچالاکییەك ڕەگی بە خاکی ژیاندا نەچێت هەمشە هەر کز ولاواز و بێ کەماڵ و جەماڵ دەمێنێت و ئەگەر کاری ئەرێنی لە کۆمەڵگە نەکات، بایەخی مێژوویيشی نابێت..

"٤"

هەڵبەتە ئەدەب لە روانگەو گۆشەنیگای چرنیشفسکییەوە یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرینگەکانی ژیانی کۆمەڵگە..بەشێکی هەرە گرینگی مێژووی گشتی گەلە. چرنیشفسکی پێی وایە پرۆسەی پەرەسەندنی کەلتووریی نیشتمانی بەگشتی و ئەدەب بە تایبەتی، پرۆسەیەکە بە لاسایی کردنەوە- هەڵبەتە بە سەمتی داهێنان و ئەفراندنی ڕەسەندا و لە میانەی ئیستیعابی ئەو شتەی کە لاسایی دەکاتەوە، دەست پێدەکات. ئەمەش وادەخوازێت کە کۆمەڵێك بەهای مرۆڤانی بهێنرێتە ناو ئەدەبەوە. هەڵەتە قۆناغی گوێزانەوە لە ئیستیعابەوە بۆ داهێنانی سەربخۆو تیمەو نێوەرۆکی نەتەوەیی دێنێتە ناو ئەدەبەوە، یانی تیمەو نێوەرۆکی لۆکاڵی بەگەڵ خۆی دەخات، جا دەبێت ئەم ناوەرۆك و تیمە لۆکاڵییە قۆناغێکی تازە لە پەرەسەندنی ئەدەب پێکبهێنێت.. هەڵبەتە تیمەو نێوەرۆکی بەرچاو و ڕەسەن لە دەرێرا ناهێنرێت. بەڵکو لە ناوەوە مالیجە دەکرێت و بەرخوردی دەگەڵ دەکرێت، بۆیە هەر نێوەرۆك و تیمەیەك بگریت شەقڵی نەتەوەیی و لۆکاڵی خۆی هەیە و تەنیا داهێنانی واقیعی دەرەقەتی دێت..

## پاژی سێیەم

لە بەرەبەیانی ساردو سەهۆڵبەندانی ٣١ی مایسی ١٨١٤دا پیاوێکیان بەجبەیەکی ڕەشی دەڵبەوە هێنایە مەیدانی (می تیسکایا) لە شاری پتروسبۆرگ، پشتیان دایە (ستونی بوغزاندن)ەوە کە زنجیرێکی پێوە هەڵواسرابوو، جەلادەکە شەبقەکەی لەسەری داکەند، تابلۆیەکی رەشی کردە ملی کە لێی نووسرا بوو (مەحکومی سیاسی) پاشان زنجیری کردە دەست، مەحکومەکە دەست بە کۆتو زنجیرەوە بۆ چەند ساتێك لە پاڵ ستونەکە وەستا، لەو دەمەدا کە قازی بریارو ڕای دادگای دەخوێندەوە، کابرای مەحکوم بە هێمنی و

به چاوه کزو نزيك بينەكانيەوە دەيڕوانيە دەوروبەری خۆی، سەيری کرد ژمارەيەکی کەم لە دۆستو لايەنگرەکانی لە پاڵ ریزی سەربازو مامورانی پۆلیسەوە وەستاون.

جەلادەکە پاش راگەیاندنی رای دادگا دەستی مەحکوومەکەی کردەوەو هێنایە سەر چۆکانو شمشێرەکەی خۆی بەسەر سەريەوە شکاند.

بەم شێوە کۆمیدیە نیکۆلای کافریلویچ چرنیشفسکی بە سزای خۆی گەیەنراو لە ریزی پەیڕەوانی دەوڵەتی تزار، ترۆکرا، دەوڵەتی غەداری تزار وای دەزانی دەتوانێ بەم گاڵتەجاڕییە چاکترین رۆڵەی میللەتی رووس سووك بکاتو ناوی بزڕێنێو ئابڕوی بەرێ... بەڵام خەیاڵیان خاو بوو ئەم کارە پڕ شەرمەزارییە بەناو (سزایە)، هەستی هاودەردی هەموو لایەکی سەبارەت بەم خەباتگێڕە زنجیرکراوە بزواندو کوورەی قینو تووڕەیی کۆمەڵی دژ بە زۆردارانو دەسەڵاتداران جۆش دا، ئەو لاوانەی کە لەوێ بوون بێ سڵکردنەوە لە حەبسو تێهەڵدان چەپکە گوڵیان بەسەرا هەڵداو بە هاواری ( بە هیوای دیدار چرنیشفسکی ) بەڕێیان کرد.

لاوانی رووس ئەو رۆژەی کە خەباتگێڕی دلێر رەوانەی سیبیریا دەکرا سوێندیان خوارد کە رێبازە پیرۆزەکەی بەر نەدەن

رەفتاری دەوڵەتی زۆرداری رووس لەگەڵ زانای سوارچاکی میللەتی رووسیادا، یان مارکس گوتەنی ( لەگەڵ زانای مەزنی رووس)دا یەکجار بێ رەحمانەو زاڵمانە بوو، ئەنجامی زۆرداری تاڵانکەرانی مافی میللەت ۲۱ ساڵی تەمەنی چرنیشفسکی واتە لە ( ۳٤- ٥٥ ) ساڵی لە زیندانو تاراوگەکانا بە فیڕۆ چوو.

ئەم کردارە یەکێك بوو لە گەورەترین تاوانەکانی مێژوو کە دەوڵەتی زۆرداری تزار دەرهەق بە میللەتی رووس، دەرهەق بە کەلتووری بیری پێشکەوتووخوازو دەرهەق بە کۆمەڵی پێشڕەوی رووسیا کردی.

بلیخانۆف لەم بارەیەوە دەڵێت: " لە بەرەبەیانی مێژووی رووسەوە تا نووکە هەرگیز هیچ حکومەتێك تاوانی ئەوەندە زلی دەرهەق بە فیکرو گەشەسەندنی کەلتووری رووسیا نەکردووە ".

مارکس رێزی زۆری لە چرنیشفسکی دەگرتو بەخۆشەویستیەوە دەیڕوانییە هەوڵو کۆششی لۆباتین لە پێناوی ئازادیو گەڕانەوەی چرنیشفسکی لە تاراوگە، مارکس هەرکە زانی لۆباتین نائومێد بووە، لە ۱۲ ی دیسامبەری ۱۸۷۲دا نامەیەکی بۆ زانایەکی رووس نووسیو لەو نامەیەدا داوای کرد کە ( بۆ بزواندنی هەستی هاوخەمیو هاودەردی لە لای خەڵکی رۆژئاوا سەبارەت بە چرنیشفسکی و ناساندنی کەسیەتی ئەو پیاوە زۆر پێویستە سەربهوردی پڕ لە شانازی ئەو —چرنیشفسکی- چاپ بکەیت ) مارکس هەمیشە بەتەوسەوە دەیگوت کە چرنیشفسکی لە پاداشتی بەرهەمە زانستیە بە نرخو بەرزەکانیا نەفی کراوە، هەر بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی چرنیشفسکی و دابرالیوبوف قۆڵی فێر بوونی زمانی رووسی لێ هەڵماڵیو باوەڕی وابوو کە خوێندنەوەی بەرهەمی زانایانی رووس بەزمانی رووسی گەلێ چاکترو کاریگەرترەو شوێنی شایانی ئەو زانایانە دەردەخات. چرنیشفسکی وێڕای گشت کۆسپو راونانو تاقیبکردنو ئەشکەنجەیەك: رۆڵێکی یەکجار کاریگەرو باڵای لە پەرەپێدانو خەملاندنی کەلتوورو زانستی روسیا هەبووەو، بە گەورەترین پیاوی مەیدانەکانی سیاسەتو سۆسیۆلۆژیای سەردەمی خۆی، بە فەیلەسووفی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، بە ئیلهام بەخشی راپەڕینی رزگاری و هەرەسهێنانی کۆشکی حکومەتی تزاری دەژمێردرێو، لە پێناوی ژیانی کۆمەڵایەتی نوێدا لە وڵاتی خۆیا لە رێگەی شۆڕشی دێهاتیانەوە خەباتی کردووە.

چرنیشفسکی به دامەزرێنەری بیروباوەڕی خەباتی سیاسی جەماوەری و به ڕێنوێن و ڕێبەری پێشقەرەوڵانی شۆڕشی دیموکراسی دێهاتی ساڵی ١٨٦٠و مامۆستای جەماوەری خەڵکی پێشڕەوی روس دەژمێردرێ، لینین گوتەنی "چرنیشفسکی توانیویەتی سەرەڕای سانسۆری توندو تیژی حکومەتی تزاری، شۆڕشگێڕانی راستەقینە پەروەردە بکات و لە گشت رووداوەکانی سەردەمی خۆیا بە گیانی شۆڕشگێڕییەوە دەور ببینێ".

دیاری کردنی نرخ و پایەی بەرهەمەکانی چرنیشفسکی گەلێ سەخت و دژوارە و چرنیشفسکی مامۆستای مەزنی میللەتی روس بوو، بیروبۆچوونەکانی دەربارەی مەسەلە زانستییە کۆمەڵایەتییەکان، دەربارەی ئەدەبیات و هونەر بە زۆری یان لە بیرو بۆچوونەکانی مارکس، ئەنگلسەوە نزیك بوون یان تەواو وەکو ئەوان بوو... چرنیشفسکی بە دیارترین نوێنەری فەلسەفەی کلاسیکی سەدەی نۆزدەی رووس دەژمێردرێ، توانیویەتی زەمینە بۆ پەرەسەندن و خەملینی مارکسیزم لە رووسیادا خۆش بکات.

یەکێك لە زانایان دەڵێ: "چرنیشفسکی یارمەتییەکی زۆری لینینی داوە بۆ پیادەکردنی بیری ناو بەرهەمەکانی مارکس لەگەڵ رووداوو حەقیقەتەکانی وڵاتی پان و بەرینی روسیادا، دیارە کە بەرهەمەکانی مارکس لە ساڵی ١٨٦٠دا کران بە رووسی، بەڵام دیسان پێویست بوو لەگەڵ رووداوو واقیعەکانی وڵاتی روسیادا بگونجێنرێ، لینینی بلیمەت ئەم کارەی لە رێگەی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیەوە ( پەرەسەندن و خەملینی سەرمایەداری لە روسیا ) ئەنجام دا، هەڵبەتە چرنیشفسکی لەم رووەوە کارێکی زۆری کردە سەر بیری لینین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، دیارترین خەڵکانی روس و نوێنەرانی بیری نوێی پێشکەوتووخوازی هەموو وڵاتانی جیهان لە سەرچاوەی لەبن نەهاتووی بەرهەم و ئامۆژگارییەکانی چرنیشفسکی شت فێر بوون و ئێستاش فێر دەبن و لە ئایندەشدا فێر دەبن".

چرنیشفسکی ئابووریزان، مێژوونووس و فەیلەسووف و رەخنەگری ئەدەبی و دانەری تیۆری نوێی هونەرو ئەدیب و نووسەر بوو.

چرنیشفسکی لە هەموو مەیدانەکانی فەلسەفی، مێژوویی، ئابووری، رۆمانووسی و وتاری رەخنەییدا قەڵەمی تاو دەدا، بێ دەربەستانە پەردەی لە رووی ناعەدالەتی و پۆخڵەواتی کۆمەڵایەتی و زۆرداری حکومەتی تزاری هەڵدەماڵی و خیانەتی بەکرێگیراوان و سیاسەتی هەلپەرستانەی لیبرالەکانی دەختە روو. ملکەچی وکۆیلایەتی بەرامبەر بە زۆردارو چەقۆکێشان بە نامەردی دەژماردو لەم بوارەدا هەمیشە جەماوەری رەنجبەرو زەحمەتکێشانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هاندەداو داوای لێدەکردن دژ بە تالانکەران بجەنگن.

ئایدیۆلۆژیای چرنیشفسکی لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە لەسەر بناغەی ئەم دەستوورانە بوو: ( ناکۆکی و دژایەتی توندو تیژی ئابووری و سیاسی و پەرەسەندنی راپەڕینی ئازادیخوازی وڵاتی روس لە سەردەمی گۆڕانی خاوو هێواشی سیستەمی بەرهەمهێنانی فیودالی بۆ سەرمایەداری ) راپەڕینی مەزنی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتانی رۆژئاوا لەو سەردەمەدا کە کۆشکی زۆرداری هێنابووە لەرزەو بەرەو پیری بیری پێشڕەو دەچوو لە برەودا بوو.

ئەم راپەڕینە گەلێ زاناو دانای لە باوەشی خۆیدا پەروەردە کردبوو، چرنیشفسکی بۆ ناسینی بیری نوێی کۆمەڵی رووس و میللەتانی ئەورووپای رۆژئاوا پشتی بە گەنجینەی ئەزموونی وڵاتی خۆی و میللەتەکانی تر بەست.

سەرچاوەی بیروباوەڕی ئەو لە لایەکەوەو بیروباوەڕی زانایانی رووسی پێش خۆی بوو کە لەو سەردەمەدا رێبازی ماتریالیستی لەلای لامانۆسۆف، رادیشچێف کرسنو بە تایبەتی بیلنیسکی دەبینرا، لە لایەکی تریشەوە بیری زانایانی ئەوروپا بوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی مارکسیزم. چرنیشفسکی سەرچاوەی زوڵاڵی بیروباوەڕی زانایانی پێش خۆی موتاڵا کردو کەموکورپیەکانیانی خستە بەر وردەبینی رەخنەو لە بواری زانستدا هەنگاوی گەورەی بەرەو ماتریالیزمی دیالێکتیك نا.

لەو سەردەمەدا کە هێشتا راپەڕینی ئازادیخوازی پرۆلیتاریا لە روسیادا بەرپا نەبووبوو نەشی دەتوانی بەرپا ببێ، چرنیشفسکی وەکو هاندەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گوندیانی کۆیلەی زەوی نەیدەتوانی بگاتە قۆناغی مەتریالیزمی مێژوویی، چونکە مەتریالیزمی دیالێکتیکی و مێژوویی رەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای چینی کرێکارو دیارخەری قۆناغێکی بالاترە لە مێژووی ئابووریو مەعنەویو کۆمەلایەتی، وێڕای ئەمەش ئەو مەسەلەیە نەیتوانی ببێ بە کۆسپ لەسەر ریگەی دەرکەوتنی بلیمەتی چرنیشفسکی تا لە هاوچەرخانو ئەوانی پێش خۆی پتر لە مارکسیزم نزیك بێتەوە.

چرنیشفسکی هەمیشە میللەتی بۆ شۆڕش هاندەدا، زۆر چاك هەستی بە رۆڵی خەباتی چینایەتی لە مێژوودا دەکرد، بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانی کە لە پێناوی هۆشیارکردنەوەو رۆشنبیراندنی جەماوەرو گۆڕینی سیستەمی کۆمەلایەتیدا تێکۆشێتو شۆڕش بکا.

لینینی مەزن نێوی بلیمەتیو دووربینی بە بالای چرنیشفسکیدا دەبڕێو بە نوێنەری راستەقینەی کەلتووری پێشڕەوی میللەتی روسی دەزانی، لینین دەربارەی بەراوردی کەلتووری پێشکەوتووی روس لەگەڵ دەورانی نەزانیو سەردەمی پاشکەوتەییو زوڵمو زۆرداری حکومەتی تزاردا دەنووسێت:" لە رووسیادا کەلتوورو زانستی بێ ئاست و بێ کەڵك هەن کە بناغەکەی لەلایەن پوور شکۆفیچ، کوچکوفیچ، ئەستروفەوە دانراوە، بەلام کەلتووری زانستی گەورەش هەن کە رەنگدانەوەی ناوی چرنیشفسکیو بلیخانۆفە، لەو دەمانەدا کە تالانکەرانی فاشیست بە نیازی نابووتکردنی کەلتووری گرانبەهاو بە نرخی میللەتی شۆرەوی پەلاماری مۆسکۆیانداو، ستالین لە ٦ی نۆڤەمبەری ١٩٤١دا لە گوتارێکیدا نێوی چرنیشفسکی لە ریزی نێودارترین پیاوان هێناوەو گوتویەتی " ئەم پیاوانە کاری ئەوەندە نەمرو سەرکەوتوو و پرشنگداریان بە میللەتی رووس بەخشیوە کە هەرگیز ناویان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ناسڕێتەوە ".

چرنیشفسکی لە سالانی دەسەلاتدارێتیو رەواجی ئایدیالیزمیداو لە هەلومەرجو بارودۆخی کۆیلایەتی کۆمەلایەتی لە روسیادا، کتێبێکی دەربارەی هونەرو ئیستاتیکا نووسی کە بناغەکەی لەسەر پایەی فەلسەفەی مارکسیزم دانابوو، ئەم کتێبە لە زۆر رووەوە تەواو لەگەڵ دیدو بۆچوونەکانی مەتریالیزمی دیالێکتیکدا جووت بووە. ئەنگلس، چرنیشفسکی بە گەورەترین مێژوونووس دەزانێو بەلایەوە لە تێکرای مێژوونووسانی رۆژئاوا گەورەترەو، پێیوایە کە رۆمانە فەلسەفیەکەی ( دەبێ چ بکرێ؟ ) دیاردەیەکی ناوازەی ئەوتۆیە کە لە ئەدەبیاتی جیهاندا دووبارە نابێتەوە.

چرنیشفسکی وەکو نووسەرێکی سیاسیش پلەو پایەیەکی گەورەو دیاری هەیە دیدو بۆ چوونەکانی سەبارەت بە مەسەلە ئەنتەرناسیونالیەکان لە زۆربەی رووەکانەوە لەگەڵ بۆچوونو تیۆرەکانی مارکسو ئەنگلزدا یەکدەگرێتەوە.

چرنیشفسکی له سەردەمی لاویدا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد ژیانی خۆی بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی ئابووری و سیاسی هاووڵاتیەکانیدا تەرخان بکات، تەنانەت لە ساڵی ١٨٥٠ دا تیۆری سەبارەت بە گەورەیی هێزی میللەتی روس و پەرەسەندنی خێرای ڕێوڕەسمی شۆڕشگێڕی له بواری خەباتدا دادەڕێژا. چرنیشفسکی بە مجۆره دەسەڵاتی دیکتاتۆری تزاری دەدواند " تا زووتر ئەم دەزگەیە بەرەو نەمان و فەوتان بڕوا چاکتره، لێگەڕێ با ئەو میللەتەی کە هێشتا هۆشیارو ئامادەنییە لە پێناوی مافی خۆیدا ڕا پەڕێ و بخەبتێ، خەبات زووتر ئامادەو بێداریان دەکاتەوە، بەڵام تا ئەم دەزگایە نغرۆ نەبێ، هۆیەکانی ئامادەبوونی میللەت فەراهەم نابێت، چونکه ئەم حکومەتە بەربەستێکی گەورەیە لە ڕێی خەملێن و گەشەکردنی مەعنەوی چینەکانی ناوەڕاست و خوارەوە، حەقیقەتی ئەم خەڵکە زوڵم لێکراوەی لە ڕیشەوە هەڵکەندووە، لەوەی بێبەش کردووە کە خۆی بە مرۆڤ بزانێ و شایستەی مافی مرۆڤ بێ ".

ئەم بیرو بۆچوونانەو هیدیکەش بە بزوێنەری خەملێن و گەشەسەندنی فیکری لینین دێنە ژماردن.

چرنیشفسکی ئازادی میللەتی لە گروپە پێشکەوتوو خوازەکانی میللەتا دەبینی، حەزی دەکرد وڵاتەکەی هەنگاوی گەورەو دیار رووەو پێشکەوتن و گەشەسەندن بنێ، هەوڵی دەدا وڵاتەکەی کەڵك لە گەنجینەی ژیارو شارستانیەت و کەلتووری جیهانی وەربگرێ.

چرنیشفسکی بە خۆشەویستیەکی زۆرەوە باسی هێزی فیکری و مەعنەوی میللەتی رووسی دەکردو هەندێ ڕاستی و دیاردەی دەخستە روو کە گەواهی سەربەخۆیی راو بلیمەتی فیکری میللەتی رووس بوون.

چرنیشفسکی لە ٢٣ سیبتەمبەری ١٨٤٨ دا بەمجۆره ڕای خۆی لەمەڕ بایەخ و پایەی ئەدەبیاتی رووس دەربڕیوە: له بەرهەم و نووسینەکانی لیرمەنتۆف و گۆگۆڵەوە کە یەکجار سەربەخۆو جوانن و، بەلای منەوە رەنگە دیارترین بەرهەمی ئەم ساڵانەی دوایی ئەدەبیاتی ئەوروپا بن، ئەوە دەردەکەوێ کە پلەو بایەخی شاعیرو نووسەر تەنیا ژیانی میللەت و رۆڵی ئەو میللەتە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دیاریدەکات و هەرگیز لە نێو ئەو میللەتەدا کە هێشتا بە پلەو پایەی گەورەی جیهانی نەگەییوە، نووسەران و شاعیرانی جیهانی سەرهەڵنادەن.

چرنیشفسکی لە بوارەکانی پەیوەندی تاکە کەسییەوە هەمیشە ڕێزو دڵسۆزی و میهرەبانی بەرامبەر بەو کەسانە نواندووە کە شایەنی قەدرزانی و ڕێزلێنان بوون. کاتێ کە لە مەنفای ویلویسکایا بوو، هەواڵی نەخۆشی کوشندەی نیکراسۆفی شاعیری نێوداری گەلی رووسیای بەر گوێ کەوت، زۆر نیگەران و نارەحەت بوو، ئەم خەم و پەژارەیەی لە نامەیەکیا بۆ دۆستێکی بە مجۆره دەربڕیوە " گەر بەر لە مەرگی نیکراسۆف ئەم نامەیەت بەدەست گەیشت، لە زمانی منەوە پێی بڵێ کە لە کانگەی دڵەوە وەکو مرۆڤێکی راستەقینە خۆشیم گەرەکە، زۆر سوپاسی دۆستایەتی و لوتفی ئەودەکەم، هەست بە گەورەیی و مەزنی ئەو دەکەم و چاکی دەناسم. باوەڕم وایە کە شۆرەتی پڕلە شانازی ئەو بە زندوویەتی دەمێنێتەوە، خەڵکی رووسیا تا دنیا دنیایە خۆشیان دەوێ و سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەم شاعیره پایە بەرزو بلیمەتە گەورەیە دادەنوێنن.

من لە پرسەی ئەودا دەڵێم: مەزنی رۆح و بلیمەتی بیری ئەو شایانی ستایش و ڕێزە " ئەو وشانە هەڵقوڵاوی رۆحی کابرایەکی راستگۆو سەر ڕاست و خۆشەویستی هەمووانە.

چرنیشفسکی هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی میللەتی رووس تەرخانکرد، بچووکترین کەموکوڕی لەرەوشتی خۆیدا بەدی ناکرێ، کابرایەکی سەر ڕاست و بە ڕاستی مرۆڤێکی راستەقینە بوو، کابرایەکی

یەکجار وره بەرز بوو، لە دژوارترین تەنگانەی ژیانیدا دلێری و گەشبینی لە ڕۆحە گەورەکەی دەچۆڕا، لە نامە بە نێوبانگەکەیدا لە زیندانی ژمارە (٩) لە ئۆکتۆبەری ١٨٦٢دا بەم جۆرە قسانە وره‌ی هاوسەرەکەی بەرزدەکاتەوەو دڵخۆشی دەداتەوە: "ژیانی ئێمە بە مێژووەوە بەستراوە، سەدان ساڵ دەبووری و هێشتا نێومان لەلای خەڵکی خۆشەویستو بە نرخ دەمێنێتەوەو بە ڕێزو نەوازشەوە یادمان دەکەنەوە. کەواتە نابێ خۆمان لە بەردەم خەڵکانێك کە ژیانی ئێمە دەکەنە سەر مەشقی خۆیان لاواز وسووك بنوێنین ".

چرنیشفسکی نموونەی پیاوی شۆڕشگێڕو خۆڕاگر بوو. لەبەردەم ئازارو ئەشکە نجەی جەلادانی تزارا خۆڕاگریکی ئەوتۆ بوو کە بوو بە سەر مەشق بۆ تەواوی شۆڕشگێڕانی پاش خۆی. چرنیشفسکی لە ساڵی ١٨٧٤دا واتە دوای ١٠ ساڵ ئازارو ئەشکە نجە لە زیندانی ویلویسکایا ئەو دەمەی کە ئاجودانی فەرماندەی سوپای ئەو شارە هانی دەدا عەزروحاڵێکی پەشیمانی بدات و داوای بەخشین لە تزار بکات، لە وەڵامدا وتی " من چ گوناهو تاوانێکم کردووە تا داوای بوردنو بەخشین بکەم ؟ من وا هەست دەکەم بۆیە دوورخراومەتەوە، چونکە شێوەی مێشکی من جیاوازە لە شێوەی مێشکی سوالوفی سەرەك ژاندرمەی تزار، ئایا ئەم هۆیە ئەوە دێنێ داوای بەخشینو بوردن بکەم ".

ئەوجا بەدەستخەتە جوانەکەی خۆی ئەم وشانەی لە پەراوێزی عەرزوحاڵەکەدا تۆمارکرد "بینرا عەرزوحاڵ نادەم. نیکۆلا چرنیشفسکی".

میللەتی رووس چەندین ئەفسانەیان لە ژیانی ئەم خەباتگێڕەوە هەڵێنجاوەو دروست کردووە، یەکێك لەئەفسانەکان (کارالنکۆ)ی نووسەری نێوداری رووس نووسیویەتی، هەروەها شاعیرانی نێوداری رووس وەك نیکراسۆف، لۆکیانۆفو شاعیرانی دی شیعری جوانو قەشەنگیان بۆ هۆنیوەتەوەو ستایشیان کردووە، چرنیشفسکی یەکێکە لەو ناودارانەی کە میللەتی رووس شانازی پێوە دەکەنو تا دنیا مابێ نێوی بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە.

چرنیشفسی یەکێکە لەو رێبەرانەی، کە باشترین رێبازی خزمەت و فیداکاری لە پێناوی نیشتمان بە خەڵك نیشان دەدا، شێوازی خەباتی بێوچانو کارای فێری خەڵك دەکرد، کە بە هۆیەوە لە پێناوی ئازادی هوشیارکردنەوەی خەڵکدا بخەبتن، خەڵکی هان دەدا کە کۆ لە هیچ جۆرە فیداکاریەك نەکەنەوە لە پێناوی شادی و بەختەوەریدا.

**

نیکۆلای چرنیشفسکی لە ١٢ی تەمووزی ١٨٢٨دا لە بنەماڵەیەکی دینداری شاری ساراتۆف لە دایك بووە، ئامادەیی و بلیمەتی خۆرسك و کەڵکەڵەی کارکردن هەر زوو لە چرنیشفسکی جەوانا دەرکەوت.

حەزو ئارەزووی فێر بوون تێکەڵ بە بلیمەتی زاتیو خۆڕسکی ئەو بوو، ئەو یاداشتو دەفتەری بیرەوەریانەی کە باسی سەردەمی لاوی ئەو دەگێڕنەوە، رەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی چرنیشفسکیە. ئەم یاداشتانە ئەوە نیشان دەدەن کە چرنیشفسکی لە سەردەمی لاویدا بە چ تاسەو ئارەزوویەکی فرەوە رووی کردۆتە موتالاکردنو چەند بە متمانەوە هەوڵی فێر بوونی زانستەکانی داوە. چرنیشفسکی لە بواری فێر بوونی زمانە کۆنو زمانە زیندووەکانی سەردەمی خۆیدا بەهرەو لێهاتوویەکی یەکجار سەیری هەبووە، زمانی لاتینی، یۆنانی، فەرەنسی، تاتاری، عیبری، فارسی، عەرەبی، ئەڵمانی، پۆڵەندی، و ئینگلیزی بەچاکی زانیوە، ئاشنای مێژوو و ئەدەبیاتی زۆربەی ئەو میللەتانە بووە.

چرنیشفسکی له ساڵی ١٨٤٤دا چووه ئامادەیی رۆحانی شاری ساراتۆف، هەر لەو قوتابخانەیەدا رادەی زانیاری فراوان و بەهرەی لە رادەبەدەری ئەو ئاشکرا بوو، گەلێك لە گەورەکان پێشبینی ئەوەیان دەکرد، لە جیهانی رۆحانیەتدا دوا رۆژێکی پرشنگداری دەبێ و پێیان وابوو دەبێت بە یەکێك لە رۆحانیە دیارو گەورەکانی وڵاتی رووس، بەڵام چرنیشفسکی هەر لەو قۆناغەدا بیری لە مەسەلەکانی زیندەگی و کۆمەڵایەتی دەکردەوە ، زۆر بە وردی کەوتە موتاڵاکردنی ژیانی میللەتەکەی خۆی. بابوداپك و کەس و کاری چرنیشفسکی بەهرەی زیرەکی و ژیرییان تێدا بوو. چرنیشفسکی بەخۆی لەم بارەوەیەوە دەڵێ: "ئەم بنەماڵەیە بۆچوونی سادەو دروستی خۆی دەربارەی هەر یەکێك لە حەقیقەتەکان هەبوو. من کە لە نێو ئەوانا گەورە دەبووم وردە وردە خووم بەخەڵکانێکەوە دەگرت کە رەفتارو گوفتارو بیریان لەگەڵ ژیانی واقیعیدا هاوئاوازو جووت بوو. هەڵبەتە ئەم سەرمەشقە هەمیشەیی و نموونە بەردەوام و موکومە لە سەردەمی منداڵیدا کارێکی چاکی لەسەر من هەبوو. لە کاتی موتاڵاکردن و شیکردنەوەی تیۆری لەمەڕ هەق و ناهەق، دروست و نادروست، چاك و خراپ، کۆمەکێکی زۆرو شایستەی پێدەکردم".

بیروباوەڕی خەڵکی ئەو ژینگەیەی کە چرنیشفسکی تیایدا دەژیا بریتی بوو لە کۆمەڵە ناکۆکییەکی لەم جۆرە ( ئابڕومەند بە و بادەنۆشی بکە، دڵسۆزوخێرومەند بەو دزی بکە، هەموو خەڵکی نەرم و بێ شەرەفن، بە ویژدان بە، پارە لە دنیادا هەموو شتێکە، خوا بپەرستە، شەراب مەخۆ، خوا نییە، کار بکەو زەحمەت بکێشە، کێت بەردەست کەوت ئازاری بدە، رێزو حورمەتی هەموو کەسێ بگرە، زانست و عیلم سەرچاوەی ژیانە، بێکاری و تەوەزەلی بکە پیشە، زانست سەرچاوەی رزگاری و سەرکەوتنی خەڵکە، ڕیاو دوو زمانی بکە، هاوڕەگەزی خۆت خۆش بوێ، هەر گەلحۆو گەوجان بەختەوەرن، دلاوەران هەمیشە سەرکەوتوو دەبن، راستی بکە بە پیشەی هەمیشەییت، ژیانی نەزانان مایەی بەزەییە، وەکو ئاو مەنگ و وەکو سەوزە ناسك و لاواز بە، یاسا هەرگیز جێبەجێ نابێ، یاسا هەمیشە جێبەجێ دەبێ، مەعلوم نییە هۆی دروستبوونی ئەم جیهانەو ئەو شتانەی تیایدایە چییە ).

چرنیشفسکی بە زەبری بەهرەی زیرەکی توانی لەنێو ئەم ناکۆکی و پاشاگەردانیەی دەوروبەریدا ژیان بناسێت و ئەوە بدۆزێتەوە کە ( لە سستی و پەستی و پاشاگەردانییەوە رێك و پێکی ونەزم ونیزام دێتە کایەوە، هەموو ئەم پاشاگەردانیە هەوێنی دروست بوونی رێك و پێکی تێدایە، ئەم هەوێنە حاڵی حازر لە هەڵچوون و داچوون دایە، بەڵام زۆر ناخایەنێ و تۆخم و فاکتەری ژیانی جوان و پرشنگداری ئاییندە لەو پاشاگەردانییەدا خۆی مەڵاس داوە. چرنیشفسکی ئەم گەشبینیەی لە رەش و رووتی میللەتەوە وەردەگرت، ئەو جەماوەرە رەش و رووتەی کە چرنیشفسکی زۆر بە وردی گوێی بۆ خواست و رەوتی ژیانیان رادەدێرا. چرنیشفسکی لەم بارەیەوە دەڵێ: " ژیانی من لەگەڵ ژیانی میللەتەکەمدا ئاوێتەیە ".

چرنیشفسکی لە ساڵانی لاویدا هێشتا بە تەواوی ئاگای لە مەسەلەی دابەشکردنی کۆمەڵ و چینە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان نەبوو، کەچی زۆربەی کات لە یاداشتەکانی خۆیدا ئەو حەقیقەت و ڕاستیانەی تۆمار دەکرد، کە لەلایەکەوە بە زمانی ڕەوان باسی خەڵکانی زۆردارو داگیرکەرو چەوسێنەری تێدا دەبینرا، لەلایەکی دیکەوە بایەخی بە شەرحی حاڵی مەزلومان و ستەمدیدەکان دەدا، چرنیشفسکی وەکو کابرایەکی بێلایەن باسی زوڵم و زۆری ستەمکارو باسی زۆر لێکراوی ستەمکێشانی نەدەکرد.

بەڵكو وەكو لایەنگری خەڵكی رەنجبەرو زوڵم لێكراو قسەی دەكرد. چرنیشفسكی بە نەفرەتەوە باسی ئەوە دەكات كە چۆن كوڕی حوكمداری ساراتۆف بە رۆژی رووناك خەڵكی رەنجبەرو مەزڵومو كڵۆڵ دەخاتە بەر كێردی زوڵمو هەواڵەی دیاری نەمانیان دەكات. باسی ئەوە دەكات كە چۆن دانیشتوانی پتر لە پۆلیس دەترسن تا لە دزو پیاوكوژ! وەختێ بە پیرەژنێكی بە شەوارە كەوتووی شەوێكی ساردی زستانیان گوت كە شەوێ لە دایەرەی پۆلیس وەمێنی، ئەو بەستەزمانە بەترس و لەرزێكی زۆرەوە وتی " كاكە گیان بەزەییتان بە پیریما بێتەوە بەو پیاو كوژانەم مەسپێرن، بێشك لەوێ دەمكوژن ".

چرنیشفسكی بە چاوی خۆی دەیبینی كە خەڵكی ئابڕمەندو زانا لەناو گێژاوی ئەو پاشاگەردانیەی رووسیای تزاریدا بەردەوام روو لە خۆ كوژی دەكەن، خۆیان داوێنە باوەشی نەهەنگی مەرگەوە، یەكێك لەو بەخت سووتاوانە پزیشكێكی بە توانا بوو بە ناوی ( یاكۆلۆفیچ یاكۆلۆف )كە بە گوێزان خۆی كوشت، لەسەر ئەوەی یەكێك لە موڵكدارە دەوڵەمەندەكان قایل نەبوو كەنیزەكێك بخوازێ، چرنیشفسكی دەڵێ: " نەك هەر خەڵكانی نەگریس و بەدڕەوشت، بەڵكو خەڵكانی رەوشت بەرزو خێرخوازیش بێ ئەوەی بزانن، بەشێكی زۆری ئەو بەدبەختیەیان فەراهەم دەكرد... بەڵێ ئەو بەدبەختی و رۆژە رەشانەی من لە رۆژانی منداڵیمدا تیایدا ژیاوم یادیتوومن یان چیرۆكی دڵتەزێنم لە زمانی خەڵكییەوە دەربارەیان دەژنەوت.. دیارە هۆی ئەو ناخۆشیانە تەنیا رەوشتی ناشیرینی خەڵك نەبوو، بەڵكو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان گشت ئەم رەنج و بیرەوەری و كوێرەوەری و ئازارو رۆژە رەشانەی دێنایە كایەوە ".

تاوتوێكردن و ورد بوونەوە لە ژیانی كۆمەڵایەتی، وێڕای ئەوەی وای لە چرنیشفسكی كرد دەرك بە ناكۆكی پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكانی خەڵك بكات، بەو حەقیقەتەشی ئاشنا كرد كە میللەت هێزێكی یەكجار گەورەیەو هەمان پاڵەوانی ئەفسانەیی و قارەمانی لە شكان نەهاتووی مێژووە. رەنگە هەر سەرنجە وردو تیژەكانی ئەوو، ئەم هەستكردنەی بە گەورەیی هێزی میللەت وای لێكردبێ میللەتی لە دڵدا شیرین ببێ و، ئەم ئارەزووەی لا بزواندبێ كە ( لە رێگەی بەشەریەتدا هەنگاوی گەورە بنێ ).

خەیاڵ و ئارەزووی خزمەتكردنی میللەت و وڵاتی خۆی و جیهان و مرۆڤایەتی لە سەردەمی زانكۆییدا، واتە لە سەردەمێكا كە نەشونمای فیكری چرنیشفسكی بەرەو خەمڵین دەچوو، باوەڕی پێشكەوتووخوازانەی سیاسی و كۆمەڵایەتی لەلا گەڵاڵە دەبوو، بەتەواوی باڵی بەسەر رۆحی گەرم و گوڕی چرنیشفسكی دا كێشابوو.

ساڵانی خوێندكاریی چرنیشفسكی لە زانكۆدا ١٨٤٦ تا ١٨٥٠، رێكەوتی شۆڕشی ١٨٤٨ی رۆژئاوا بوو، لەو ساڵانەدا لە رووسیاش هەست بە پەرەسەندنی راپەڕینی دێهاتیان، خەمڵینی بزووتنەوەی ئازادیخوازی چینە رووناكبیرە پێشڕەوەكان دەكرا، كە رواڵەتەكەی بریتی بوو لەچالاكی شانە شۆڕشگێرەكانی پیتراشۆتسف.

چرنیشفسكی لەو زەمانەدا یەكجار تینووی فێربوونی زانست بوو، بەشەكانی مێژوو، ئەدەبیاتی رووس، ئەدەبیاتی جیهان، فەلسەفەو زانستی ئابووری و سیاسی هۆشیان داگیركردبوو، بەڵام ئەمەش وەكو هەمیشە تینویەتی فێربوون و زۆری موتاڵاكردن و گەلێك راستی ژیان و گوزەرانی لێ پەنهان نەدەكردو، لە ئارەزوو و كەڵكەڵەی لە رادەبەدەری ئەوی لەمەڕ رووداوە شۆڕشگێڕیەكانی ئەوروپاو ژیان و گوزەرانی كۆمەڵایەتی هاووڵاتییانی خۆی كەم نەدەكردەوە.

چرنیشفسکیی خوێندکاری لاوی بیست ساڵان، شان بە شانی هەموو لاوانی پێشڕەوی رووس بە وردی و بە تاسەیەکی زۆرەوە موتابەعەی رووداوە شۆڕشگێڕییەکانی ساڵانی ١٨٤٨ و ١٨٤٩ی ئەورووپای رۆژئاوای دەکرد، چرنیشفسکی هاوخەمی شۆڕشگێڕەکان بوو، قێزی لە کۆنەپەرستان و هاوکارەکانیان، واتە لەو لیبرالانەی کە لە سەرەمەرگدا بوون دەهاتەوە. کاتێ کە لەگەڵ هاوڕێ خوێندکارەکانیا گفتوگۆی دەکرد، بە راشکاوی داکۆکی لە سۆسیالیستەکان و لە فەرەنسا و یاخی بوونی بەردەوامی خەڵکی ئەو وڵاتە دەکرد، کرداری لیبرالە بورژوایەکانی بەگەن نەدەکردو سەرزەنشتی دەکردن و دەیگوت: " ئەوانە وەکو خەڵکانێکی لە سیاسەت بێزار رەفتار دەکەن و رەفتارەکانیان خاڵیە لەنەجابەت و ئابڕوومەندی".

چرنیشفسکی کاتێك کە لە زانکۆ بوو هەمیشە خۆی لەوە دەپاراست کە لە کۆبوونەوەدا قسان بکات، بەڵام کە دەهاتە قسان، قسەکانی ئاگرین و کاریگەر بوون. شەوێك چووە میوانی یەکێك لە دۆستەکانی. ژنی خانەخوێیەکەی، بە دەنگی بەرز بەشێك لە نووسینەکانی شەرحی حاڵی ئەشکەنجەی خانەوادەی دەسەڵاتداری لویسی چواردەی دەخوێندەوەو هێدی هێدی دەگریا، چرنیشفسکی پاش کەمێك گوتی: "بەڕاستی تۆ ژنێکی زۆر سەیریت، دوێنێ شەو بۆ مێگەلێ دەگریای کە گورگ تێی کەوتبوو، ئەو شەو بۆ ئەو گورگە دەگری، کە ئەو مەڕانەی کەوڵکردووە".

رووداوەکانی شۆڕشی ١٨٤٨و ١٨٤٩ سەرنجی چرنیشفسکی بۆ ئەم مەسەلەیە راکێشا کە ( پەرەسەندن و خەملینی ئارام و هێدی و بێجەنگ، مەحاڵە، مێژوو بەبێ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە تاقە هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نەناوە، کەواتە تەنیا لە رێگەی شۆڕشەوە دەتوانرێ کۆشکی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە نغرۆ بکرێ و تەختی زۆرداری و کەڵەگایی راپێچ بکرێ تا رووسیا بتوانێ لەمەیدانی پەرەسەندن و تەرەقیدا هەنگاوێك بۆ پێشەوە بنێت ).

چرنیشفسکی هەستی بە توندی رق و هێزی یاخی بووی میللەت لە موڵکداران و بنەماکانی کۆیلایەتی و پایەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی تزار کردبوو، مەشخەڵی شۆڕش لە دڵیا بڵێسەی دەسەند، چرنیشفسکی سوودی لە هەموو هەل و دەرفەتێك وەردەگرت بۆ بڵاوکردنەوەی بیری شۆڕشگێڕی لە نێو جەماوەری میللەتداو، خەڵکی فێری ئەوە دەکرد کە رزگار بوون لە کۆیلایەتی تزاریزم و بەدەست هێنانی ئازادی بە لالانەوەو پاڕانەوە مەیسەر نابێ، بەڵکو دەبێ ئازادی و مافی ژیانی خۆ بە تۆبزی لە داگیرکەرانی مافەکانی میللەت بسەنرێ. چرنیشفسکی لەو گوتارانەدا خەڵکی جۆش دەداو بۆ خەبات ئامادەی دەکردن و ئومێدی سەرکەوتنی مسۆگەری پێدەبەخشین.

لەو دەمانەدا کە چرنیشفسکی لەسارتۆفدا نیشتەجێ بوو، بە دەستمزی کاری پەروەردەو فێرکردن دەژیا، پەیوەندییەکی دۆستانەی ئەوتۆ لە نێوان ئەوو قوتابیەکان هەبوو کە بە هیچ جۆرێ لە پەیوەندی ئاسایی و رەسمی نێوان قوتابیان و مامۆستاکانی دی نەدەچوو.

چرنیشفسکی هەوڵی دەدا لاوەکان بە بیری پێشکەوتووخواز ئاشنا بکات، تا رۆژێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بانگی کردو ئاگاداری کردەوە کە " وا بڵاوە کە تۆ بیری شۆڕشگێڕی لە نێو قوتابیەکاندا بڵاودەکەیتەوە، ئاگات لە خۆت بێ".

چرنیشفسکی لە یاداشتەکانی ئەو سەردەمانەی خۆیدا بە ڕاشکاوی ئەوەی دەربڕیوە کە هەموو ساتێ بە تەمای گرتن و دوور خستنەوە بووە. لەم بارەیەوە دەڵێ: "وام خەیاڵ دەکرد کە لە ماڵی خۆمدا دەبێ هەموو

ساتێ چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی پۆلیسی تزار بم تا بمبەن بۆ پترسبۆرگ‌و خوا دەزانێ چەند ساڵم زیندان بکەن، چونکە خەریکی کاری ئەوتۆ بووم کە بۆنی زیندان‌و ئەعمال شاقەی لێدەهات".

چرنیشفسکی پاش مەرگی دایکی لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٨٥٣دا لەگەڵ (ئۆلفا ساکراتۆنا)ی ژنیدا چوو بۆ پترسبۆرگ، چرنیشفسکی لەو کاتەوە تا رۆژی گرتنەکەی لە ٧ی تەمووزی ١٨٦٢دا لە پترسبۆرگدا سەرگەرمی چالاکییەکانی خۆی بوو.

هەر لە سەرەتای جێگیربوونیەوە لە پترسبۆرگ داوای لە کۆڕی زانیاری کرد کە پلەی مامۆستای زانستگەی بدەنێ‌و داکۆکی لە دکتۆرا نامەکەی (پێوەندی ئیستاتیکای هونەرو واقیع) بکات. هەر لەو دەمانەدا ئاشنایەتی لەگەڵ نیکراسۆفی شاعیری ناوداری رووس پەیداکرد، بە نووسینی هەندێ گوتار بۆ رۆژنامەی (یاداشتەکانی وڵات)و (هاوچەرخ) هاوکاری لەگەڵ کرد. زۆری پێنەچوو کرایە بەرپرسی بەشی رەخنەی ئەدەبی‌و مەسەلە سیاسیەکانی رۆژنامەکە.

لەو کاتەوە بایەخ‌و رۆڵی گەورەی چالاکیی چرنیشفسکی وەکو رێبەری سیاسی‌و داکۆکیکاری ئایدۆلۆژیای رۆژنامەی (هاوچەرخ) واتە ئۆرگانی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی رووس دەستی پێکرد.

پوختەی چالاکیەکانی چرنیشفسکی لە شاری پترسبۆرگدا لە ماوەی ١٨٥٢-١٨٦٤ بەم جۆرەیە:

( بەڕێوەبردنی رۆژنامەی هاوچەرخ‌و رێبەری کردنی باوەڕی پێشکەوتووخوازی کۆمەڵگەی رووس، نووسینی گوتاری رەخنەیی‌و لەسەر مەسەلە هونەری‌و سیاسی‌و میژووییەکان کە لەو زەمانەدا مایەی سەرنج بوو... بڵاوکردنەوەی گوتاری لێکۆڵینەوانی لەسەر مەسەلەی دێهاتیان‌و رووداوەکانی ئەورووپای رۆژئاوا کە بۆ خەڵکی رووسیا گەلێك بەسوود بوو، هاندانی دابرالیوبوف-ی لاوو شۆڕشگێڕی دیموکراتی رووس بۆ کاری رۆژنامەنووسی.

کارکردن لە باوەڕی نیکراسۆفی شاعیری خەڵکی رووس‌و بزواندنی بۆ گوتنی شیعری ئەوتۆ کە رەنگدانەوەی باوەڕی شۆڕشگێڕە دیموکراتەکان بوو. دامەزراندنی هەندێ شانە لە لاوانی شۆڕشگێڕی رووسیا کە پاشان رێکخراوی شۆڕشگێڕی (زەوی‌و ئازادی) لێهاتەکایەوە. پشتگیری خەباتی شۆڕشگێڕانەی میللەتە دراوسێکان، نووسینی رۆمانێکی گەورە بەناوی (دەبێ چ بکرێ) کە لەم رۆمانەدا باوەڕی پرشنگداری سۆسیالیزم‌و رێگەی بزووتنەوەو شۆڕشی بە نەوەی نوێ نیشان داوە، ئەو نەوە نوێیەی کە هەمیشە عەوداڵی وەڵامی ئەم پرسیارە بوو ( بۆ پەرپاکردنی شۆڕش دەبێ چ بکرێ ) هەرچەندە حکومەتی تزاری لە رێگەی خەفیەی خۆیەوە هیچ کاتێ لە چالاکیەکانی چرنیشفسکی غافڵ نەبوو، بەڵام نەیدەتوانی بەڵگەیەکی ئەوتۆ بە دەست بخات کە چالاکی نا یاسایی چرنیشفسکی پێ بسەلمێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا هەرگیز لە فایل بۆ کۆکردنەوەو دانانی دادگای زۆرە ملێ بۆ دادگایی کردنی ئەم رۆڵە بەجەرگەی میللەتی رووس غافڵ نەبوو. تاقە (بەڵگەی تاوانبارکردن) بۆ گرتن‌و (دادگایی کردنی) چرنیشفسکی چالاکییەکانی بوو لە مەیدانی رۆژنامەنووسیدا.

سەرۆکی جەندرمەی تزار (دالگا روکۆف) کە مەئموری فایل رێکخستن‌و زەمینە خۆشکردنی گرتنی چرنیشفسکی بوو، بەو پەڕی بێشەرمییەوە راپۆرتی بۆ تزاری ستەمکار نووسی کە چرنیشفسکی رێبەری سەرەکی‌و ئیلهامبەخشی حیزبی تەرەقی خوازەو ، زۆربەی ئەندامانی ئەم حزبە لە نووسەرە لاوەکان پێکهاتووە.

چرنیشفسکی لە رۆژی ۱۸٦۲/۷/۷ دا بە زەبری را پۆرتی ساختەو دەستکردی نۆکەرانی ئەڵقە لە گوێی تزار گیراو لە قەلای ( پترۆپاول ) توند کرا. مەحکەمەکەی نزیکەی دوو ساڵی خایاندو ئەنجام دادگای زۆرە ملێی حکومەتی تزار بە پشتیوانی تۆمەتی بێ بناغەو بەڵگەی درۆو ساختەوە، رۆڵەی دلێری میللەتی رووسی بە حەوت ساڵ زیندانو بێگار حوکمداو پاشان بۆ سیبیریا نەفی کرا. .. رۆڵە دلێرەکانی رووس زۆربەیان داخیان بۆ چرنیشفسکی دەخواردو بە رقەوە دەیانڕوانیە ئەڵقە لە گوێیوستەمکارانی دەزگەکانی تزاریزمو نەفرەتو جنێویان بۆ دەناردن. زۆربەیان کەوتنە سەر ئەو خەیاڵەی کە چرنیشفسکی لە زیندان بفرێنن و هەندێکیان مەردانە لە پێناوی ئازادکردنیا تێکۆشان.

لە ساڵی ۱۸۷۵ دا شانەیەك لە لاوانی شۆڕشگێڕی پترسبۆرگ بە زەحمەتو هەوڵێکی زۆر توانیان زەمینەی فڕاندنی چرنیشفسکی لە زیندان فەراهەم بکەن، بەڵام حکومەتی تزاری کە پێشبینی فڕاندنی چرنیشفسکی دەکرد لە کانوونی دووەمی ۱۸۷۲ واتە سێ ساڵ بەر لەم تەگبیرە بە دزییەوە چرنیشفسکی بۆ زیندانی ( فلۆپسکایا ) نارد بوو.

چرنیشفسکی تێکڕا نزیکەی بیست ساڵی تەمەنی لە زیندانو تاراوگەکاندا قەتاند، پاشان ئەلیکساندەری سێیەم لە ساڵی ۱۸۸۳ دا لە ژێر فشارو داوای دۆستەکانی چرنیشفسکیدا، قایل بوو، کە چرنیشفسکی ببرێ بۆ حاجی ترخانو لەوێدا لەژێر چاودێری پۆلیس بژی، چرنیشفسکی پاش گەڕانەوەی لە سیبیریا دەستی بە چالاکی ئەدەبی خۆی کردەوە، بەڵام لە ئەنجامی ئەشکەنجەی نێو زیندانەکانو کاری سەختدا هێزی کەم بۆوەو بە خێرایی بەرەو دامرکانەوە چوو، ئەنجام لە شەوی ۱۷ی ئۆکتۆبەری ۱۸۸۹ بۆ هەمیشە چاوی لێکناو دنیای بەجێهێشت.

## بۆچوونەکانی چرنیشفسکی لەمەڕ هونەر:

چرنیشفسکی پاش بیلینسکی بیناو بناغەی ئیستاتیکای مەتریالیستی لە رووسیادا مکوم کرد. چرنیشفسکی بەوەی کە زانستی ئیستاتیکای لەسەر بناغەی فەلسەفەی مەتریالیزم خستە روو، تەنانەت پێش ئەوانەیش کەوت کە لە ئەوروپای رۆژئاوادا بەر لەو لە دەرگەی ئەم مەیدانەیان دابوو، چرنیشفسکی بەتواناو هێزێکی لۆژیکی گەورەوە تیۆری ئیستاتیکای پشت بەستوو بە مەتریالیزمی لەگەڵ باوەڕە ئایدیالیستیەکانی هونەر بەراورد کرد.

ئایدۆلۆژیای راپەڕینی شۆڕشگێڕانەو دیموکراتیکی رووسو هەموو خەڵکە پێشکەوتووخوازو دیارەکانی وڵاتی رووسیا بە گەرمی پێشوازیان لە کتێبی ( پەیوەندیەکانی ئیستاتیکای هونەرو واقیع )ی چرنیشفسکی کردو وەکو تیۆرێکی پێشکەوتوو وازو ریالیستی هونەر، پەسندیان کرد.

چرنیشفسکی ئەم کتێبەی بۆ وەرگرتنی پلەی زانستیی دابوو بە زانستگەی پترسبۆرگ.

بەلای چرنیشفسکیەوە ئیستاتیکاو ئایدۆلۆژیای کۆمەڵ پەیوەندیەکی نزیکیان پێکەوە هەیە. چونکە مەتریالیزم بناغەی ئایدۆلۆژیای چرنیشفسکی پێکدەهێنا، بۆیە بە ڕاشکاوی هونەر ناسی ئایدیالیستی ڕەتدەکردەوە. چرنیشفسکی ئیستاتیکای هیگلی گۆڕییو لە بناغەوە ئاوەژووی کردەوە. هیگل ئەقڵی رووتی بە بناغەو سەرچاوەی ئیستاتیکا دەزانی.

بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی چرنیشفسکی بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کە بایەخێکی رۆشنبیریو سیاسی گەورەی هەبوو بۆ ئەو سەردەمە بە رووداوێکی ریزپەڕ دەژمێردرا.

کتێبەکەی چرنیشفسکی تەنیا هاندەری پەرەسەندنی هونەری ریالیستی نەبوو، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی ئیستاتیکای مەتریالیستی نوێ کە لە خەباتی توندو تیژدا بوو دژ بە ئایدیالیزم ببێ بە ئاڵا هەڵگری خەباتو ململانێ لەگەڵ بناغەو بنچینەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەو هەموو جۆرە سازشکارییەك لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە بۆگەنەدا.

بەرگری چرنیشفسکی لە کتێبی (ئیستاتیکا) خۆی لە خۆیدا بناغەو بنچینەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی نوێی ئەمڕۆی ئێمەیە. بە گوتەی یەکێك لە رەخنەگرە رووسەکان: ( ئەم کتێبە وەکو مەشخەڵێك بوو کە لە ناخو بوونی چرنیشفسکییەوە بڵێسەی سەندو جیهانی رووناك کردەوە).

چرنیشفسکی کۆشکی ئیستاتیکای ئایدیالیستی لە بناغەوە هەڵتەکاندو ئەوەی سەلماند کە ژیانی راستەقینە لە هونەر باڵاترو دەوڵەمەندترە. چرنیشفسکی بە مجۆرە لە بنەماو ئەرکەکانی هونەر دەدوێ: "سیفەتی دیارو ئەو نیشانە گشتیانەی کە بنەماو ڕیشەی هونەری پێکدەهێنێ هەمان رەنگدانەوەی دیاردەکانی ژیانە، بایەخی بەرهەمێکی هونەری پتر لە روونکردنەوەو شەرحکردنی دیاردەکانی ژیانە، بۆ ئەوەی لە ئاکامدا پۆخڵەواتەکانی ژیان ریسوا بکاتو کۆمەڵگە لە شەڕی ئەو پۆخڵەواتانە رزگار بکات".

باوەڕوبۆچوونی چرنیشفسکی دەربارەی هونەر لەگەلێ لایەنەوە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ماتریالیستی دیالێکتیکدا جووتو هاونەوایە ، چرنیشفسکی هونەری بەرەنگدانەوەیەکی تایبەتی ئەو واقیعە دەزانی کە لەلایەن ئینسانەوە دەرەخسێنرا، ئەم واقیعانەی بە شتی بابەتی دەناسیو لە روانگەی ئەوەوە ژیانی راستەقینەی سروشتو کۆمەڵگە بناغەو بابەتی هونەر بوو.

ئەندێشەی بنەڕەتی چرنیشفسکی لەم نووسراوەیدا بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە کەوا " ژیانی واقیعی لە هونەر باڵاترە، کەواتە نابێ هونەر تەنیا لە پێناوی ئەوەدا بەکاربهێنرێ کە بەشێوەیەکی گشتی جوانی بخەملێنێ، بەڵکو ئەرکی بنەڕەتی هونەر ئەوەیە کە ژیان وەکو خۆی بنوێنێو بەوپەڕی تواناوە ئەو جوانیانەی ژیان وەکو چۆن هەن بنوێنێ ".

چرنیشفسکی لەم بارەیەوە دەنووسێت " تاقە ئامانجی بەرهەمی هونەری ئەوەیە، بە پێی توانا خەڵك بەو جوانیە واقیعیانە ئاشنا بکات کە کەمتر دیارنو سەر لە نوێ ئارەزووی نوێکردنەوەی ئەو جوانیانەیان لەلا ببزوێنێ".

لە ڕوانگەی چرنیشفسکییەوە بابەتەکانی هونەر گەلێك فراوانە: "مەیدانی هونەر تەنیا لە چوارچێوەی جوانیدا ناوەستێ، بەڵکو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە سروشتو ژیاندا خۆشەویستی مرۆڤ-مرۆڤی ئاسایی نەك مرۆڤی دانا-بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، چەمكو حەقیقەتی هونەر بریتییە لەو دیاردانەی ژیان کە لە باری سەرنجی گشتیەوە جوانو دڵڕفێن بێ".

چرنیشفسکی چەمكو ناوەڕۆکی هونەر دەخاتە پێش فۆڕمەکەیەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕی بە فۆڕمی هونەرییش هەیە، بەڕای ئەو هونەر وەختێك دڵڕفێنو پڕبایەخە کە بە یەکجارەکی وەقفی مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی بووبێ یانی ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتیانەی کە خاوەنی هونەرەکەو زۆربەی هاوچەرخانی ئەو خۆشییان پێداچووبێو مەبەستیان بێ.

چرنیشفسکی دەڵێ: " تەنیا ناوەڕۆکێ کە مایەی سەرنجی پیاوی دانا بێ دەتوانێ هونەر لە خەوشی فۆڕمالیزم تەبرێ بکات، کەواتە ئەوەی بەسوود نەبێ شایەنی ڕێزو ستایش نیە."

چرنیشفسکی به هەموو توانایەوە دژ بە ناتورالیستەکان دەجەنگێت، واتە ئەو هونەرمەندانەی تەنیا سەرگەرمی وێنەگرتنی فۆتۆگرافیانەی سادەی رووداوەکانن و هەر شتە بچووکەکان بەرجەستە دەکەن، هەروەها داوا لە هونەرمەند دەکات کە بە زەبری هونەرەکەی نهێنیەکانی ژیان ئاشکرا بکات و بخاتە روو... هەروەها دەڵێ: " گەرچی هونەر ڕەنگدانەوەو کۆپی ژیانە، بەڵام هەموو کۆپییەك ئەو وەختە دروست و حەقیقیە کە سیمای بوون بە تەواوی بنوێنێ ". خەتەری پەیرەوکردنی ناتورالیزم ئەمەیە کە هونەر بەشێوەی کۆپییەکی سادە دەگۆڕێ و تەنیا شێوەو رواڵەتی رووداوەکان و واقیع دەنەخشێنێ.

لە باسی ئەرکی هونەردا لە روانگەی چرنیشفسکییەوە بابەتی بنەڕەتی بریتییە لەکۆمەڵگاو سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئالێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێ کە چرنیشفسکی چ نرخ و بایەخێکی گەورەو لە رادەبەدەری بۆ رۆڵی چالاکانەو پراکتیکی هونەر داناوە. چرنیشفسکی بەئەنقەست هەموو چالاکییەکی هونەری خۆی بۆ گۆڕینی (بارودۆخی جیهان) تەرخان دەکرد، بەرهەمەکانی هۆیەکی بەهێزو کاریگەربوون بۆ جۆشدان و بزواندنی بیرو هەستی خەڵك، هەر لە ڕێی ئەو بەرهەمانەوە باوەڕی شۆڕشگێڕی و سۆسیالیزم لە نێو خەڵکی بڵاودەبووەوەو پێشدەکەوت. چرنیشفسکی باوەڕی پێشکەوتووخوازو نوێی لە گوتارو بەرهەمە هونەرییەکانیدا بڵاودەکردەوەو حەزو ئارەزووی خەڵکانی پێشڕەوی لە بەرهەمەکانی خۆیدا بەرجەستە دەکرد.

چەمك و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی چرنیشفسکی ئەوە نیشان دەدەن کە هونەری بەشێوەیەکی تایبەتی بە گۆڕینی پراکتیکی جیهان ژماردووە، هونەرمەندی بە فاکتەرێکی کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە قەڵەم داوە، راستە چرنیشفسکی ئەم بیرانەی زۆر جار بەو شێوە گشتیەی کە لە مارکسیزما روونکراوەتەوە باس نەکردووە، بەڵام حەقیقەتی چینایەتی و واقیعی هونەری ئاشکرا کردووەو لە نێو هونەرمەندانا جاڕی ئەوەی داوە کە باوەڕی پێشکەوتووخوازو واقیعی کۆمەڵایەتی هاوچەرخی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا بچەسپێنن و بەرجەستەی بکەن.

چرنیشفسکی دوژمنی سەرسەختی دروشمی (هونەر بۆ هونەر) بوو لە مبارەیەوە دەڵێ: "بیرۆکەی هونەر بۆ هونەر لە سەردەمی ئێمەدا ئەوەندە سەیرە وەکو ئەوەیە بڵێین سامان بۆ سامان یان زانست بۆ زانست".

چرنیشفسکی دەڵێ: "لایەنگرانی باوەڕی هونەر بۆ هونەر لە بنەڕەتا بایەخیان بە هونەرێکی ئەوتۆ نەداوە کە پەیوەندی بە ژیانەوە نەبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیانەوێ بەهەموو واتای وشە ئەدەبیات بخەنە خزمەتی یەك مەبەست و ئامانج... بەڵام ئەو مەبەست و ئامانجە بنەڕەتییە ئەوەیە خەڵکانێك دروست بکەن کە قازانجی کۆمەڵایەتی بەلایانەوە هیچ حەقیقەتێکی نەبێ و تەنیا ئاشنای لەزەت و ژانی تاك بن، بۆیە لایەنگرانی هونەر بۆ هونەر هەوڵدەدەن رووی هونەر لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان وەربگێڕن و، ئاراستەی ئەم مەسەلە فەردی و کورتبینانەی بکەن". هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ بە هونەرمەندانیشەوە مادام لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تایبەتیدا دەژی، بێگومان بیروبۆچوونی تایبەتی دەربارەی کۆمەڵ و پێکهاتنی کۆمەڵ دەبێت، بۆیە داشکانی هونەر بەلایەکدا یاسایەکی حاشا هەڵنەگرە، ڕەنگە ئەم داشکانە بەلایەکدا زۆر ئاشکراو دیار نەبێ، بەڵام سڕینەوەی مەحاڵە.

چرنیشفسکی فەیلەسووفی مەزن و دیموکرات کە چەمکی ئیستاتیکا لە روانگەی خەڵکی زەحمەتکێش و لە روانگەی چینە باڵاکانەوە بەراورد دەکات بەم جۆرە دەدوێ: "جوانی لە روانگەی رەنجبەرانەوە خۆشەویستی

کارو کۆشش‌و سەلامەتی بەدەن دەگرێتەوەو دەخاتەوە روو، چەمکی جوانی لە روانگەی دەوڵەمەندو ئەشرافانەوە بە پێچەوانەی زەحمەتکێشانەوە هەڵقوڵاوی بێکارییە ".

چرنیشفسکی لەم بارەیەوە دەنووسێت: ژیانی خۆش و شایستە لە روانگەی خەڵکی سادەو زەحمەتکێشەوە، ئەمەیە کە تێر بخۆن‌و شوێنی باشیان هەبێ، چەمکی ژیان لە روانگەی کرێکارو زەحمەتکێشانەوە هەمیشە ئاوێتەی کاروکۆششە، بەلای ئەوانەوە ژیان بەبێ کار مەحاڵەو ئەم جۆرە ژیانە مایەی دڵتەنگییەو دەبێتە هۆی پەشێوی بیر، ئەنجامی ژیانی ئاسوودەو گوزەرانی ئاسایی ئەمەیە کە پێستی بەدەنی کیژە کرێکار یا جووتیار ناسك‌و تەڕ دەبێ‌و گۆناکانی ئالدەبن‌و ئەمە نیشانەو یەکەمین مەرجی شۆخ‌و شەنگییە. لە گۆشەنیگای خەڵکی سادەوە، کچە جووتیار چونکە ناچارە کاربکات ئەگەر بە ئەندازەی کافی خواردن بخوا قەڵەو وگۆشتن‌و خورت دەبێ‌و، ئەمەش مەرجێکی تری شۆخ‌و شەنگانی دێهاتییە، بۆیە ئەگەر شۆخ‌و شەنگ لە چینە بالاو دەوڵەمەندەکان بێ، لە روانگەی جووتیارەوە جوان‌و دڵڕفێن نانوێنێ‌و لەوەیە کارێکی نائاساییو نا جۆریشی لێبکات، چونکە ئەو لە یەکەم ڕوانینەوە لاوازی و بێڕەنگی ئەم شۆخ‌و شەنگە بە ئەنجامی رەنجکێشان یان ئەنجامی چارەنووسی خەمناك دەزانێ.

وێڕای ئەمەش چونکە کارکردن بەرهەڵستی زیاد بوونی چەوری بەدەنی مرۆڤە، بۆیە ئەگەر کچە گوندییەك زۆر قەڵەو بێ، بێ چەندوچوون ئەو قەڵەوییە نیشانەی نەخۆشییەو بەمجۆرە جەماوەری زەحمەتکێش قەڵەوی لە رادەبەدەریش بە نوقسانی بۆ جوانی دەزانن، چونکە کچانی دێهاتی ناچارن کاری زۆر بکەن بۆیە دەست‌و پێیان بچووك‌و ناسك نییە.

بەڵێ وەك دەزانین شاعیران هیچ یەکێك لەم خاڵانەیان نەکردووە بە هەوێنی شیعرەکانیان لە وەسفی جوانان‌دا تەنانەت لە سروودو گۆرانییە ناوچەییەکانیشدا نیشانەیەکی جوانی نییە کە دیارخەری سەلامەتیو شادی بێت، بە ئەنجامی ژیانی خۆش‌و گوزەرانی ئاساییو کاری بەردەوام بژمێردرێ.

بەلام خەسڵەت‌و نیشانەکانی جوانی دڵبەرانی دەوڵەمەندو ئەشرافان بە تەواوی جیاوازە لەوەی کە گوترا، شتێکی بەڵگە نەویستە کە باب‌و داکی دڵبەران و شۆخانی دەوڵەمەندو ئەشرافزادە لە هەموو تەمەنی خۆیاندا کاری دەستییان نەکردووە، بۆیە ماسوولکەی دەست‌و پێی هەر نەوەیەکی نوێی ئەم خێزانانە لاوازتر دەبێ‌و ئێسکی لەشیان ناسکتر دەبێ‌و لە ئەنجامدا وردە وردە دەست‌و پێیان بچووکترو ناسکتر دەبێ ( کەواتە دەست‌و پێی ناسك‌و بچووك نیشانەی ژیانی ئاسوودەو رەنج نەدانی بەدەنییە، یانی نیشانەی ژیانی چینە بالاکانەو ئەگەر ژنێك لە چینی ئەشراف دەست‌و پێی گەورە بێ، بێ چەندوچوون یان نوقوستانە یا لەبنەڕەتدا لە خێزانێکی ئەشرافزادەی دەوڵەمەند نییە. بەم پێیەو بە هەمان پێودانگ جوانانی ئەشرافزادە گوێیان بچووکە، کە مخوێنی نەخۆشیەکی سەرنج ڕاکێشە، بەلام هەرگیز بێ هۆ نییە، کارنەکردن هۆی ئەوەیە کە خوێن هەمیشە لە ئەندامەکانی ناوەندی بەدەن بمێنێ یا بەرەو مێشك بچێ ،دەماخ کە بە هۆی لاوازی گشتی ئۆرگانیزمەوە دەبزوێ، پتر بوروژێنێ، ئەنجامی ئەم هۆیانە مایەی گیروگرفتی بەردەوامی زۆری وەك: (نەخۆشی و وروژانی دەماخە، ئەو نەخۆشیە کە ئەنجامی ژیانی تەمەڵانەو کار نەکردنە لە روانگەی خەڵکی دەوڵەمەندەوە ئاساییەو هەندێجار دەبێتە مایەی وڕوژانی بەخیلیو حەسوودی ڕەقیبەکان.

نەخۆشیو لاوازیو سیسبوون، خەیاڵ پڵاویو خەمیش ئەگەر ئەنجامی ڕێبازی ژیانی ئەشرافیو کار نەکردن بێ، ئەوا لە روانگەی ئەم تاقمە خەڵکەوە بە بەشێك لە خەسڵەتو نیشانەکانی جوانیو شۆخی دەژمێردرێ، ڕەنگزەردیو خەیاڵ پەروەریو نەخۆشی، لە روانگەی چینی ئەشرافەوە بایەخێکی دیکەی هەیە، لەکاتێکا کە کرێکار یا جووتیار لە هەوڵی حەسانەوەو ئاسوودەیی دایە، ئەوا دەوڵەمەندو چینە باڵاکان کە هەرگیز پێویستی داراییو ماندوێتی لەش ناناسن، لەبەر بێکاریو دەوڵەمەندی بە دڵتەنگیو خەمبارییەوە دەکەونە هەوڵی: ( شتی بزوێنەرو وروژێنەرو شەهوەتەوە ) هەوڵدەدەن ڕەونەق بە ژیانی بێزارکەری خۆ بدەن، بەڵام هەستی توندو ئارەزووی سوتێنەر زوو مرۆڤ دەپوکێنێتەوە، کەواتە دەوڵەمەندان کە هەمیشە وێڵی دووی ئەم حاڵەتو ئارەزووانەن، چۆن دەتوانن شەیدای خەیاڵ پەرستی و ڕەنگ پەڕیوی جوانان نەبن.

چرنیشفسکی لەو دێڕانەی سەرەوەدا بلیمەتی خۆی سەبارەت بە تایبەتمەندێتی چینایەتی ئیستاتیکاو ڕەنگدانەوەی لە هونەردا دەربڕیوە. چرنیشفسکی لە بەرهەمە هونەرییەکەی خۆیدا، ڕێبازی کاری شاعیری بە ئاشکرا دیاری کردووە. بە باوەڕی ئەو شاعیر پاش هەڵێنجانی ناوەڕۆکە هونەریەکانی خۆی لە جیهانی واقیعەوە دەبێ بتوانێ لە زەینی خۆیدا جیاوازی نێوان بەرجەستە کردنی وێنە هەمیشەییەکانو وێنە ڕێکەوتەکیەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ریشەو جەوهەری ڕەوشتی قارەمانەکانی خۆی بە چاکی دەرك بکاتو بە چاوی تیژو ڕاستی بینەوە، خەسڵەتە ڕۆحیەکانو سۆزی دەروونیان بخوێنێتەوە، دەبێ بتوانێ سیمای ئاساییو بنەڕەتی ئەو کەسە بنوێنێ کە دەیەوێ وێنەی بگرێو بەرجەستەی بکات، دەبێ بزانێو هەست بکات کە کاری ئەو کەسە لەو وەزعو حاڵەدا کە شاعیر وێنەی گرتووە چییەو چۆن قسان دەکات، ئەنجام دەبێ نیگارکێشێك بتوانێ چەمکی قسەکانی شاعیر لە وێنەکەیدا بڕەنگێنێ، یانی قارەمانی چیرۆکەکەی شاعیر وەکو چۆن خۆی ویستوویەتی وێنە بگرێ.

چرنیشفسکی نووسەران لە پەیڕەو کردنی ( لایەنانی نادروست ) ئاگادار دەکاتەوەو هونەر هان دەدات کە لۆقە لۆق دوای ژیان نەکەوێ، بەڵکو ئەرکی هونەر بەوە دەزانێ کە ئەو رواڵەتو دیاردە نوێیانەی لە ژیانی کۆمەڵدا پەیدا بووەو یا هاتوونەتە نێو کارەکەوە، لە نێو کۆمەڵەوە دەربێنێو بە خەڵکی نیشان بدات. ئەم هونەرناسە مەتریالیستە لە وتارە سەرەتاییەکانی خۆیدا سەبارەت بە شیعرو بەرهەمی ئەرستۆ، بەم چەشنە رای خۆی دەربڕیوە کە شیعر نابێ ڕووداوە ڕەوتەنیو ڕێکەوتەکیەکانی ژیان وێنە بگرێ. بەڵکو دەبێ ئەو شتانەی لە ژیاندا هەنو پێوەندی بەردەوامیان بە ژیانەوە هەیە وێنە بگرێو بخاتە روو.

بۆچوونە هونەرییەکانی چرنیشفسکی کارێکی زۆری کردە سەر ڕێنوێنی هونەری ئایندەو کارێکی ئەوتۆی لە هونەرمەندان کرد کە بەرهەمی هونەری یەکجار بەرز بێننەکایەوە، ئەم بۆچوونە هونەریانە بوونە هۆی بە پیتکردنی هونەرو، هونەری خستە سەر شارێی پەرەسەندن، هەڵبەتە ئاشکرایە کە مێژوو دروستی ئەم قسەیەی سەلماندووە.

چرنیشفسکی ڕۆڵێکی باڵای لە پەرەسەندنو گەشە کردنی هونەری ریالیستی رووسیادا هەبووە.

نووسەرانی گەورەی وەك نکراسوف، سالتیکۆف، چدرینو کارالینکۆ سوودیان لە سەرچاوەی زوڵاڵو بە پیتی بۆچوونە هونەریەکانی چرنیشفسکی وەرگرتووە:ئەم بۆچوونانەی کە هونەرمەندانی بەرەو ریالیزم واتە بەرەو باوەشی ژیانی راستەقینە بانگکردووە.

ئیستاسۆف کە یەکێك بووە لەوانەی لە بواری هونەردا حیساب بۆ ڕاوبۆچوونی کراوە گوتوویەتی " لە سایەی بەرەکەتی بۆچوونە هونەرییەکانی چرنیشفسکییەوە، رووکردنە دنیای عەقڵی ساغو هەستی دروستو ڕاستیخوازیو دوورە پەرێزی لە رازاندنەوەی بازاڕیو بێنرخ لە دنیای هونەرمەندانی نوێی رووسیا، خەڵکانی وەك (کرامسکی، ریپین، پرۆف) هەڵدەکەونو زیاد دەکەن.

لە بەشی مۆسیقادا دەستەیەکی کارامە هاتە ئاراوە و ئاوازدانەرانی نێوداری وەك: (باڵا کیرۆف، کیۆم، مۆسۆرکی، بارۆدین، ریمسکی کیرساکۆف ) هەمان تەفسیراتی ریالیستیو رووکردنە هونەری میللیان لە بەرهەمی خۆدا بەرجەستە کرد کە چرنیشفسکی جاڕی بۆ دەدا، بالاکیرۆف لە نامەیەکیدا بۆ ریمسکی کیرساکۆف، دان بەوەدا دەنێ و باسی کارتێکردنی ئامۆژگارییەکانی چرنیشفسکی لەسەر بەرهەمە زیندووەکانی خۆی دەکات.

هەروەها لە مەیدانی بەردتاشی و پەیکەرسازیدا کاریگەری باوەڕو بوچوونە هونەرییەکانی چرنیشفسکی بە شێوەیەکی دیارو ئاشکرا لەسەر کارەکانی ئەنتۆکۆلسکی دەبینرێ.

بۆچوونە هونەرییەکانی چرنیشفسکی کاری کردۆتە سەر نووسەرانی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتیش، لە نووسەرە ئۆکرانیەکان: شۆجنکۆ، ئیڤان فرانکۆ، لە نووسەرە گورجیەکان: ئاگاکی تسرتلی، لە نووسەرە ئەستوونیەکان: کاستاخاگۆرف، لە نووسەرە جفاشیەکان: ئیڤانۆف. هەر هەموو ئەمانە لە بەرهەمەکانی خۆیاندا لە بارەی ناوەڕۆكو رێبازی هونەرییەوە پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی چرنیشفسکیان کردووەو سوودیان لێوەرگرتووە.

دەسەڵاتی چرنیشفسکی سنووری وڵاتی رووسی بەزاندووەو کاری کردۆتە سەر وڵاتانی سلاڤیش. نووسەرانی سربیای وەك بسۆتۆزارف، مارکۆفج راگیج...هتد، لە سایەی کاریگەری باوەڕوبۆچوونەکانی چرنیشفسکییەوە بەرهەمی دیاری خۆیان خەملاندووە، نووسەرانی بولغارستانیش وەك: وازۆف، کارافیلۆف، یۆنفو... هتد، بە هەمان شێوە بۆچوونە هونەرییەکانی چرنیشفسکییان لە بەرهەمی خۆدا بەرجەستە کردووە. (باکالۆف)ی دانای نێوداری بولغارستان ئەم ئیعترافە دەکا:

"سۆسیالیستەکانی بولغارستان بەر لەوەی بە تەواوی ئاشنای باوەڕەکانی مارکس ببن، ئاگاداری تەواویان لەمەڕ بۆچوونە هونەریو باوەڕە فەلسەفیەکانی چرنیشفسکی هەبووە، ئەم وەچەیەی کە لە قوتابخانەی چرنیشفسکیدا فێر بووەو گەییوەتە مارکسیزم، هەرگیز خۆشەویستی گەرمی خۆیان دەرهەق بە یەکەم مامۆستایان لە بیر ناکەن".

## <u>باوەڕە فەلسەفیەکانی چرنیشفسکی:</u>

چرنیشفسکی بەدیارترین نوێنەری فەلسەفەی کلاسیکی سەدەی نۆزدەی رووسیا دەژمێردرێ، لینین نرخو بایەخی زۆری بە باوەڕو بۆچوونە فەلسەفیەکانی ئەو دەدا، لینین لەمبارەیەوە – دەڵێ: "لە راستیدا چرنیشفسکی تاقە نووسەری گەورەی رووسە کە توانی لە ١٨٥٠- ١٨٨٨ لە باڵاترین ئاستی فەلسەفەی ماتریالیزمدا بمێنێو قسە بێهودەو توڕەهاتەکانی نیوکانتیستەکان، پۆزیتۆڤیستەکان، ماخیستەکانو سەر لێشێواوانی دی تووڕ بدا ".

چرنیشفسکی پەیڕەوی ڕێبازو یاساکانی مەتریالیزمی کردو، خستیە سەر ڕێگەی پێشکەوتن‌و گەشەکردن، ئەو ڕێبازو یاسانەی کە بە هۆی کەسانی وەك: لامانۆسۆف، بیلینسکی، و گرتسن لە فەلسەفەی رووسدا بناغەی بۆ دانراو بیناکرا.

چرنیشفسکی تیۆری بۆچوونە مەتریالیستیەکانی لەسەر سروشت‌و ئادەمیزاد پیادە دەکرد، لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئەوەی لە جیهاندا بوونی هەیە ماددەیە، ماددەش چۆنیەتی جۆراو جۆری هەیە، ئاشکرابوون‌و دەرکەوتنی ئەم چۆنایەتیانە هێزەو، ئەوەی کە ئێمە ناوی یاساکانی سروشتی لێدەنێین هەمان ڕێگە جۆراوجۆرەکانی کارو کاردانەوەی هێزەکانە"..چرنیشفسکی لە سالانی دەسەڵات‌و ڕەونەق‌و رەواجی ئایدیالیزمدا یەکجار ئازایانە لە چاپەمەنیە گیرۆدەکانی سانسۆری رووسیای تزاریدا تیۆری‌وبۆچوونەکانی فەلسەفەی ماتریالیزمی باس دەکردو، باوەڕی خۆی لەمەڕ سروشتی مرۆڤایەتی، لەگەڵ تەعلیماتی نوقوستان‌ونادروستی ئایدیالیستەکاندا بۆ بەراوردو لێکۆڵینەوە دەخستە روو، لە وتارێکیا بە ناوی ( ریشەکانی مرۆڤ ناسی لە فەلسەفە )دا بە پشتیوانی زانستەکانی بایۆلۆجیاو فەلسەفەی ئەو سەردەمەوە بە دڵنیایی‌و ئاشکرایی تەواوەوە، یەکێتی بەدەن‌ورۆحی شرۆڤە کردووەو نووسیویەتی ( پزیشکگەری )و فیزیۆلۆژی‌و کیمیا، دەیسەلمێنن کە هیچ جۆرە دوالیزمێك لە مرۆڤدا نابینریو فەلسەفە لەم بارەیەوە دەڵێ: " ئەگەر مرۆڤ جگە لە سروشتی واقیعی‌و ڕاستی خۆی سروشتێکی تری هەبا، بێگومان دەبوو شوێنەواری ئەو سروشتە بەو شێوەیە دەرکەوتبا، بەڵام چونکە سەرجەمی ئەو کردارانەی لە ناوەوەی مرۆڤدا ڕوودەدەن، تەنیا پابەندو ئە نجامی سروشتی واقیعی‌و ڕاستی ئەوە، کەواتە چ سروشتێکی دیکە لە مرۆڤدا نییە ".

چرنیشفسکی دەڵێ: "ئەزموون سەرچاوەی زانین‌و وشیاری ئێمەیە، ئەو شتانەی لە دەرەوەی سنووری هۆش‌و دەرکی ئێمەدا هەن کاردەکەنە سەر هزرو عەقڵی ئێمەو دەبنە مایەی ئەوەی کە ئێمە، هەستیان پێبکەین، کەواتە بەم پێودانگە کاری بیرکردنەوەی مرۆڤ پابەندە بەو مەرجەوە کە کۆمەڵێك دیاردەو شت لە دەرەوەی هزروبیری ئێمەدا هەبن. کەواتە هەستودەرکی ئێمە پێویستی بە دوو رەگەزی فیکری هەیە، کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە:

١- دەبێ شتێك لە دەرەوە هەبێ تا ئەم هەست‌و دەرکە لە ئێمەدا بێنێتە دی.

٢- کەسێکی هەستکەر هەبێ کە ئەم هەست‌و دەرکەی لێدەربکەوێ.

چرنیشفسکی ئەم بیرە لە وتارەکانی تری خۆیدا پتر باس دەکات‌و هەر لەم ڕێگایەوە یەکێتیی مەتریالی جیهانی دەسەلمێنێ، بە پێی باوەڕی چرنیشفسکی ناوەڕۆکی خەیاڵ‌و تێڕوانینەکانی مرۆڤ پەیوەندیان بە بوونی مرۆڤەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو شتانە هەیە کە مرۆڤەکە هەڵسوکەوتیان لەتەکدا دەکات‌و تووشیان دەبێ...و ئەم دیاردەو شتانە فیکر دێننە ئاراوەو کاردەکەنە سەر هزرو زەینی مرۆڤ...چرنیشفسکی سڵ لەو باوەڕو تیۆرییە مەتریالیستیە توندو ڕەقە دەکاتەوە کە دیاردەو رواڵەتی روحی لەگەڵ دیاردە بەدەنیەکاندا بە یەکسان دەژمێرێ.لە گوتاری (ریشەکانی مرۆڤناسی لە فەلسەفە )دا بە مجۆرە، ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکات: " لە پاڵ رەچاو کردنی یەکێتیی سروشتدا. دوو چەشنە دیاردە لە مرۆڤدا دەبینین، دیاردەی مەتریالی ( مرۆڤ دەخواو دەخواتەوەو ڕێدەکا )و دیاردەی گوایە ( رۆحی مرۆڤ تێدەفکرێ‌و هەست دەکات‌و ئارەزوو و ئەڵهای هەیە ) نووکە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە : ئاخر ئەم دوو

چەشنە دیاردەیە لەگەڵ یەکێتیی سروشتی مرۆڤدا ناکۆكو جیاوازە؟ زانستە سروشتیەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێن: "چ پێویستمان بە خستنە رووی ئەم گریمانە نییە، چونکە لە سروشتدا هیچ شتێك نییە تەنیا یەك چۆنێتی هەبێ، ئەرکی جۆراوجۆرو جیاوازی یەك شت بەشێکە لە یاسا گشتییەکانو هەمیشە گۆڕانی چەندێتی دەبێتە مایەی گۆڕانی چۆنیەتی".

لێرەدا چرنیشفسکی ئاوڕ لەو بۆچوونە دەداتەوە کە بیرکردنەوەو هەستکردنو دیاردە رۆحیەکانی دی خەسڵەتی چۆنیەتیە تایبەتەکانی مرۆڤە.

زانیاریمان بەردەوام بەرەو گەشە کردنو خەملین دەچێ. ( مێژووی زانستەکان دەیسەلمێنن کە گەلێ لە زانیاریەکا نمان لە سایەی بەرەکەتی، ئەوەی کە ئەمڕۆ پتر لە جاران زانیاریمان هەن شێوەیان گۆڕاوە).

چرنیشفسکی لە ئاکامی تاقیبکردنو بەدواداچوونی ئەم باسەوە دەگاتە ئەو سەرە نجامەی کە داکۆکیکارانی بەرژەوەندی و قازا نجی چینەکانی خوارەوە، نابێ هەرگیز خەیاڵی دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی هەژاران لە مێشکی خۆ دەربکەن.

چرنیشفسکی لە گوتاری (ریشەکانی مرۆڤناسی لە فەلسەفەدا) دەڵێ: "بەپێی پرەنسیپەکانی دەروونناسی گەورەترین سەرچاوەی خەسڵەتی درێوو کرێتو، کاری ناپەسەند، نەبوون یا کافی نەبوونی هۆیەکانی دابینکردنی خواستو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانە.

دەتوانرێ بوترێ وەختێ ئینسان پەنا دەباتە بەر کاری کرێت واتە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خەڵکانی دی، کە ناچار بێ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی، خەڵکانی دی لە هۆیەکانی خۆشگوزەرانی بێبەش بکات.

چرنیشفسکی بۆی دەرکەوتبوو کە رێبازی ژیانو بارودۆخی هەر کۆمەڵگەیەك جۆری بیرکردنەوەو رەفتارو خەسڵەتی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکات، چرنیشفسکی لە بواری شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هەنگاوی گەورە دەنێو دەڵێ: "پاش پێداویستی هەناسەدان، پێویسترینو یەکەمین خواستی مرۆڤ خواردنو خواردنەوەیە، بەڵام هۆیەکانی دابینکردنی ئەم خواستانەو دەستەبەرکردنی ئەم پێداویستیانە لەلای زۆربەی خەڵك کافی نین. هەر ئەم مەسەلەیەش دەبێتە سەرچاوەو بنەوانی گەلێك کاری کرێتو درێوو ناپەسند، ئەگەر کاری جیدی بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنیا سەرچاوەیەی کرێتیو ناپەسەندییە بکرێ، واتە لابردنی هەژاری و دەست کورتی، ئەوا بێگومان هەر زوو بە زوو ٩٠٪ی هەموو ناپەسەندییەکان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نامێنێ".

چرنیشفسکی ئەو تیۆرییە ئایدیالیستییەی کە دەڵێ:(کاری کرێتو نا پەسەندی مرۆڤ ئەنجامی بەڵگە نەویستی ئارەزوو و ئەلها زەینییەکانیەتی ) رەفز دەکاتو باوەڕی بەم پرەنسیپەیە کە: رەفتاری مرۆڤ پەیوەندیەکی پتەوو بەتینی بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەوەوە هەیە. چرنیشفسکی لە وتارەکانی هەوەڵی خۆیدا سەبارەت بە ( پێوەندیە ئیستاتیکیەکانی هونەر بە واقیعەوە نووسیویەتی: " ئەزموونو کار نەك هەر گەورەترین ئاشکراکەری گومڕاییو خۆ خەڵەتاندنو خۆ پەسەندییە لە کارە پراکتیکییەکاندا، بەڵکو ئەزموون، هەڵە فیکریو هەستیەکانیشمان ئاشکرا دەکات ".

چرنیشفسکی بایەخێکی زۆری بە ریشەی (کارو ئەزموون) وەکو بنج برترینو دروستترین شێوازی تاقیکردنەوەی ئەنجامی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەداو لەمبارەیەوە دەنووسێت: " زانستو زانیاری لەم

ڕۆژانەی دواییدا گەییوەتە ئەو قۆناغە پرکەماڵەی کە ناچاردەبێ پێداویستییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ کە مرۆڤ حەقی خۆیەتی بۆ خۆڕازیکردن لە نێو دیاردە واقیعیەکانی ژیاندا بۆی بگەڕێ، لە پێداویستییە خەیاڵییەکانی مرۆڤ کە بەشێوەی خەیاڵاتی بێهودە ماوەتەوەو دەبێ وەمێنێ بەیەکجارەکی جودا بکاتەوە ". ئەو ڕوونکردنەوەیە بیری قوڵی داد پەروەری کۆمەڵایەتی گرتۆتە خۆی، چرنیشفسکی پتر بەرەو پیری ئەم بیرە دەچێتو هەر کەمێك پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە لە هەمان گوتاردا ئاشکراترو موکومتر دەڵێ: "بۆ دیاریکردنو جیاکردنەوەی هەوڵی خەیاڵی کە بەشێوەی خەیاڵاتی بێهودە یا خەونی نامەفهوم لە مێشکە نەخۆشەکاندا دەدرەوشێتەوە، لە پێداویستییە ڕاستیو یاساییەکانی سروشتی مرۆڤ کە دەبێ باوەڕمان بە بایەخو گرنگیان هەبێ، دەبێ پێوەرو عەیارمان چیبێ؟ کێ لەم حوکمدانە هەرە گرنگەدا داوەری دەکات؟: ئاشکرایە مرۆڤ بە هۆی ئەزموونەکانی ژیانی خۆیەوە حوکم دەداو ڕاو بۆچوون دەردەبڕێ، (کارو ئەزموون واتە سەنگی مەحەکی گشت بۆچوونەکان، لێرەشا هەر دەبێ کردار مەسەلەی ڕێنوێنییەکان ئە نجام بدات".

لە دنیای فەلسەفەی چرنیشفسکیدا مەتریالیزم چەمكو بایەخێکی تایبەتی گرتۆتەخۆ، زانای گەورەی ڕووس کە بە دڵو بەگیانو بە پەرۆشێکی فراوانەوە لە پێناوی چاکبوونی ژیانی چەوساوانو دێهاتیانی کۆیلەدا کە لە ڕووسیای تزاریدا لە مافی کۆمەڵایەتی بێبەش بوون، خەباتی دەکرد. هەندێ پرەنسیپی نوێو خاڵی تایبەتی ئەوتۆی خستە سەر مەتریالیزم کە بووە مایەی گۆڕینی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە باری قازا نجی چینی ڕەنجبەرانو هەژارانی چەوساوە.

چرنیشفسکی بە پێچەوانەی فیورباخو فەیلەسووفانی تری ئەورو پای ڕۆژئاواوە فەلسەفەی لە سیاسەتو دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی جیا نەدەکردەوە.

چرنیشفسکی لەم بارەیەوە دەڵێ: "کارو ئەزموون حەقیقەتی فیکرە. یانی بۆ نموونە تەنیا بە کارو کردەوەی ئەو کەسەی کە دەڵێ: (من دلێرو ئابڕومەندو دروستکارم) دەتوانرێ بزانرێ کە ڕاستو دروستی گوتووە یا ئەم خەسڵەتەی بەدرۆ داوەتە پاڵ خۆی.

ژیانی مرۆڤ خاسیەتە سروشتییەکانی ئەو دیاریدەکات، هەروەها ئەوەش دیاریدەکات کە ئەلهاو ئارەزووەکانی چین، تۆ دەڵێی من برسیمە، زۆر چاکە، نوکە دەبێ ئەوە ببینرێ کە تۆ لەسەر سفرە بیانوو لە خواردن دەگری یان نا، ئەگەر لە خواردنی خۆراکی سادە تۆرایتو لوتە لابویتو چاوەڕێ بوویت بۆ نموونە گۆشتی قازی برژاو حازر بکەن، دیارە لەم حاڵەتەدا تۆ وەکو گەدە برسیت نییە، بەڵکو بە تەنیا زمانت برسییە. هەروەها کاتێ کە لاف لێدەدەی گوایە حەزت لە زانستو زانیارییە، تەنیا هەوڵو کۆششت لە پێناوی بە دەستهێنانی زانستدا ڕاستی لاف لێدانەکەت دەسەلمێنێ".

لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ڕووسیای تزاری کە پرەنسیپی کۆیلەیی لە برەو و ڕەواج دابوو، هەژاریو دەستکورتی بێوێنە باڵی بەسەر جەماوەری خەڵکدا کێشابوو، بانگەوازی ئاشکرای چرنیشفسکی بۆ دابینکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی لە وتارە فەلسەفیەکانییەوە دەگەییە گوێی هەموو کەس، ئەم قارەمانە گەورەیەی ئازادی، ئەو دیموکراتە دلێرە، فەلسەفەی وەکو چەکێکی کاریگەرو بڕندە لەخەباتی سیاسیدا بەکاردەهێنا.

چرنیشفسکی بە تەواوی ئەمەی دەزانی کە هەموو جۆرە فەلسەفەیەك بۆ مەسەلەی ئازادی میللەت لە بارو پەسەند نییە.

**چرنیشفسکی لە نامە بە نێوبانگەکەی خۆیدا ( پرەنسیپەکانی مرۆڤناسی لە فەلسەفەدا ) خاسیەتەکانی فەلسەفەی کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی ئاشکرا کردووەو دەڵێ: "باوەڕی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی وهەموو چەشنە پرەنسیپێکی فەلسەفی بەتایبەتی، هەمیشە لە ژێر کاریگەری و دەسەڵاتی توندی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەدا دێتە ئاراوە کە پەیوەستە بەو دەورو زەمانەوە. چونکە هەر فەیلەسووفێك نوێنەری یەکێك لەو حزبە سیاسیانە بووە کە بۆ دەسەڵاتداری خۆی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە سەردەمی خۆیدا دەستی داوەتە خەبات، لێرەدا مەبەست لەو زانایانە نییە کە بە تایبەتی لایەنی سیاسی ژیانیان هەڵبژاردووەو ئاوڕیان لە کاروباری کۆمەڵایەتیش داوەتەوە. چونکە وابەستەگی حزبییان بۆ هەموو کەسێك روون و ئاشکرایە.**

**( شیلینك ) نوێنەری حزبێکە کە لە شۆڕشدا دەترساو لە نێو رێکخراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ رزگاری و سەرکەوتن دەگەڕاو تێدەکۆشا، تا ئەو دەوڵەتە فیوداڵییەی کە ناپلیۆنی یەکەم لە ئەڵمانیادا سەرانگرێی کردبوو، زیندووبکاتەوە.**

**هیگل لیبراڵێکی مام ناوەندی بوو، لە ئەنجامە فەلسەفییەکانی خۆیدا یەکجار محافزەکار دەهاتە بەرچاو. باسی ئێمەی تەنیا دەربارەی ئەم مەسەلەیە نییە کە باوەڕی ئەم کەسانە، باوەڕی تاك بوو، ئەم مەسەلەیە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو سەرا پای فەلسەفەکانیان لە رۆحی ئەو حزبە سیاسییانەوە ئیلهامی وەردەگرت کە بۆ خۆیان تێیدا بوون.**

**ئەم روونکردنەوەیەی کە: " رەنگە بارودۆخی رابردوو، وەکو ئێستا نەبوبێ و تەنیا ئەمرۆکەیە کە فەیلەسووفان دەزگای فەلسەفی خۆیان لە ژێر کاریگەری باوەڕی سیاسیدا بنیات دەنێن، روونکردنەوەیەکی گەلێك سادەو ساویلکانەیەو دەربڕینی ئەم بۆچوونە دەربارەی ئەو دەستە زانایە کە بە تایبەتی بەشی سیاسی زانستی فەلسەفەیان کردووە بە پسپۆری خۆیان ساویلکانەترە".**

**ئەم بیرە بنەڕەتیەی چرنیشفسکی دەربارەی ئەوەی کە هەر دەزگایەکی فەلسەفی سوود لە ئایدیۆلۆژیای دانەرو رۆحی ئەو حزبەی کە دانەری تێدایە وەردەگرێ، بیرێکی دروست و بەجێیە هەروەها ئەم مەسەلەیەش کە: هەموو جۆرە فەلسەفەیەك بۆ دەربڕینی زانیاری و زانستی میللەت بەنرخ نییە، تەواو دروست و لۆژیکانەیە.**

**چرنیشفسکی پەی بەوە بردبوو کە تیۆری، بۆ چالاکی شۆڕشگێڕانەو خەبات دژ بە دەزگاکانی حکومەتی فیوداڵی تزاری گەلێ بەبایەخە.**

**چرنیشفسکی لەلای روون بوو کە: ئەرکی فەلسەفە بریتییە لە روونا ك کردنەوەی رێگەی شۆڕش و گۆڕینی ژیانی کۆن.**

**فەیلەسوفی گەورەی رووس ئاگاداری ناکۆکیەکانی نێوان پرەنسیپ و بنەماکانی دیالێکتیکی هیگل بوو، لەم بارەیەوە دەڵێ: "هیگل هەر ئەوەندە هێزو توانای هەبوو کە توانی باوەڕە گشتییەکانی بخاتە روو، بەڵام ئەو توانایەی نەبوو کە ئەم ریشەو پرەنسیپانە لەلادان بپارێزێت، گشت ئەنجامە پێویستەکان بە زەبری حوکمی لۆژیك هەڵێنجێنێ".**

**چرنیشفسکی، ئایدیالیزم و ئەنجامە سیاسییەکانی هیگلی رەتکردەوە، بەڵام هەوێنە دیالێکتیکیەکەی لێ جیاکردنەوە. چرنیشفسکی لە نووسینێکدا بە ناوی ( نەقدی ئەدەبیاتی رووس لە سەردەمی گۆگۆڵدا )**

شێوازی بیرکردنەوەی دیالێکتیکی بەکار هێناو ئەوەی سەلماند کە بەدواداچوون و خوێندنەوەی هەموو لایەنەکانی بەرهەمێك و دۆزینەوەی ناکۆکییەکانی ناوەوەی ئەو بەرهەمە زۆر پێویستە.

چرنیشفسکی لەو نووسینەیدا دەڵێ: "فەیلەسوف نابێ هەر بە ئەنجامی ئیجابی واز بهێنێ و دڵی دابکەوێ، بەڵکو دەبێ لەوە بکۆڵێتەوە کە هێزو چۆنیەتییەك لەو شتەدا کە ئەو بیری لێدەکاتەوەو دەیخوێنێتەوە خۆی مەڵاس نەدابێ، لەگەڵ ئەوەی کە لە سەرەتادا بایەخی داوەتێ ناکۆك و جیاوازبێ، بەمجۆرە فەیلەسوف چاری ناچارە کە شت لە هەموو لایەن و بابەتێکەوە موتالا بکات، چونکە راستی تەنیا لە رێگەی خەبات و ململانێی باوەڕە ناکۆك و کۆکەکانەوە ئاشکرا دەبێ. بۆ نموونە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: (ئایا شەڕ شوومو خراپە؟) نابێ بەشێوەیەکی گشتی و بنبڕ وەڵام بدرێتەوە، دەبێ ئەوەڵجار بزانرێ کە مەبەست لە چ شەڕێکە هەموو شتێك پەیوەندی بە باری زەمان و شوێنەوە هەیە، بۆ میللەتانی پاشکەوتوو زیانی شەڕ کەمترو قازانجی پتر هەست پێدەکرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە شەڕ بۆ میللەتانی پێشکەوتووو خاوەن شارستانیەت قازانجی کەمو زیانی زۆرە، وەك چۆن جەنگی ١٨١٢ بووە مایەی رزگاری و ئازادی میللەتی رووس و شەڕی (ماراتۆن) بە یەکێك لە چاکترین رووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دێتە ژماردن".

چرنیشفسکی لە هەندێ لە بەرهەمەکانی خۆیدا یاساکانی دیالێکتیکی پەرەسەندن روون دەکاتەوەو ئەوە نیشان دەدا کە پەرەسەندن تەنیا گۆڕانی سادە نییە، بەڵکو گۆڕانە لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ قۆناغێکی بالاتر. چرنیشفسکی بە متمانەی تەواوەوە دەڵێ بێگومان وێنەی نوێ و بالاتری رووداوەکان بەسەر وێنە و شێوە کۆنەکانیانا زاڵ دەبێ.

چرنیشفسکی لە خەباتی نوێخوازی و لە ناکۆکییەکانی نێوان نوێ و کۆندا هێزی بزوێنەری پەرەسەندن دەبینێ و لەم بارەیەوە دەڵێ " تا ئێستا مێژوو بۆ نموونەش وێنەیەکی نیشان نەداوە کە سەرکەوتن بەبێ خەبات هاتبێتە دی ".

بە باوەڕی ئەو گۆڕان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە تەنیا لە رێگەی شۆڕشەوە بەدی دێت و "کۆمەڵ بە هێزی شۆڕشگێڕانی شێلگیر پێش دەکەوێ".

دیموکراتی مەزنی رووس، گەییبووە قۆناغی خەباتی چینایەتی و، خەباتی چینایەتی بە هێزی بزوێنەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و داینەمۆی رەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتی دەزانی.

لینین لەم بارەیەوە دەڵێ "بەرهەمەکانی چرنیشفسکی بۆنی خەباتی چینایەتیان لێدێت".

چرنیشفسکی لە دواساڵەکانی تەمەنیشیا بەهەمان تین و تاو و پایەداری سەردەمی لاوییەوە داکۆکی لە بیروباوەڕی مەتریالیستی دەکرد، وەك ئەمە بە ئاشکرا لەو گوتارەیدا دەردەکەوێ کە پاش گەڕانەوەی لە تاراوگە، لەسەر تیۆری (دەرکی زەینی کانتی نووسیبوو).

ناوبراو لە پێشەکی چاپی سێیەمی (پێوەندیە ئیستاتیکیەکانی هونەر بە واقیعەوە) لەو نامانەیدا کە لە سیبریاوە بۆ منداڵەکانی خۆی نووسیبوو ( ناتورالیستەکانی لەم بارەیەوە بە هەڵە زانیوەو لۆمەی کردوون کە گوایە لە کاتێکا هەوڵدەدەن تیۆری فراوان دەربارەی یاساکانی چالاکی عەقلی مرۆڤ دابنەن، کەچی هەمان تیۆری ئایدیالیستی کانت دووبارە دەکەنەوە).

لینین، خزمەتگوزاری چرنیشفسکی لە مەیدانی مەسەلەی بڵاوکردنەوەی باوەڕی مەتریالیستی لە رووسیادا زۆر بە گرانبەها دەژمارد، وەك بە ئاشكرا لە وتاری (سەبارەت بە بایەخی خەباتگێڕان لە پێناوی بیروباوەڕی مەتریالیزم)دا نووسیویەتی: " خۆش بەختانە لە بواری بنەڕەتی بیری پێشڕەوی کۆمەڵایەتی رووسدا یاسای پتەوی مەتریالیستی هەیە، خۆ ئەگەر بمانەوێ نێوی بلیخانۆف نەبەین، ئەوا نێوبردنی چرنیشفسکی بە تەنیا بەسە ".

## بەرهەمە هونەرییەکانی چرنیشفسکی:

ساڵی ١٨٦٠ هاتە بەرەوە، جەنگی قرم، پوچەڵی باری کۆمەڵایەتی فیوداڵی ئاشکرا کرد. بە زینی رووسیای تزاری لە جەنگی قرمدا جەزرەبەیەکی گورچکبڕی لە پەیکەری کۆنە پەرستیو بناغەکانی دەسەڵاتی نیکۆلایی دا، پەرەسەندنو گەشەکردنی ڕا پەڕینی ئازادیخوازی لە وڵاتدا دەستی پێکرد، هەوری توندی یاخیبوونو شۆڕش بەری ئاسمانی رووسیای گرت.

ئەوەی مایەی سەرنجەو بە نیشانەی تایبەتی سەردەمی نیکۆلای یەکەم دێتە ژماردن، پەرەسەندنی بەردەوامی بزووتنەوەی جووتیاران بوو، لە ساڵی ١٨٢٦- ١٨٣٤ دا (١٤٨) جار، لە ساڵی ١٨٣٥ تا ١٨٤٤، (٢١٦ )جار، لە ساڵی ١٨٤٥- ١٨٥٤، (٢٨٤ )جارو لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەلیکساندەری دووەمیشدا ١٨٥٥- ١٨٦١، (٤٧٤ )جار دێهاتیانی رووس دەستیان دایە یاخی بوونو شۆڕش.

لینین لە گوتاری (تێشکانو هەڵوەشاندنەوەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم)دا ئەوە دەسەلمێنێ کە لە ساڵانی ١٨٥١- ١٨٦١ لە رووسیادا شۆڕش لەسەر پێ بوو، دیارە مەحاڵ بوو لەم ساڵانەی هەڵچوونو گەشەکردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەدا فیکر لە نێو گوندنشینانی کۆیلەدا بڵاونەبێتەوە...گەرچی دەورانی کۆیلایەتی تا رادەیەك جەماوەری جووتیارانی لەگەڵ زوڵمو زۆردا ڕاهێنا بوو و هەوڵی دەدا بە رادەیەك گەوجیان بکات،کە لە کاتی ریفۆرمدا تەنیا ئەوەندەیان لە دەست بێ دەست بدەنە یاخی بوونی پەڕاگەندەو لێکدابڕاوو دامەزراندنی هەندێ دەستەی شۆڕشگێڕی بێ ئاگا لە گشت وشیاریو زانیاریەکی سیاسی، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا هەر لەو کاتانەدا لە رووسیادا شۆڕشگێڕی ئەوتۆ هەبوون کە لایەنو پشتی گوندنیشینیان دەگرتو هەستیان بەبێ بایەخی ریفۆرمی زەویو گشت سیفەتێکی کۆیلایەتی ئەو ریفۆرمانە دەکرد، نیکۆلای گاڤریلۆڤیچ چرنیشفسکی سەرئامەدی ئەو شۆڕشگێڕە کەمانەی ئەو کاتانە بوو، کە نیکراسۆف، دابرالیوبوف، میخائیلۆف ، شلگونوفو هی دی رووناکیان لەتیشکی هەتاوی بوونی ئەوەوە وەردەگرت.

بازنەی چالاکییەکانی چرنیشفسکی یەکجار بەرین بوو جگە لە بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژنامەی (هاوچەرخ) رێبەری بەشی هەرە زۆری کارە شۆڕشگێڕییە نهێنییەکانیشی دەکردو،دەستی لە دامەزراندنی رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی (زەویو ئازادی)دا هەبوو. لەو دەمانەدا داکۆکیکەران لە بەرژەوەندی جەماوەر، بە هەموو لایەنەکانیانەوە ،لە لیبراڵەکان جیابوونەوەو رێبەرانی(دیموکراتی دێهاتیان) دڵنیابوون لە لاوازی و ترنۆکی لیبرالەکان، بۆیان ساخ بۆوە کە لیبراڵەکان تەنانەت ناتوانن لە پێناوی بەدیهاتنی بەرنامە مامناوەندییەکەی خۆشیاندا بخەبتن.

ليبراڵە ترسنۆکەکان کە ترسیان لە تارمایی شۆڕشی دێهاتیان پەیدا کردبوو بەرە بەرە کەوتنە دوژمنایەتی کردنی رابەرانی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان، کە لە پێناوی بەرژەوەندی جووتیاراندا دەخەبتین، تاوای لێهات دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانیان لە دەوڵەتی زۆرداری تزاری پتر بە دوژمنی خۆ دەزانی، لە ئاکاما کەلێنێکی گەورە کەوتە نێو ئەم دوو بەرەیەوە، لینین لە ساڵی ١٩١١دا وتوویەتی: " لیبراڵەکانی ساڵی ١٨٦٠وچرنیشفسکی بە نوێنەری دیاری وەرچەرخانی مێژوویی و، دوو هێزی مێژوویی دێنە ژماردن، چرنیشفسکی لەو سەردەمەوە تاکو نووکە واتە تا سەردەمی ئێمە رێبازی خەباتی بۆ دامەزراندنی رووسیای نوێ داناوە ".

چرنیشفسکی بەخۆشی هەستی بەم مەسەلەیە کردبوو، چونکە ئەوەتا لە ساڵی ١٨١٥ لەم بارەیەوە گوتوویەتی: "جیاوازی بیروڕای ئەو خەڵکانەی کە هەنووکە دژ بە یەکدی هەستاون، سەروەختێك هەستپێکراو نەبوو، بەڵام چونکە ئەو کاتانە ژیانی کۆمەڵایەتی وەکو ئەمڕۆ پەرەی نەسەند بوو، بۆیە مەسەلە گرنگ و گیروگرفتەکانیش وەکو ئەمڕۆ زۆر نەبوون، ئەمە جگە لەوەی مەسەلەکانی ئەو کاتانە وەکو هەنووکە زەق و دیار نەبوون و بە وردی نەدەخرانە روو وەڵامدانەوەشیان بەو چەشنەی ئێستا جۆراوجۆرو فرەلایەن نەبوو". هەڵبەتە وەکو زانراوە پەرەسەندنی هێزی شۆڕشگێڕی ئەو زەمانە نەبوو بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی سۆسیالیستی، کۆنە پەرستی بەرە بەرە دەسەڵاتی گرتەوە دەست و زۆر دڵڕەقانە بەر بووە گیانی رابەرانی شۆڕشی دێهاتیان و خەڵکێکی زۆری گرت و بە پێی یاسای زاڵمانەی خۆی ئەم بەناو ( تاوانبارانی سیاسی )یانەی بە زیندانی ئەبەدی و بێگاری حوکم دا.

چرنیشفسکی یەکێك بوو لەو ڕابەرانەی کە لە دادگای زۆرەملێی نایاساییدا بە کاری سەخت حوکم درا.
حکومەتی تزاری وای دەزانی بە گرتن و بەند کردنی چرنیشفسکی ئیدی را پەڕینە شۆڕشگێڕییەکان بێ ڕابەرو پێشەوا دەمێننەوە. بەڵام حکومەتی تزاری خەیاڵی خاو بوو، چونکە ئەم خەباتگێڕە دلێرە لە زیندانیشدا ( واتە لە قەڵای پترۆ پاولدا ) هەر چەکی خەباتی خۆی دانەناو لە ماوەی ٢٢ مانگدا کە بە ناچاری بەدەم چاوەڕوانی رۆژی محاکەمەوە لە زیندانی کاتیدا گوزەراندی ( ٢٠٥ ) لاپەڕەی نووسی کە ٦٨ لاپەڕەی رۆمان و بەرهەمی ئەدەبی بوو، قورسایی ئەم بەرهەمە ئەدەبیانە، رۆمانی بەنێوبانگی ( دەبێ چ بکرێ؟ ) بوو. رۆمانی دەبێ چ بکرێ لە ماوەی چوار مانگدا، واتە لە ٤ی دیسامبەری ١٨٦٢ تا ٤ی نیسانی ١٨٦٣ نووسراوە. لە ژمارە ٣و ٤و ٥ی رۆژنامەی هاوچەرخی ساڵی ١٨٦٣دا بڵاوبۆتەوە. ڕۆمانەکەی چرنیشفسکی تەرخانکراوە بۆ شۆڕش، لە رۆمانەکەدا سیمای قارەمانانی شۆڕشگێڕ یا خەڵکی نوێ وێنە گیراوە. مەسەلەی سۆسیالیزم و راپەڕینی ژنان شیکراوەتەوەو لە ئەنجامدا کەڵکەڵە و ئارەزووی ژیانی پرشنگدارو بەختیاری ئایندەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا باسکراوە.

لەم رۆمانەدا بە توندی رەخنە لە چینی وردە بۆرژوای کۆنە پەرست و نوێنەرانی وردە بۆرژوا گیراوە. رۆمانی دەبێ چ بکرێ بەرنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە، وەڵامی تەواوەتی ئەم پرسیارەی وەچەی نوێ کە ( بۆ بەرپا کردنی شۆڕش دەبێ چ بکرێ؟ ) دەداتەوە.هاوچەرخانی چرنیشفسکی پێڕەوی باوەڕی شۆڕشگێڕی و سۆسیالیستی نێو ئەم ڕۆمانەیان دەکرد.

ئیسکا پیچۆفسکی، رەخنەگری نێوداری رووس دەڵێ: "بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، هونەرناسانی هیچ و پوچ و ئەو محافەزەکارانەی هەمیشە لە تەلارخانەی مایکۆفسکی شاعیردا لە دەوری یەکتر خڕدەبوونەوە،

به پێکەنین و تەوسەوە دەستیان بە یەکدا دەداو دەیانگوت: (لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانەدا، نووسەرەکەی واتە قیبلەی لاوان، پایەی بڵندی خۆی لە دەست دەدا). بەڵام ڕۆمانی گۆڕین کارێکی گەورەی لە خوێنەران کرد، بە تایبەتی لە رووی سیاسییەوە، ئیسکا پیچۆفسکی لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەگەر بڵێم لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا زۆر جار لە سەرساميدا دەممان دادەچەقیو ئەژنۆمان دەلەرزێ نابێ بە زێدەڕۆیی).

بەڵێ ئەم ڕۆمانە کارێکی زۆری کردە سەر تێکڕای چینەکانی کۆمەڵو ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی میللەتی رووسدا بینی، ڕێگەی سۆسیالیزمی لە بەردەم هەموو روناکبیرە پێشڕەوەکانماندا رووناك کردەوە. لە ئاسمانی خەیاڵەوە هێنانیەوە بۆ سەر زەوی، کرێتیو پۆخڵەواتی ئەم ڕۆژانەی پێناساندنو ئەو ئامانجە پیرۆزەی پێ نیشاندان کە گشت مرۆڤێکی ئابڕومەند لەسەریەتی پێناویا تێبکۆشێ".

بەڵام چۆن دەکرا پیاوێك کە بە هۆی چالاکی شۆڕشگێڕانەوە تاوانبار کرا بوو و لە زیندان پەسترابوو، بتوانێ بە ڕاشکاوی لە شۆڕشو سۆسیالیزم بدوێ؟ دیارە باسکردنی سۆسیالیزمو شۆڕش بە ڕاشکاوی قەدەغە بوو، وەك چرنیشفسکی لە نامەیەکی خۆیدا دەڵێ: "قسەکردنی ئاشکرا بۆ ئێمە مەیسەر نییە، کەواتە دەربارەی هەندێ بابەتی لاوەکی دەدوێین کە پەیوەندییان بە باوەڕی مەزنی ئێمەوە هەیە".

خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟)دا ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە مەسەلە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە بریتین لە کۆمەڵێك کینایەو هێما کە لە بندێڕی سەرانسەری ڕۆمانەکەدا بڵاوبۆتەوە، بۆ وێنە وەختێ لابۆخۆفو فۆرچکا دەربارەی (ناوزەدان) دەدوێن بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێ کە مەبەستی نووسەر لە نەهێشتنی (هەژاریو دەستکورتی) لە جیهاندا، ئەوەیە کە هەژارانو زۆرلێکراوان لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیو مافی کۆمەڵایەتی خۆیاندا شۆڕش هەڵگیرسێنن، چرنیشفسکی لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەیدا لە خەڵکانی نوێو بایەخی ئازادیخوازی خەڵکانی نوێ دەدوێ، دەیەوێ هەمان ئەو بیرە لە ژێر پەردەوە بە کۆمەڵێش رابگەیەنێ... بەشی (گۆڕینی شانۆ) دوا بەشی ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟)یە مەبەستی نووسەر ئاماژە کردنە بۆ ئەو گۆڕانە سیاسیەی کارێکی زۆری کردۆتە سەر پیاوێکی سی ساڵان، ئەم پیاوە پاش دوو ساڵان دووری لە ئافرەتێك، لەگەڵ هەمان ئافرەتدا بە شادییەوە دێنە سەر شانۆ.

چرنیشفسکی ویستویەتی لە ڕێگەی ئەم قارەمانەوە ئومێدی رزگاربوونی خۆی لە زیندانی تزاریدا بە هۆی شۆڕشێکەوە کە لە ساڵی ١٨٦٥دا پێشبینی دەکرد، بەرجەستە بکاتو وا بنوێنێ کە ئەم کارە مەحاڵ نییە...ئەم نووسەرە شۆڕشگێڕە بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە لە ڕۆمانی ناوبراودا ناکۆکی چینایەتی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی نیشان دەداو ئەوەی سەلماندووە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەبێ خەباتی شۆڕشگێڕانەو شۆڕش مەحاڵە...خوێنەر وەختێ ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟) دەخوێنێتەوە،هەردوو جیهانی نوێو کۆن بە بەرجەستەیی لە قارەمانەکانی ڕۆمانەکەدا دەبینێ.

ئەم نووسەرە شۆڕشگێڕە بنچینەی ناتەبایی و ناکۆکی (باوکان و ڕۆڵەکانیان)ی بە چاکی ئاشکرا کردووە و بەشێوەیەکی سۆسیالیستی قووڵ وێنەی گرتوون.

چرنیشفسکی ناتەباییو ناکۆکی نێوان وەچەی پیرو وەچەی نوێ وەکو خەباتی هێزە چینایەتییە کۆنەکان دژ بە هێزە چینایەتییە نوێکان نیشان دەداتو ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆنە پارێزەکان لەگەڵ چینە

دەسەڵاتدارەکاندایە، واتە لەگەڵ فیوداڵ و بۆرژوا تازە پیاکەوتووەکاندا پەیوەندییان هەیەو ،خەڵکی نویٚ ئەو دیموکراتانەن کە لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵەوە هاتوون.

چرنیشفسکی بە ئانقەست بایەخی تایبەتی بە خەسڵەتی هاوبەشی ئەخلاقیو بیروباوەڕی قارەمانەکانی خۆیداوەو، ویستوویەتی ئەوە بڵیٚ کە خەڵکی نویٚ لە توێژە کۆمەڵایەتیو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵەوە هاتوون و، لە یەك کاتدا هاتوونەتە مەیدانی ژیانەوەو هەر هەموویان ئەرکی کۆمەڵایەتی لە یەکچوو ئەنجام دەدەن.

## ئایدیۆلۆژیاو بۆچوونی

## قارەمانی رۆمانەکەی چرنیشفسکی ریالیستییە

قارەمانانی رۆمانەکە باشترین خوێندکارانی کۆلێجی پزیشکینو چاو لە دەستکەوتی پزیشکگەری دەپۆشنو لە پێناوی مەبەستی پیرۆزی خۆیاندا کە خزمەتکردنی زانستە، دریٚغی لە هیچ چەشنە فیداکارییەك ناکەن، بەڵام ئەم کارە ئایندەیەکی پرشنگداریان بۆ دابین ناکات، کەمو زۆر لە خەیاڵی دابینکردنی ئایندەدا نین، چونکە مەبەستی بنەڕەتی ئەوان خزمەتکردنی کۆمەڵە.

چرنیشفسکی لە ریٚگەی رەحەمەتۆفەوە گەلیٚ سیفەتی پیاوانی شۆڕشگێڕی وێنە گرتووە کە لەو سەردەمەدا بوونیان نەبوو، رەحمەتۆف پیاوێك بوو کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ کاری شۆڕشگێڕی، رەحمەتۆف لە خێزانێکی موڵکدارەوە هاتبوو، بەڵام هەموو ئەو پەتانەی پسان کە بە چینەکەی خۆیەوەی گرێدەدا، پەیوەندی بە ریزەکانی جەماوەری میللەتەوە کرد. هەموو سامانی خۆی لە پێناوی شۆڕشدا خەرجکرد، بە هەموو توانایەکییەوە خۆی بۆ کاروباری شۆڕش تەرخانکرد، هەر لە ریٚگەی شۆڕشدا چاوپۆشی لە هەموو خۆشی ژیانکرد، رەحمەتۆف لە پێناوی شۆڕشدا ئامادەی هەموو جۆرە فیداکارییەك بوو.

هەر بۆیە خۆی لەگەڵ هەموو ئەشکەنجەیەکی دامودەزگای سەرکوتکاریی تزاری ئەو سەردەمەدا ڕاهێنا، ڕووداوە مێژووییەکان،سوودی ئەم ئەزموونی خۆراهێنانەی لەگەڵ ئەشکەنجەدا سەلماند.

چونکە ئەشکەنجەدانی شۆڕشگێڕە سیاسیەکان چەکی سەرەکی دەستی دەوڵەتی تزاری بوو، بەڵام رەحمەتۆف وێڕای ئەم کردارە سەختانەی لەگەڵ خۆیدا دەکرا، هێشتا پیاوێکی بیٚ هەستو دڵڕەق نەبوو، بەڵکو ویستو ورەی پۆڵایینی لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیا، ئاوێتەی میهرەبانیو دڵسۆزییەکی تایبەتی بوو دەرهەق بە خەڵکی ئاسایيو سادە، وەختیٚ لاپۆخۆف دەیویست لە فراپافلۆناى ژنی جیا بێتەوە، بە ئەنقەست کاروباری شەخسیو خیزانداری خۆی بە رەحمەتۆف سپاردو زۆر روونە کە هۆی ئەم متمانەو باوەڕە بە رەحمەتۆف ئەوە بووە کە ئەو رەحمەتۆفی بە شایانی ئەوە زانیوە کە ئەم هەواڵە ناخۆشو چاوەڕوان نەکراوە بە زمانێکی لە بارو دڵسۆزانەو مەنتیقی بەو ژنە گەنجە رابگەیەنیٚ.

نەك هەر وەسفی نەخۆشی رەحمەتۆف، بەڵکو هەموو دیمەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم رۆمانە رۆڵێکی مەزنی هەبوو لە فێرکردنو پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕانی وەچەی ئایندەدا، واتە پیاوانی هەڵکەوتووی ساڵانی ١٨٧٠-١٨٩٠ ، ئەم شۆڕشگێڕانە لە گشت رووەکانەوە شوێن پیٚی رەحمەتۆفیان هەڵگرت.

پیاوی شۆڕشگێڕ ، وەختێ دەگاتە پلەو پایەی ڕەحمەتۆف، کە بەرژەوەندی میللەت بخاتە سەرووی هەموو شتێکەوە.

یەکێك لە شۆڕشگێڕە ناودارەکانی رووس دەڵێ: "بایەخی ئەم ڕۆمانە لە مەیدانی فێرکردن و پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕاندا بەو ئەندازەیە بوو کە نوسخە دەستنووسەکانی لە شانە کرێکارییەکانی (نۆگورودا) لە پاڵ بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلسدا دەست بە دەست دەگەڕاو هەر ماڵە کرێکارێك نوسخەیەك لەو کتێبەی تێدا بوو".

بلیخانۆف دەڵێ: "دەکرێ بگوترێ کە هەر یەکێك لە سۆسیالیستە دیارەکانی ساڵانی ١٨٦٠-١٨٧٠ تا ڕادەیەکی زۆرو ئاشکرا لە هەڵسوکەوتیانا شوێن پێی ڕەحمەتۆفیان هەڵدەگرت".

لیشنسکی کە یەکێکە لە یەکەمین مارکسیستەکانی رووسیا لە ساڵی ١٩٣٥ دا نووسیویەتی "ڕۆمانەکەی چرنیشفسکی بەرهەمێکی نەمرە. قارەمانانی ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟ )بە تایبەتی ڕەحمەتۆف سەرنجی گەلێك لە شۆڕشگێڕانی لاوی ئەو سەردەمەی راکێشا بوو. بەو ڕادەیەی هەموو هەوڵیان دەدا بیکەن بە سەرمەشقی خۆیان و وەکو ئەو بن، هەوڵیاندەدا وەکو ڕەحمەتۆف، کریسانۆف، لاپۆخۆف، فرا پافلۆفا وره بەرزو بە باوەڕو راستگۆو وەفاداربن دەرهەق بە شۆڕش. بەڵێ من هەنووکەش کە ساڵی( ١٩٣٥ )ـە وەچەی تازەی شۆڕەوی رادەسپێرم کە ئەم ڕۆمانە بخوێننەوە".

بلیخانۆف لە نووسینێکدا دەبارەی ئەم ڕۆمانە دەڵێ : " کێ هەیە ئەم کتێبەی چەند جارێك نەخوێندبێتەوە؟ کێ هەیە پاش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بە نێوبانگە، ئاشق و شەیدای نەبووبێ، کێ هەیە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە کاری تێنەکردبێ و پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە بە نرخە، خۆی چاکتر، پاکتر، ئازاترو بە هێزتر نەبینیبێتەوە؟ شەیدای پاکی و بە ڕەوشتی قارەمانە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە نەبووبێ، یا پاش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بیری لە ژیانی خۆی نەکردبێتەوە؟ بەڵێ ئێمە هەموومان توانای مەعنەوی و هێزی رۆحی وباوەڕمان بە ئایندەی رۆشن و پرشنگدار، لەم سەرچاوە زوڵاڵەوە هەڵێنجاوە، کێ دەتوانێ بەرهەمێکی بەناو بانگ و هونەریمان لە ئەدەبیاتی رووسدا نیشان بدات کە لە رووی کارتێکردن و دەوری لە پەرەسەندنی هێزی مەعنەوی و فیکری کۆمەڵەوە، شان لە شانی ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟ ) بدات.

کەس بەرهەمێکی وا شکنابات، چونکە هاوتای نە نووسراوەو هێشتا نەهاتۆتە ئاراوەو لەو زەمانەوە کە چاپ هاتۆتە رووسیاوە تا ئەمڕۆکە تاقە یەك بەرهەمی هونەری چاپکراو ئەم سەرکەوتنەی بە دەست نەهێناوە کە ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟ ) بە دەستی هێناوە.

پاروسلافیسکی دەڵێ : " ڕۆمانەکەی چرنیشفسکی کارێکی زۆری لێکردوومو دیمەنی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی داهاتووی لە بەرچاومدا بەرجەستە کرد".

کیۆرجی دیمترۆف لەم ئاخیرو ئۆخرەدا گووتویەتی کە: " ئەم کتێبە بەنرخە کارێکی لە ڕادەبەدەری لێکردووە" هەروەها گوتوویەتی: "ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟) تا ٣٥ ساڵ لەمەو بەر، کاتێك کە من کرێکارێکی لاوبووم و تازە پێم نابووە مەیدانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی بولگارستانەوە ئەوەندە کاری لێکردم کە هەرگیز لە یادم نەچێت. ڕەحمەتۆف قارەمانی خۆشەویستم بوو، هەموو ئاواتێکم ئەوە بوو کە وەکو ڕەحمەتۆف وره بەرزو لە خۆبردوو خوێن گەرم و فیداکاربم. ژیانی خۆم فیدای بەرژەوەندی کاروباری

مەزنی چینی کرێکار بکەم. قەت گومانم لەوە نییە کە ئەم ڕۆمانە بە تایبەتی لە ساڵانی لاویمدا دەورێکی یەکجار گەورەی هەبوو لە فێرکردنو پەروەردەکردنم، بۆ ئەوەی بگەمە پلەو پایەی پرۆلیتارێکی شۆڕشگێڕ.
هەروەها لە کاتی خەبات کردنم لە بولگاریاداو کارکردنم لە دادگای لایپزکدا کاری زۆری بەسەرمەوە هەبوو".
دیمترۆف لە کۆتایی قسەکانیا ئامۆژگاری وەچەی نوێ دەکات کە ئەم کتێبە بخوێننەوەو دەڵێ: " هەنوکەش ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟) نرخو بایەخی پەروەردەیی خۆی لە دەست نەداوەو بێگومان وەچەی تازەی ئێمەش پاش خوێندنەوەی وردی ئەم ڕۆمانە، نەك هەر لەزەتێکی زۆری لێ وەردەگرن، بەڵکو خوێندنەوەی سوودێکی یەکجار زۆری دەبێ لە مەیدانی فێرکردنو پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕییاندا ".
فیداکاریو دلاوەری میللەتانی قارەمانی شوورەوی، بەتایبەتی لە ساڵانی جەنگی دواییدا، دروستی ئەو گوتانەی دیمترۆفی سەلماند. بۆ نموونە فیداکاری (زوویا کاسیمادا میانسکایا) کە گیانی خۆی لە ڕێگەی نیشتماندا بەخت کرد، شایەتێکی راستەقینەی کارتێکردنو دەسەڵاتی ڕۆمانەکەی چرنیشفسکییە لەسەر وەچەی نوێی دنیای هاوچەرخ. زوویا لە یاداشتنامەکەیدا نووسیویەتی " ڕێبازی ژیانی خەماویو فیداکاری چرنیشفسکیو شوچنکۆ منی شەیدا کردووەو بە ئاواتی ئەوەم وەکو ئەوان خزمەت بە وڵات و میللەتەکەی خۆم بکەم".
ئەم بەڵگانە نادروستی ئیدیعای ئەو رەخنەگرانە دەسەلمێنێ کە دەڵێن ڕۆمانی (دەبێ چ بکرێ؟) پرۆپاگەندەیە بۆ تێوریە فەلسەفیەکانی فیورباخو ئۆێن. هەروەها نادروستی بۆچوونی ئەو دەستەیەی تریش کە بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە بە مەسەلەی عەشقو پێوەندی زەماوەند لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی داهاتوودا دەژمێرن،دەسەلمێنێت . راستە ئەم مەسەلەیە لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە بە پلەی دووەم دێتو مەبەستی سەرەکی ڕۆمانەکە بریتییە لە مەسەلەی گۆڕینی دامو دەزگای کۆمەڵایەتی و بنیاتنانەوەی لەسەر بناغەو پایەی سۆسیالیستی.
بابەتی ڕۆمانەکە ئەرکی پەروەردەکارانی بزاڤی شۆڕشگێڕی دیاری دەکات. لە ڕێگەی قارەمانەکانیەوە باسی سیفەتە ئەخلاقییە بەرجەستەکانی خەڵکی نوێ دەکا. چرنیشفسکی بەم جۆرە ئەم تاقمە خەڵکە دەناسێنێ: " من ویستوومە لەم ڕۆمانەدا وێنەی خەڵکی ئاسایی سادەی وەچەی نوێ بگرم، یانی ئەو خەڵکەی ڕۆژانە تووشی سەدانیان دەبم. من وەکو نموونە سێ کەسم لەم جۆرە خەڵکە هەڵبژاردووەو کردومن بەسەر مەشق، ئەم کەسانە بریتین لە: فرا پاڤلۆنا، لابوخۆفو کرسانۆف کە نەك هەر من بە خەڵکانی ئاساییان دەزانم، بەڵکو بەلای خۆیانو خەڵکانی خۆیان ئاساشەوە هەر ئاساین ".
لە باسی ئەم خەڵکە تازەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ناوەڕۆکی شاعیرانەی ڕۆمانەکە، بیری سیاسی قووڵی گرتۆتە خۆ. چرنیشفسکی وەکو فەیلەسوفێکی کۆمەڵایەتیو زانایەکی سیاسی، هەرگیز جەماوەر پشت گوێ ناخات. چرنیشفسکی سیمای خەڵکی نوێ بە خەڵکی دەناسێنێو ئەوە نیشاندەدا کە ئەم خەڵکە نوێیە پەیوەندییان بە جەماوەرەوە هەیەو لە نێو خەڵکەوە هاتوون، چرنیشفسکی بە مەبەستەوە ئەم خاڵە بیردەخاتەوە کە خاوەنی ئەم سیما پرشنگدارانە قارەمانی خەیاڵی نینو وێنەو نموونەیانی لە کۆمەڵدا فرەیە.

چرنیشفسکی لە وەڵامی ئەو کەسانەدا کە ئەم خەڵکە نوێیە بە قارەمانی خەیاڵی دەژمێرن، دەڵێ: "بۆچوونی ئێوە دەربارەی ئەم تاقمە خەڵکە نادروستە، بەڵێ، ئەوان لە بەرزی نەوەستاون، بەڵکو ئێوە لە نزمی دان ، ئەوەتا بە خۆتان دەبینن کە ئەوانیش وەکو ئێوە خەڵکی سەر زەوین، بەڵام چونکە ئێوە لە قوڵایی کەندەڵانی ژیانی خۆتانەوە سەیریان دەکەن، وادەزانن ئەوان لە حەلحەلەی ئاسماندا دەفڕن، بەڵێ هەموو کەس دەتوانێ بگاتە پایەی بەرزی ئەوان ".

چرنیشفسکی فەیلەسوف و نووسەری ریالیست ئەوە دەسەلمێنێ کە خەڵکی نوێی نێو رۆمانەکەی خەیاڵی نین، بەڵکو نوێنەری خەڵکی واقیعیو زیندووی سەردەمی ئەون، وەك چۆن لێکچوونی گوتارو کرداری لاپوخۆف و فرا پافلۆناو کرسانۆفو بابۆکۆف ئۆپروچواو سیچونوفو کافالیوسکیو خوشکانی کورفین کروفسکیش ریالیزمو سیمای ( خەڵکی ) نوێ دەسەلمێنن.

چرنیشفسکی بۆ دەربڕینی سەرنجەکانی خۆی لە مەڕ خەڵکی نوێ رووی کردە جەماوەری راستەقینەی خەڵكو لەکۆتاییدا گوتی: " ئەگەر ئێوەش هەوڵبدەنو خۆ پەروەردە بکەن بێگومان دەتوانن بگەنە ئاستی ئەو خەڵکەی کە من وەسفم کردوون، هەرکەسێك لەوان کەمتر بێت، بەڕاستی بێ باشارو هیچو پوچە، برایان لە ژێرزەمینەکانتان وەرەنەدەرێو بەرەو جیهانی ئازادو پرشنگدار هەنگاو بنێن. ژیان لەم جیهانە ئازادەدا زۆر جوانو بەشکۆیەو رێگەی گەیشتن بەم ژیانە زۆر دڵرفێنە، بەڵام دەبێ بجەربێنرێ، تا دەتوانن هەوڵ بۆ پەروەردەکردن بدەن، هەرگیز خۆ لە تەحقیق و چوونە بنجو بناوانی شتەکان دوورە پەرێز مەگرن، تێبفکرنو هوردببنەوە، بەرهەمی ئەو زانایانە بخوێننەوە کە وەکو ستێران لە ئاسمانی ئەم جیهانە ئازادەدا دەدرەوشێنەوەو باسی لەزەتە راستەقینەکانی ژیانتان بۆ دەکەنو رێگەی چۆنیەتی ژیانی خەڵکانی نیازپاكو بەختەوەرتان نیشان دەدەن".

( دەبێ چ بکرێ؟ ) بە نموونەیەکی بەرجەستەی رۆمانە شۆڕشگێڕیو سیاسییەکانی ئەدەبیاتی رووس لە ساڵی ١٨٦٠ دا دێتە ژماردن. رۆڵێکی تایبەتی لە کاروانی ئەدەبیاتی جیهاندا هەیە، بۆ نموونە هیچی لە ئەدەبیاتی سەردەمی شۆڕشی بۆرژوای فەرەنسای سەدەی هەژدەیەم کەمتر نییە.

شۆڕشی فەرەنسا لە سەدەی هەژدەدا، ئەدەبیاتێکی هێنایە ئاراوە کە سیمای هەرە دیاری گەڕانەوە بوو بۆ دەورانی کۆن. شۆڕشی فەرەنسا بە هەمان پۆشاکی کۆنی رابوردووەوەو لە ئەدەبیاتو هونەردا رەنگی دایەوە. مارکس لەمبارەیەوە دەڵێ: "ئاواتو خەیالاتی ئەم شۆڕشە لەگەڵ خەیالاتی شۆڕەسوارانی سەردەمی کۆندا ئاوێتە بووە".

دیموکراتەکانی ساڵی ١٨٦٠ی رووسیا بە پێچەوانەوە، ئەدەبیاتێکیان هێنایە کایەوە، کە لە رێگەیەوە رابەرانی شۆڕشی سەردەمی خۆیان بە جیهان ناساندو سیمای ئینسانی نوێیان بە خەڵکی جیهان نیشاندا.قارەمانانی ( دەبێ چ بکرێ؟ ) هەمیشە دەڕواننە ئایندە، هەرگیز ئاوڕ لە پۆشاکی یاساو دابو نەریتی قارەمانانی کۆن نادەنەوە. مارکس لەمبارەیەوە دەڵێ: "شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدە ناتوانێ هونەرو ئەدەبیاتی رابردوو بکات بەسەر مەشق. بەڵکو دەبێ لە ئایندەوە سەرمەشق هەڵێنجێ، کە هەموو جۆرە خورافاتو کۆنە پەرستییەکی پێشینان ڕابماڵێ، هۆی ئاوڕدانەوەی شۆڕشەکانی پێشوو لە بیرەوەری و یادگارە مێژووییو کۆنەکان تەنیا ئەوە بوو کە ئاوڕ لە رووداوەکانی هەنووکە نەداتەوە، بەڵام شۆڕشی سەدەی نۆزدە دەبێ واز لە مردووەکان بێنێ تا لاشەی مردووی خۆیان بنێژنو ( یانی کۆنە پەرستی هەر

قابیلی کۆنە پەرستانە ) خۆیان بناسن، لەویدا شێوە بەسەر ناوەڕۆکدا زاڵە، بەڵام لێرەدا ناوەڕۆك بەسەر شێوە دا زاڵە ".

چرنیشفسکی لە باسکردن و ناساندنی قارەمانەکانی خۆیدا ڕێبازێکی تایبەتی دیکەی هەڵبژاردووە کە ڕۆمانەکەی لە ئەدەبیاتی سەردەمی شۆڕشی بۆرژوای فەرەنسا بە تەواوی جیا دەکاتەوە، ناساندنی شۆڕشگێڕانەی ( ئینسانی نوێ ) لە ڕۆمانی ( دەبێ چ بکرێ؟ )دا بە پرەنسیپی مەنتیق و فەلسەفەی نوێ و ئاوات و ئامانجی پڕ جۆش و خرۆشی ژیانی بەختەوەرو بەشکۆی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ئایندەدا ڕەنگێنراوە.

با خەڵکانێکیش ئەم ئاوات و خەیاڵە شیرینانە بەباوەڕی سۆسیالیزمی خەیاڵی تێکەڵ و پێکەڵ و لە قەڵەم بدەن، حەقیقەت وگەورەیی ئەم بیرە بە جۆشانە، ( وەکو چۆن لە خەونی چوارەمی فراپافلۆنادا کە سەرچاوەی جیهانی ئایندە بە هەموو جوانی و ڕازاوەییەکەیەوە وەسف دەکات ) وەك چۆن ئەم بەرهەمە بەنرخەی چرنیشفسکی لە ئەدەبیاتی لیبراڵی دەرباری سەردەمی خۆی جیاکردەوە. بەو ئاوایەش لە ئەدەبیاتی سەردەمی شۆڕشی بۆرژوای فەرەنسا جیا دەکاتەوە. ڕۆمانی ( دەبێ چ بکرێ؟ ) زۆر بە خێرایی لە گشت وڵاتە ئەوروپاییەکاندا دەنگی دایەوە، ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٨٧٥دا کرا بە فەرەنسی و سەرنجی نووسەران و ڕەخنەگرانی فەرەنسای ڕاکێشا، دەڵێن ( ئەمیل زولا ) نووسەری بناڤو دەنگی فەرەنساوی لە ژێر کاریگەری ڕۆمانەکەی چرنیشفسکیدا چیرۆکە بەناوبانگەکەی خۆی ( بەختەوەری ژنان )ی نووسی.

لە ١٩٠٣/٩/٢٦دا یەکێك لەمامۆستایانی مۆسیقای ئەمریکایی لە تۆلستۆی پرسی بوو کە ڕای چییە دەربارەی ڕۆمانی ( دەبێ چ بکرێ؟ ). تۆلستۆی بەنامەیەك ئەم وەڵامەی دابۆوە: " ئەم ڕۆمانە ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتداری فیکرو گەورەیی ڕۆح و تەجرەبەیەکی دلێرانەی ئەوتۆیە کە هەست و سۆزی بەشەری تێدا ئاوێتەی هونەر بووە، من دەرەقەتی ئەو لەزەتانە نایەم کە خوێندنەوەی ئەم کتێبە پێی بەخشیم".

چرنیشفسکی جگە لە ڕۆمانی ( دەبێ چ بکرێ؟ ) بەرهەمی ئەدەبی دیکەشی لە پاش خۆی بە جێهێشتوون، لە زیندانی قەڵای ( پتروپاول )دا ڕۆمانی ( القرەیف )و چیرۆکی ( چیرۆك لە ناو چیرۆك )ی نووسی، لە تاراوگەی سیبیریادا ڕۆمانی ( پێشەکی لە ناو پێشەکی )و ( دەنگی ئارام )و ( ڕەنگدانەوەی ڕۆشنایی ) نووسی. چرنیشفسکی نووسەرێکی گەشبین بوو، بە باوەڕومتمانەی تەواوەوە دەینۆڕیە ئایندەی نیشتمان و میللەتەکەی، چرنیشفسکی وەکو گۆگۆل ڕەخنەی لە پۆخڵەواتە کۆمەڵایەتییەکانی رووس دەگرت، بەڵام بەنرخترین بەشی بەرهەمە ئەدەبیەکانی چرنیشفسکی بریتییە لە وەسفی هونەری و وێنەگرتنی سیمای خەڵکی پێشکەوتووخوازو نوێ کە : ( بەرە بەرە ژمارەیان زیادی دەکردو تواناو قودرەتی ماددی و مەعنەویان بەرزدەبۆوەو لە پێناوی چەسپاندنی ژیانی پرشنگداری ئایندە دەخەبتین ).

بەختەوەری و شادمانی ژیانی، باوەڕی پتەو بە ئایندەی پرشنگداری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەختیاری هەموو خەڵکی، لە سایەی کارو کۆششدا دەبینی، وەکو خۆی دەڵێ: "زەحمەت و کار، هێزو سۆزی مرۆڤ پاراو و تازە دەکاتەوە " ئاوات و ئارەزووی دیتنی رووسیای ئازادو نوێ کە لە ڕۆمانی ( دەبێ چ بکرێ؟ )دا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم نووسەرە مەزنە پتر لە سەردەمی ئێمە نزیك دەکاتەوەو بەکۆمەڵگەی ئازادو پێشکەوتووخوازی خاوەن پلەو پایەی دەناسێنێ.

بانگەوازی چرنیشفسکی بۆ مرۆڤایەتی کە: لە پێناوی ئایندەی پرشنگداردا بخەبتن، هەنووکە لە یەکێتیی سۆڤێتدا هاتۆتە دی، شایانی لێوردبوونەوەو خوێندنەوەیە، چونکە خوێنەری هاوچەرخ پاش خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە بێ ئیختیار دێتە جۆش و لە پێناوی ئەم ئارەزووە پیرۆزەدا هەوڵدەدا.

" ژیانی ئایندە جوان و پرشنگدارە، ئایندەتان خۆشبوێ، لە پێناوی ئەم ژیانە بە شکۆیەدا تێبکۆشن و درێغی لە کارکردن و تێکۆشان مەکەن، لێی نزیک ببنەوەو، ئەوەندەی بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ لە بەر دەستدایە سوودی لێوەربگرن! تا پتر توێشوو بۆ ئەو ژیانە پرشنگدارە هەڵگرن، ژیانتان خۆشترو پرشنگدارترو ساکاتر دەبێ".

کەواتە بەرەو ئایندەی پرشنگدار هەڕنە پێش و لە پێناویدا تێبکۆشن و کۆ لە هیچ زەحمەت و هەوڵدانێك مەکەنەوە، تازووتر بگەنە خۆشی و بەختیاری ژیانی راستەقینەی ئایندە، بەڵام بۆ هەنووکە ئەوەی دێتە دەستەوە لەو ئایندە پرشنگدارە وەری بگرن و ژیانی خۆتانی پێ بڕازێننەوە .. ئەمەیە ئامۆژگاریەکانی چرنیشفسکی لە ڕۆمانی( دەبێ چ بکرێ؟ )دا

<u>بەشەر دۆستی و نیشتمانپەروەری چرنیشفسکی:</u>

چرنیشفسکی کە دێتە سەر نرخاندنی چالاکییەکانی بیلینسکی دەڵێ: "گشت کۆشش و چالاکییەکانی لەسەرچاوەی ئەشقێکی ئاگرینەوە هەڵقوڵاوە، ئەویش ئەشقی ئاگرینی نیشتمانپەروەریەتی"

بەڵام راستیت گەرەکە دەبێ ئەم قسانە دەرهەق بە خودی چرنیشفسکی دووبارە بکرێنەوە، کۆششە جۆراوجۆرو هەوڵە هەمەچەشنەکانی چرنیشفسکی هەمیشە روو لە یەك ئامانج و مەبەست بوون، یانی بە ئاواتەوە بوو زەمینەو فاکتەری شۆرەت و شانازی وڵاتەکەی خۆی فەراهەم بکات و ببێ بە مایەی بەختیاری و شادومانی هاووڵاتیانی خۆی.

میراتی ژیانی چرنیشفسکی ئەم قسانەیە: "... بایەخی مێژوویی هەر پیاوێك دەبێ بە تەرازووی خزمەتگوزاری ئەم پیاوە بۆ خەڵك و رادەی نیشتمانپەروەری ئەو، کێشانە بکرێ".

مەسەلەی رۆڵی مێژوویی رووس و ئایندەی نیشتمان، جۆش و خرۆشێکی گەورەی خستبووە دڵی چرنیشفسکی هەژدە ساڵانەوە، چرنیشفسکی لەمبارەیەوە دەڵێ: "ئایا حەزو ئارەزووی دڵی ئێمە تەنیا ئەوەیە کە لەشکرێکی ملیۆن و نیویمان هەبێ تا لە کاتی خۆیدا بتوانین وەکو مەغۆلەکان ئەوروپا داگیر بکەین؟ ئەوان چەشنی لافاوێکی بێڕەزا هەستان، هەرچییەکیان هاتە بەردەم رایانماڵی و وێرانیان کرد، ئاگریان تێبەردا، خەڵکیان تاڵانکردو کوشت، ئایا چارەنووسی میللەتی ئێمە ئەوەیە ؟ ئایا ئێمە دەبێ تەنیا لە باری سیاسی و جەنگ و ستراتیژییەوە بەهێزو شارەزابین و لە بوارەکانی تری ژیانی میلیدا هەژارو چکۆلەبین؟ گەر وابێ چاکتر وایە لە باوەشی خاکی رووسیادا لە دایك نەبین، بەڵێ بۆ خەڵکی جیهان وا باشتر بوو کە فاتیلاو جەنگیزو تەیموورلەنگ و سەردارەکانی دیکەی جەنگ و سوپا زۆرەکانیان هەر لە دایك نەبوونایە ".

نا میللەتی رووس هەرگیز لە مێژووی سیاسی جیهانیدا، داگیرکەران و شەڕفرۆشان و تاڵانکەرانی وەکو مەغۆلەکان نایەنێتە ئاراوە، بەڵکو کەسانێك لە داوێنی خۆیدا پەروەردە دەکا کە رزگارکەری مرۆڤایەتی

بن، وەکو چۆن لە ڕابردوودا ئەوروپایان لە نیری کۆیلایەتیو زنجیری زوڵمی مەغۆلەکان و دەسەڵاتی فەرەنسیەکانو ناپلیۆن ڕزگارکرد، لە ئایندەشدا جیهان لە زوڵمو ستەمی زۆرداران و ملهوڕان ڕزگاردەکەن.

ڕووسیا وەکو چۆن لە ژیانی سیاسیدا خزمەتی بە شارستانیەت کردووە، با خزمەتی ژیانی مەعنەوی جیهانیش بکات، وەکو چۆن لە ژیانی سیاسیدا توانای خۆی سەلماندووە، با لە بوارەکانی دیکەی ژیانیشدا، واتە لە بواری زانستو هونەریشدا تواناو سەربەخۆیی خۆی بسەلمێنێو لە ئاکامدا مرۆڤایەتی لە گێژاوی نەزانیو بەدبەختی دەربێنێو بیخاتە سەر ڕێگەی ڕزگاری.

بەڵێ ئەگەر تەنیا بەشێك لەو ڕووداوە گەورانەی کە دەبنە هۆی پێشکەوتنو پەرەسەندنی مرۆڤایەتی، لەلایەن ئێمەوە ئەنجام بدرێ، ئەوا بێگومان ژیانمان لەم جیهانەدا بێهودە نابێ. بەڕاستی چ ئاواتێك لەمە بەرزتر نییە مرۆڤ بە ئاواتی شانازی جاویدانی نیشتمانی خۆیەوە بیّو شادمانیو بەختەوەری هەمیشەیی بۆ گشت خەڵکی بویّ.

چرنیشفسکی ئەم نامەیەی لە سەرەتای لاوی خۆیدا نووسیوە، وەکو دیتمان نامەکە پڕە لە چەمكو واتای گەورە، خەیاڵی تواناو قودرەتی جەنگی وڵاتی پانوبەرینی ڕووسیا، پشت بەستنی دروست بە ڕۆڵی میللەتی ڕووس بۆ بەرگریکردن لە ئەوروپا دژ بە هێرشی دڕندانەی مەغۆلانو ڕزگارکردنی خەڵکی ئەو کیشوەرە لە دەسەڵاتی شوومی ناپلیۆنو باوەڕی تەواوی بە ئەركو بەرپرسیاریەتی ڕۆشنبیریو مێژوویی میللەتی خۆیو ئەنجام فیداکاریو لە خۆبردوویی چرنیشفسکی لە پێناوی خزمەتکردنی نیشتمانو هەوڵدان لە پێناوی بەرزکردنەوەی ناوو شۆرەتو گەورەیی ئەم وڵاتە، هەموو ئەم بیرانە کە هاندەری چالاکییە پڕسوودەکانی چرنیشفسکی بوون لە پێناوی ئایندەدا...بە باوەڕی ناوبراو نیشتمانپەروەر کەسێکە نەك هەر نیشتمانی خۆی خۆشبویّو بەس، بەڵکو پێشکەوتنی وڵاتەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە بەئاوات بخوازێو، بە بیروباوەڕی بە کەڵك بەشداری لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی وڵاتی خۆی بکات، بەڵام پێویستە مەشخەڵی داگیرساوی بە پیرەوەچوونی شۆڕش، هەموو ئەم سیفەتانەی ناخی هەر نیشتمانپەروەرێك ڕۆشن بکاتەوە، دەبێ باوەڕی تەواوی بەم حەقیقەتە هەبێ کە شۆڕش (تاقە ڕێگەی گەیشتنە بە بەختیاریو شادومانی، شۆڕش تاقە فاکتەری ڕامالینو لەنێوبردنی زوڵمو زۆرداریە).

چرنیشفسکی غرووری میللی کورتبینانو هەستی ناسولیزمی بەزیانبەخش دەزانی، هەرگیز بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆی لە بەرژەوەندی تێکڕای خەڵکی جیهان جیانەدەکردەوە، لە ڕاستیدا بە دوژمنی سەرسەختی شۆڤینیزم دەژمێردراو گاڵتەی بە نیشتمانی پەرستە کورتبینەکان دەکرد.بە باوەڕی چرنیشفسکی پەرەسەندنی ڕۆشنبیری هەر میللەتێك دەبێ شان بەشانی ڕۆشنبیری تێکڕای بەشەر ئەنجامبدرێ، چونکە کاروباری میللی بە بەشێك لە کاروباری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەژمێردرێ.

چرنیشفسکی لەم بارەیەوە دەڵێ: "فەلسەفەی میللەت شان بەشانی پێشکەوتنی تێکڕای مرۆڤایەتی پەرەدەسێنێو ئەوەی ئازادیو هێزی مەعنەوی بە هەرکەسێك دەبەخشێت پەروەردەیە، پاشکەوتووان هەموو وەکو یەکن، بەڵام هۆی جیایی میللەتێك لە میللەتانی دی، بوونی کەسانێکی بەرجەستەی ئەو میللەتەیە کە ئاستی ڕۆشنبیرییان لەکەسانی دی باڵاترە، بۆیە ئەگەر ئێمە لە پێناوی پەرەسەندنی ڕۆشنبیری تێکڕای بەشەردا تێبکۆشین، هەرچەندە ئەم کۆششە ڕاستەوخۆ لە پێناوی ئاستی ڕۆشنبیری میللەتەکەی خۆمانیش نەبێ، ئەوا لە هەمان کاتدا لە پێناوی پەرەسەندنی ڕۆشنبیریو زانیاری میللی خۆمانیشدا تێکۆشاوین".

چرنیشفسکی زۆر بە گەرمی داکۆکی لە راپەڕینو رزگاری میللەتی ئەورووپاو ئەمریکا دژ بە داگیرکەران دەکرد. چرنیشفسکی هەمیشە لە سۆراغی پێشکەوتنو پەرەسەندنی خەباتی میللی و رزگاریخوازی دانیشتوانی ئۆکرانیادا بوو دژ بە دەوڵەتی نەمسا.

چرنیشفسکی بە وردی هەواڵی جەنگە ئازادیخوازەکانی ئەمریکای دەخوێندەوە، ئەو جەنگە کە لە راستیدا خەبات بوو دژ بەکۆیلەفرۆشی. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە نیشتمانپەروەری چرنیشفسکی لەگەڵ دیموکراسی و ئەنتەرناسیونالیزمو مرۆڤ دۆستیدا تێکەڵ بووە.

کە دەهاتە سەر میللەتی رووس لە لایەکەوە گەورەیی ئەم میللەتە گەشگەی پێدەکردو لەلایەکی دیکەوە هەژاریو داماوی خەڵکەکە ئازاری دەدا. چرنیشفسکی نەیدەتوانی دوور لە هەستی شانازی، دەربارەی میللەتی رووسو گەورەیی تواناو بایەخی میللەتی رووس قەڵەم بخاتە کار، لەمبارەیەوە دەڵێت: " ژمارەی ئەندامانی میللەتی ئێمە زۆرن، ئەوەندە بە هێز و تواناین تەنانەت بە تاقی تەنیاش سەر لە بەرامبەر هیچ هێزێك دانانەوێنین، ئێمە بۆ چەسپاندنی ئاسایشی وڵاتی خۆ پێویستمان بە هاریکاری خەڵکانی دی نییە. ئێمە بە ئاواتەوەین تەنیا بە پشتیوانی هێزی ماددیو مەعنەوی خۆمان بژین، رەنگە ئەم قسانە بخرێنە خانەی لە خۆبایی بوونەوە، بەڵام نابێ گوێ بە قسەی کەسانی دی بدرێ، چونکە کۆمەڵێك راستی مێژوویی وئامار بنچینەی ئەم ئیدعایەیان سەلماندووە."

چرنیشفسکی هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بوو میللەتی رووس بێدار بکاتەوەو بۆ شۆڕش هانیان بدات، بێگومان بوو لە بەرپا بوونی شۆڕش.

چرنیشفسکی لە پێناوی بەختیاری میللەتی خۆیو هەموو خەڵکی جیهاندا تێکۆشاوەو لەم بوارەدا چ درێغیەکی نەکردووە، بۆیە سیمای پرشنگداری ئەو وەکو دۆستێکی راستەقینەی مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە لە بیری میللەتی رووسو میللەتانی ئازادی دنیادا بە نەمری دەمێنێتەوە.

چرنیشفسکی چاوی بڕی بووە ئاسۆی ئایندەو پێشبینی گۆڕانی سیاسیو کاروانی مێژوویی ئایندەی مرۆڤی دەکردو باوەڕی وابوو هەر رۆژێ دێ کە جەنگی داگیرکەرانە نەمێنێ، ناوبراو وەدیهاتنی ئەم ئاواتەی فەرمانڕەوایی چینە زەحمەتکێشەکانەوە گرێ دەداو باوەڕی وابوو کە ( تەنیا حکومەتی کرێکاری لە پێناوی بەرژەوەندی زەحمەتکێشاندا تێدەکۆشێت ) هێشتا زۆر بەسەر ئەو رۆژەدا تێنە پەڕیبوو کە میللەتی ئەڵمان بە دەستووری کەسانێ کە دووربوون لە بەرژەوەندی زەحمەتکێشانەوەو بەبێ گوێدان دەیانڕوانییە شارستانیەتو دیموکراسی مرۆڤایەتی، کەوتە جەنگێکی داگیرکەرانەوە، بەڵام وڵاتی شۆرەوی کە لە ژێر دەسەڵاتی چینی زەحمەتکێشان دابوو کەوتە جەنگی ئازادیخوازانەوە دژ بە هەمان تاڵانکەرانی فاشیزم کە نەژاد پەرستیو کۆیلایەتیو مەرگیان بۆ مرۆڤایەتی هێنا بوو و ،بە سەریاندا سەرکەوتو جیهانیان لە نیری کۆیلایەتیو فاشیزم رزگارکرد.

میللەتی شۆرەوی لە کاتی جەنگدا هەمیشە ئامۆژگاریە بەنرخەکانی چرنیشفسکییان لە گوێدا دەزرینگایەوە ( لە روانگەی میللەتی رووسەوە تەنانەت خەیاڵی داگیرکردنی رووسیا لەلایەن بێگانەوە ،خەیاڵ بوو ).

ناوبراو دژ بە گشت باڵادەستییەکی نەژادو هەموو چەشنە داگیرکردنێکی مافی میللەتان بوو، سەرسەختانە بەگژیا دەچۆوە، لە جەنگی داگیرکەرانو ژێر دەستەکردنی میللەتان بێزار بوو.

چرنیشفسکی باوەڕی تەواوی بە سەرکەوتنی ئەو کەسانە هەبوو کە لە پێناوی بەختیاری و چەسپاندنی ئازادیو دیموکراسیدا خەباتیان دەکرد، بێ دوو دڵی پێشبینی فەوتانی ئەو کەسانەی دەکرد کە بەختیاری خۆیان لە داگیرکردنی مافو ئازادی خەڵکانی دیکەدا دەبینی، باوەڕی وا بوو ئەم تاقمە کە لە پێناوی کۆیلایەتیو زوڵمو زۆردا دەجەنگن، زوو بە زوو زەلکاوی فەوتان و نەمان قووتیان دەدا.

چرنیشفسکی چونکە ئاگاداری راستییە مێژووییەکان بوو، بۆیە بە ئەرخەیانییەوە پێشبینی فەوتانی ئەو ملهوڕانەی دەکرد کە هەوڵی چەوساندنەوەی مرۆڤیان دەدا. چرنیشفسکی لەم بارەیەوە گوتوویەتی: "وەختێ میللەتێك بۆ قازانجی خۆی، بەرژەوەندی سەر لەبەری مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پێوە، یا چینێك لە چینەکانی کۆمەڵ بەرژەوەندی زۆربەی میللەتی خۆی پێشێل دەکات، هەمیشە ئاکامی ئەو کارەیان نەك هەر زیان لە چەوساوەکان دەدات، بەڵکو تەنانەت زیان لە چەوسێنەرەکانیش دەدات، هەمیشە هەر وابووە کە ئەو میللەتەی هەوڵی چەوساندنەوەی مرۆڤایەتی داوە، بە خۆی کەوتۆتە گێژاوی لە نێوچوونەوە. هەروەها ئەو چینەی کە لەبەر خاتری خێروبێری تەسکی خۆی، زوڵمی لە زۆربەی خەڵکی وڵات کردووە، دووچاری چارەنووسی خەتەر بووەو لە ئاکاما میللەتی فیدای بەرژەوەندی چەپەڵی خۆی کردووە".

وتەکانی ئەم بلیمەتە مەزنە لە سەردەمی ئێمەدا حوکمی بنجبڕی ئیدانەکردنی ئەو فاشیزمو داگیرکارانەیە کە دەیانەوێ و هەوڵدەدەن دەسەڵاتی شومی خۆیان بەسەر هەموو جیهاندا بسەپێنن.

چەمکی ئەو وتانەی چرنیشفسکی، هاوواتای ئەو تیۆرەی ئەنگلسە کە دەڵێ: "ئەو میللەتەی کە مافی میللەتانی دی داگیرو زەوت بکات هەرگیز میللەتێکی ئازاد نییە".

چرنیشفسکی باوەڕی بە ئایندەی پرشنگداری میللەتەکەی خۆیو مرۆڤایەتی هەبوو، بە خوێنەری خۆی دەگوت: ( بەڕاستی پیاو بەغیلی بە ئایندەی ئێوە دەبات )، بەڵێ ئەو ئایندە پرشنگدارەی کە دیاریی زۆر بە نرخ لەگەڵ خۆیدا دێنێ، دەرفەتی ئەوەتان بۆ دەڕەخسێنێ کە بیروباوەڕەکانی ئێمە لەمەڕ کۆمەڵگەی مرۆڤ بەدیبێنن ( هەنووکە بە ئاشکرا دیارە کە وتەکانی ئەم پیاوە مەزنە هاتوونەتە دیو نەك هەر وڵاتەکەی چرنیشفسکی، بەڵکو بەشی زۆری جیهان بە تیشکی ئازادی رووناك بۆتەوە.

چرنیشفسکی مایەی رێزو شانازی میللەتی رووسە، میللەتانی شۆڕەویو خەڵکی جیهانی ئازادو پێشکەوتوو، ناوی ئەم بلیمەتە مەزنە بە زیندوویەتی لە دڵی خۆیاندا هەڵدەگرنو سوود لە سەرچاوەی زوڵاڵو لەبن نەهاتووی بەرهەمەکانی وەردەگرن، چرنیشفسکی پایەیەکی دیاری هەیە لە نێو، نوێنەرانی بەرجەستەی مێژووی رابردووی خەڵکی شورەویدا، سیمای پرشنگداری ئەم فەیلەسووفە پایە بەرزو نووسەرو رەخنەگرە گەورەیە وەکو هەتاو لەمیان ئەستێرە پرشنگدارەکانی ئاسمانی زانستو هونەری جیهاندا هەمیشە دەدرەوشێتەوە.

ناوی پڕ لە شانازی چرنیشفسکی بۆ هەمیشە دەبێتە سەر لەوحەی ئەو ناوانەی کە بوونە هۆی نێوبانگی گەنجینەی کەلتووری میللەتی روس لە جیهاندا

## پەراوێز:

*- ستونی بوغزاندن: شوێنێك بووە کە مەحکومە سیاسییەکانیان وەکو نیشانەی ترۆکردنو دەرکردنیان لە ریزی پەیڕەوانی تزار، لە بەردەمیا ڕادەگرت.

*- لوباتین : زانایەکی سەدەی نۆزدەمی رووسە.

*- دابرالیوبوف: ١٨٣٦- ١٨٦١ نووسەرو رەخنەگری رووس بووەو.

*- لامانوسوف: ١٧١١- ١٧٦٥ زاناو فەیلەسووفی رووس بووە.

*- رادیشچف: ١٧٤٩- ١٨٠٢ زاناو فەیلەسووفی رووس بوووە.

*- گرتسن: ١٨٢١- ١٨٧٠ نووسەرو فەیلەسووفێکی رووس بوووە.

*- بلینسکی: ١٨١١- ١٨٤٨ رەخنەگرو فەیلەسووفێکی رووس بووە.

*- پوریشکوڤیچ: ١٨٧٠- ١٩١٢ موڵکدارێکی گەورەو دژە شۆڕشێکی ناودار بوو کە پاش شۆڕش دەگەڵ سوپای سپیدا دژبە شۆڕش کاری دەکرد.

*- گوچکوڤیچ: ١٨٦٢- ١٩٣٥ بازرگان و موڵکداری گەورەو ڕێبەری باڵی راست و دوژمنی شۆڕش بوو.

*- استرفوە: ١٨٠٥- ١٨٧٠ د پلۆماتێکی بۆرژوازی ئەڵمانی بوو.

*- بلیخانۆف: ١٨٥٦- ١٩١٨ نوێنەری دیاری فەلسەفەی مەتریالی و جاڕدەری مارکسیزم بوو لە رووسیا.

*- لرمانتۆف: ١٨١٤- ١٨٤١ شاعیری ئازادی خوازی رووسیا بوو.

*- گۆگۆل: ١٨٠٩- ١٨٥٢ نووسەری ناوداری رووسیا بوو.

*- نیکراسۆف: ١٨١٢- ١٨٧٨ شاعیری خەڵکی رووسیا بوو.

*- سیمچونۆف: ١٨٢٩- ١٩٠٥ باوکی فیزیۆلۆجی رووسیا بوو.

*- تولستۆی: ١٨٢٨- ١٩١٠ نووسەری بەناوبانگی رووس بوو.

*- کورتەیەکی ژیانی چرنیشفسکی:

*- ساڵی ١٨٢٨ لە ساراتۆف لە دایك بووە.

*- لە ساڵی ١٨٤٤ تا ١٨٤٦ لە "دار العلم" ی ساراتۆف خوێندوویەتی، بۆ یەکەمجار ئاشنای بەرهەمە ئەدەبییەکانی پۆشکین، لرمانتۆف، شیللر، دیکنس، و بەرهەمی فەلسەفی و هونەری بلینسکی و کرتسن بوو.

*- ١٨٤٦ — ١٨٥٠ لە زانستگەی پترسبۆرگ خوێندوویەتی.

*- ١٨٥١- ١٨٥٢ پاش گەڕانەوەی لە پترسبۆرگ وەکو مامۆستای ئەدەبیات لە ئامادەیی ویژەیی ساراتۆفدا دەرسی گوتۆتەوە.

*- لە ١٨٥٣دا دایکی مرد، ئولگاو ڤاسیلۆنای کیژی پزیشکە ناودارەکەی ساراتۆفی خواست، لەگەڵ ژنەکەیدا چوو بۆ پترسبۆرگ لەوێ کەوتە وانە وتنەوە، لەم ماوەیەدا هاوکاری لەگەڵ گۆڤارە پێشکەوتووخوازەکانی وەك: یاداشتەکانی وڵات، هاوچەرخدا، کرد، دوای ماوەیەکی کەم بەڕێوەبردنی بەشی رەخنەی ئەدەبیو سیاسەتی ناوخۆو شیکردنەوەی سیاسەتی نێو نەتەوەیی ئەو گۆڤارانەی پێ سپێردرا.

*- لە ١٨٥٤دا دکتۆرای وەرگرت، بەڵام وەزارەتی کەلتوور رێی نەدا ببێ بە مامۆستای زانستگە.

*- لە ١٨٥٥دا لە ئەنجوومەنی زانستی زانستگەی پترسبۆرگدا موناقەشەی نامەی دکتۆراکەی ( پەیوەندیە ئیستاتیکییەکانی هونەر بە واقیعەوە ) کردو بە پلەی مومتاز دەرچوو.

*- لە ١٨٥٦دا بوو بە سەرۆکی گۆڤاری ( هاوچەرخ ).

*- لە ١٨٥٥- ١٨٦٢ ئەم بەرهەمە فەلسەفیانەی بڵاوکردەوە کە دەوری باڵایان لە گەشەکردنی فەلسەفەی رووسدا هەبووە:

أ/ پێوەندییە ئەستاتیکییەکانی هونەر بە واقیعەوە.

ب/ گۆڕانی ئەدەبیاتی رووس لە سەردەمی گۆگۆلدا.

ج/ لێکۆڵینەوەی ژیان و بەرهەمەکانی لسینگ.

د/ خەباتی چینایەتی فەرەنسا لە سەردەمی لویسی هەژدەو شارلی دەیەم.

ه/ سەرمایەو کار.

و/ شێوازی مرۆڤناسی لە فەلسەفەدا.

ز/ هۆیەکانی دامرکانەوەو رووخانی رۆم.

*- لە ١٨٦٢دا حکومەتی تزار گۆڤاری هاوچەرخی داخستو ودوای مانگێك چرنیشفسك خستە زیندانەوە.

*- لە ١٨٦٢ – ١٨٦٤دا لە زیندانی قەلاَی ( پترۆپاول ) دوو کتێبی (دەبێ چ بکرێ؟)و ( ئالفریف )ی نووسیو مێژووی جیهانی (شلوسر)و مێژووی ئینگلیزی (ماکولی)و مێژووی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ( نوێمان )ی وەرگێرا.

*- لە ١٨٦٤دا بۆ سیبیریا دوور خرایەوە.

*- لە ١٨٦٥دا کرا بە ئەندامی ئە نجوومەنی ئەدەبی ( صرب )

*-لە ١٨٦٥- ١٨٨٢ دا لە مەنفاکانی، کادایا، ئەلکزاندەر، ویلویسکاسیادا دەژیا، لەوێدا رۆمانی: پێشەکی، پێشەکی لە ناو پێشەکی نووسیو چەند دراماو شیعرێکیشی نووسی.

*- لە ١٨٨٣دا لە سیبیریاوە بۆ حاجی ترخان گوێزرایەوە.

*- لە ١٨٨٩ مۆلّەتی گەڕانەوەی بۆ ساراتۆف دراییو دوای ماوەیەکی کەم واتە لە رۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٩دا کۆچی دواییکرد.

## سەرچاوە:

*- فی سبیل الواقعیه/ تالیف البرۆفیسور. ا.لاڤریتسکی..ترجمه: الدکتور جمیل نصیف..مراجعه: الدکتوره: حیاه شراره/ دار الحریه للگباعه/ بغداد/ ١٩٧٤

*- مدخل الی الادب الروسی فی القرن التاسع عشر/ د. حیاه شراره ود. محمد یونس/ الموسسه العربیه للدراسات والنشر/ بیروت/ ١٩٧٨

*- دراسات ادبیه/ الدکتور جلیل کمال الدین/ الموسسه العربیه للدراسات والنشر/ الگبعه الاولی/ بغداد/ ١٩٨٥

*- نویسندگان روس/ به سرپرستی :خشایار دیهیمی/ نشر نی/ چاپ اول: ١٣٧٩

*- رنه ولك/ تاریخ نقد جدید/ جلد چهارم( بخش دوم ) ترجمه: سعید ارباب شیرانی/ انتشارات نیلوفر/ چاپ دوم: پاییز ١٣٨٩

*- ئەودیوی مەرگ/ حەمەکەریم عارف/دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی/ کتێبی ژمارە( ٢٣ )/ چاپی یەکەم/هەولێر( ٢٠٠١ )

*- مێژووی ئەدەبیاتی روسی/ سەعیدی نەفیسی/ و: حەمەکەریم عارف/چاپی یەکەم( ٢٠١٠ )/بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

## فەرهەنگۆك

**ئـا**

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلا ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا : دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خوو پێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئیرەیی : حەسوودی

ئەستێڵ : حەوز

ئیستەرەم : دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا : حەشامات، قەرەباڵغی

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل : کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز : نیوە هەستان

ئەوقات : پارێزەر

ئۆل : ئاین

ئاریشە : کێشە، گرفت

ئاودڕکە : ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیێ

ئەرخایەن : دڵنیا

ب:

باوەژن : زڕدایک، هۆی دایک، باجی

باب : باوک

باڵانما : باڵانوێن، ئاوێنەی باڵاڕوان

بەلەز: خێرا، بە پەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا : هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

بر نجە : جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر( قصدیر )

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە : سەرینی بچووک، گۆشە

بوری : تێپەڕی

بیلبتون : بە تەواوەتی

بەو ئاوایە : بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە : لۆسە

بەستێن : رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە : دارستان، لێر

بەرکۆشە : بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە : ژێر پیاڵە

بۆرەقنە : ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی : بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو : بێزگ، مەگێرانی

بێزگەوان : بێزووکەر

بەلانس : هاوسەنگی

بارتەقا : باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان : باجگر

بەسوێ : بە ژان، بە ئازار

بەردەبار : پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی : نەهەقی

بەیتاڵ : پزیشکی ئاژەڵان

بویەر : رووداو

باژێرۆک : شارۆچکە

باشار : دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی : پێشایی، بەراهی

بەڵەد : شارەزا، رێزان، رێنوێن

بەفرە ژیلکە : بەفری زۆر دەنک ورد

بەلەک : پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف : سەرین، پشتی

بەگەنکردن : پەسندکردن

باندۆر : کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆلکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلامەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شە پۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە : مەترسی، خەتەر
تەبارە: دەغلی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ
تەژەو ناقۆلاً : گەورەو ناشیرین
تاین : یارۆ، فلاَن، ناڤبری
تاژی: سەگی ڕاو، تانجی
تەشقەڵە : گەڕ، بیانوو پێگرتن
تەیرو تو: باڵندەو مەلان
تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن
تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم
تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ، جەمین
تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك
تەختەبەن : تەختە خەو
تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو
تاقەتکردن : شاردنەوە، داکردن
تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن
تیلمە : تیلماسك
تیلاگ: لاسەر
تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو
تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ
تەریدە : رێگر ، چەتە
توولەك: وەرینی مووی لەش
تۆسن: سەرکێش، نا ڕام
تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە
تەمراندن: کوژاندنەوە
تاری : تاریك
تۆماکۆ : تووتن
تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە
<u>ج:</u>
جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ
جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو
جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری
جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە
جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جورنه : حەوزۆکەی گەرماو

جما : جولاّ، بزوا

جڤاکی : کۆمەلاّیەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانه : دووانه، جمك، لفانه

چ :

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆلّ، شۆخ و شەنگ

چینی : جۆرێ سوالّەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام )

چێلّ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە : جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما : بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقلّ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی : فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد : چوغور، چغر، چڕ

چمك : سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو : دروست بوو

چەمووش: سلّ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

ح :

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گالّتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئالّۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

خ :

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

**خشكۆك: دەلال، جوانكیلە، جوان، قەشەنگ**

**خەنەقاندن: خنكاندن ، لە سێدارەدان**

**خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج**

**خا: خات، خاتوون، خانم ، یا**

**خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن**

**خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز**

**خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە**

**خودان: خێو، خاوەن، ساحێب**

**خوڵك: خوڵق**

**خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری**

**خشت: رێك، بێ كەم و زیاد**

**خوبزە: نۆكەر، خزمەتچی، خوڵام**

**خاكی: بێ هەوا، بێ فیز**

**خەرگە : پەڕۆی كۆن و پیس**

**خوابەختەكی: خۆو بەخت، بە هەڵكەوت**

**خەبتین: خەبات كردن**

**خشكۆك: جوان، خشیك**

**خویا: ئاشكرا، دیار ، روون**

**خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر**

**خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز**

**د:**

**داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە**

**دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ**

**دێركەوتن: دواكەوتن**

**دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی**

**دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا**

**دەهری : زۆر توڕە**

**داگەڕان: هاتنە خوارەوە**

**دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی**

**دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان**

**هاژۆتن: لێخوڕین**

**دیدەوانی: ئێشكگرتن ( بە تایبەتی ئێشكی سەر قەلآت و بورجان )**

**داپیرە: دایە گەورە، نەنك**

دەلیڤە : دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریيان : دەست و پێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش : بێ بەزەیی، ستەمكار، دڵڕەق، ڕكوونی

دامە : مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك كوتان

دەڵەكدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی : خوێڕیەتی، بچووكی

دەڵەچە : مەرایی كەر، ماستاوچی

دۆنكی : داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆكنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی : هەڵەهات، رایدەكرد

دەرۆزە : گەدایی، سواڵ

داشۆ: كاكە، براگەورە

دەهری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەكەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانكردن

ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : كووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە : روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك

**رمووده : ئالووده، هۆگر**

**رادەست : خۆ بە دەستەوەدان**

**رەند : مێرخاس، مەرد، پیاوانە**

**رەقیب : نەیار، خەنیم**

**ریسك : مغامەرە**

**ریوەڵە : بچکۆلەی لاواز، بیٚ نموود**

**رۆنیشت : دانیشت**

**رووپامایی : مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی**

**راموسان : ماچ**

**رەهەنە : رەهەندە، عەودالٚ ئاوارە، چۆلگەڕ**

**رەبەن : سەڵت، زوگورت**

**ز:**

**زڕکیژ : کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوە پیارە**

**زێدە : زیادە**

**زەلام : گەورە، ناقۆلاٚو تەژە**

**زار : دەم، دەو**

**زوڕییەت : وەچەو نەوەو نەتیرە**

**زێد : زاگە**

**زاگە : زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن**

**زوخالٚ : رەژوو، خەلٚووز**

**زگڕەش : ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دلٚ**

**زەوجین : زەماوەند**

**زڤڕینەوە : گەڕانەوە**

**زەیسان : زەیستان، ژنی تازە زاو**

**زەیەوان : زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان**

**زرانی : ئەژنۆ**

**زارۆك : بچیکان ، مندالاٚن**

**ژ:**

**ژێوان : پەشیمان**

**ژارخەن : پێکەنینی ژەهراوی**

**ژارۆ : داماو، فەقیر، بەسەزمان**

**ژنەوتن : بیستن، ژنەفتن**

**س:**

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپلە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

ستێران: ئەستێران

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل: پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەپیور: بۆقی، کەرەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسک، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە : کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەڕۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەڕەز، سڵ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەنگاوی قامیشەلان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەلاتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلاَیی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە : تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، كلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کووڕ، پشت کۆم

ك:

کوت ومت: دەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کولکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە رێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی
کامکردن: نەوس تکان
کەزی: پرچ، زڵف
کلاّوخود: کلاّوی ئاسنینی شەڕڤان
کەرب: رق و کینە
کان: مەعدەن
کێوستان، کۆسار، کۆجاڕ
کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە
کەمدوو: کەم قسە
کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان
کەوی: ماڵی، دەستەمۆ
کەڤر: بەرد
کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ
کێشکچی: پاسەوان، نیگابان
کۆ: سڵ، سڵکردنەوە
کەپوو: لووت، دفن
کارگە: وەرشە
کەرپووچ: خشتی سوورەوەکراو
کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش
کەودەن: گەوج
کاژستان: بێشەی دارکاژان
کرێت: ناشیرین، کاری خراپ
کەتواری: ریالیستی، واقیعی
کەوشەن: مەرز، سنوور، ئاقار، تخووب
کنوکۆ: چوونە بنج و بناوان، تۆژینەوە
گ:
گۆساخ: چاوقایم، رووقایم
گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر
گورزە: باقەی گەورە
گەرەکمە: دەمەوێ، دەخوازم
گەمە: یاری، وازی، کایە
گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا
گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن : بانگکردن

گۆرین : یارۆ، ناڤبری

گوند : دێ، ئاوایی

گومناو : ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قوله پێ

گەلۆز: ناولینگ

گول : گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکه

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئالۆز

گەنگەشە : موناقەشە

گووراو : موخلووق

گووفەك : زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی : بانگکردن

گرۆز: وڕکن

گلکۆ: گۆڕ، ئارامگە

ل :

له کەیفان : له خۆشیان

له بیلادەوە : له ئیجادەوە، له بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلان

لا پرەسەن : فزولْ، فزوڵی

لۆسه : باری

لەزگ بوو : خەریك بوو، وەخت بوو

لێ : بەڵام

لێبڕا : بڕیاری دا

لۆسه : باریه

لاق : قاچ، لنگ

لەزکرن : خێراکردن، پەلەکردن

لایده : بێگانه

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشه، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین :رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ، پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، ەلا

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : كەوچك ، كەچك

مینا، میناك: وەك، وەكو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەكتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەلاقان

مەژی : مێشك

<u>ن:</u>

نەزاكەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نە یجەزار: قامیشەلان

نسیبەت: بەلا

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر كەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاكەت : لوتف و ئەدەب

نك : كن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد نیوداشت: نە كۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووكە، نهوو

ناڤسالْ : میانە سالْ

نووكە : هەنووكە ، نهو، نها، ئیستا

<u>و:</u>

وەمێنیٚ: بمێنێتەوە

وەكرد: كردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : كراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم : دەدەمێ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جارێ پتر کێڵان

وەردیان : زیندانەوان

وەشا نخانە : بڵاوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بڵاوکەرەوە، ناشر

وڕاوە : وڕێنە

ودم :مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

**ه:**

هانکە هانك : هەناسە برکێ

هەژگ : لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیف : هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر : جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان : هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم : سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش : زەندەق، زراو

هەنووکە : ئیستا، نها، نهوو

هۆشن : بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی : کێوی، وەحشی

هۆدە : ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

**هەرەت : تاف**

**هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم**

**هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ**

**هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ**

**هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا**

**هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا**

**هاوكوف :دوو كەسی لە یەك ئاستی كۆمەلاّیەتی**

**هاودەستی :هاوبەش لە كەین و بەینان**

**هەیڤۆك : هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە**

**هێورین : حەوانەوە**

**هاماج : ئۆتمۆسفیر**

**هەیڤە شەو : مانگەشەو**

**هەلاّوێردن : جیاكرنەوە**

**هاتە وەشاندن ، بلاّوكرایەوە**

**ی:**

**یالێ : تووكی سەر ملی شێرو یەكسم**

**یەكهاوی : یەكجۆر، یەكدەست، بێگۆڕان**

**یارۆ : فلاّن**

**یاتاخ : پێخەف ، نوێن**

**یەختە : خەسێنراو، گون دەرهێنراو**

**یونیفۆرم : جلكی فەرمی یەكچەشن**

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی ( هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو ) کە لە ژمارە ( ١٧٠ ) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

*- جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*- لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠ ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان ڕزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨، چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم ( ١٩٩٩ ) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم، ٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەق ورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوک
٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوک
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١( )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، پاول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی مالتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حالی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر. چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوللائەلبوسێری..

٤٣- منداڵه دارینه، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییه؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانه بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆفسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزم ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١

٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوک
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم( )
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، رۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، رۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفە نمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منداڵانی کورد
٩٦- الرحیل الدامی...تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- کڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ منداڵان
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی
١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی.......کەمال کارا عەلی ئۆغڵو
١٠٥- ئەودیوی مەرگ......حەمەکەریم عارف/ چ١/٢٠٠١ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
١٠٦- دیوار............کۆمەڵە چیرۆك/ چەند نووسەرێکی جیهانی/ چ١/٢٠١٣ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
١٠٧- کانییە قارەمان/ کۆچیرۆك بۆ منداڵان/ حەمەەریم عارف
١٠٨- کۆکۆرۆ............رومان..........ناتسومی سوسکی
١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف//پێشەکی و پچڤەی حەمەکەریم عارف

* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێران) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...